یادەوەری

# لە ناوزەنگەوە لۆ بابەگوڕگوڕ

کەریم کاکە

هەولێر- ٢٠١٨

کتێب : لە ناوزەنگەوە لۆ بابەگوڕگوڕ

بابەت : یادەوەری

نووسەر : کەریم کاکە

نەخشەکار و بەرگ : سەرکەوت وەلی

تابلۆی بەرگ : قەرەنی جەمیل- ١٩٧٦

نۆبەتی چاپ : یەکەم- ٢٠١٨

تیراژ : ١٠٠٠ دانە

بایی : ٥٠٠٠ دینار

لە بەرکی نووسەر چاپکراوە

له ناوزەنگەوە لۆ بابەگوڕگوڕ، یادەوەری پێشمەرگەیەکی سادەیە، بە زمانی ئەدەب، بیست و حەفت ڕۆژ (٥ تا ٣١)ی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دەگێڕێتەوە، ئەوەی بە چاوی خۆی بینیویەتی.

# له ناوزەنگەوە لۆ بابەگوڕگوڕ

**ناوزەنگ،**

**بمێنی بەخێر...**

ساڵ هێشتا لە رەشەمێیە، قەندیل دوو هەفتە پتری ماوە لێوی بۆ خاکەلێوە بکاتەوە، پشیلەکانی ناوزەنگ بە با هاتوون و پێشمەرگەی بە کێو کەوتوو بە دیاریانەوە جغارەی رەبەنی دەپێچنەوە، بەری قەندیل هەرچەندە بەر رۆژە، لێ بەفرگرە و لە دیدەی منەوە لە بەری نسێی مامەندە سپیترە، چاودێ، سپی دەچێتەوە، وا زوو رەشنابێتەوە، لێ وێدەچێ لە کێوە رەش بەودیوەوە، دیوی گەرمێنێ، ئادار داهاتبێ و گەیشتبێتە وەرزی راپەڕینێ.

+لە کورد خەنی، رانیە ئازادە .

-یەکی نیسان هێشتا زۆری ماوە!

+درۆ نیە.

درۆ نەبوو، درەنگ باوەڕمکرد، تۆش لە جێی من بایت، وا زوو باوەڕت نەدەهات، ئاخر بە بیری کێدا دەهات، شارۆچکەیێ لەهیکڕا هەستێ و بەعس راونێ؟ ئەو رۆژە بە زۆر خۆمان گرت، لە سەر ئاو و ئاگرین، سبەی لەگەڵ گەردوگوڵی بەیانی، مالاوا

ناوزەنگ، ناوزەنگی هەواری ناوە ناوەی پێشمەرگە، ناوزەنگی دوو ساڵ و وەرزێکی من، رانیە، خۆ بگرە هاتین، مینا تاوێری لە هەڵدێر غلۆربۆوە هاتین، بمانگرەوە.

هاتین، دەستەی ئێمە، سی، چلێ دەبین، ئا، لەو دەورە، سەردەستەمان کێیە؟ کانەبی گەورە، ئەو پیاوەی بە لاقی پڕ پلاتینەوە بە ناو هەزار شەڕدا هاتووە، شەڕی دوو دەوڵەت، عێراق و ئێرانی کردووە، هاتین، لە بازاڕی سونێ، ئەو بازاڕەی سەری هارومـاری لێبوو، ئەوەی تومەنی هەبوو، بە دیناری گۆڕی، من پێشتر گۆڕیبووم، ئاخر ئێمە دەستەیەکی شەش حەفت کەسی، هەرێ وا بوو پێش رەشەمێ، لە دواداویی رێبەندانێ بە دوای مام جوامێردا بێینە خوارێ، ئەو مامەش جوامێری ناو شەڕەکانە، ئەگەر گومانت هەیە، بە زمانی ئاو لە هەردوو بەری زێی گچکە بپرسە، بۆیە کۆڵەپشتم دەمێکە لە پشتە، پڕ لە قەسپ و دوو قۆدی گۆشتە، لە کتێب و پەڕە کاخەز، هەرچیم هەبوو، لەوێم جێهێشت، دەفتەری شیعریی خۆم بە (کوردۆ)یەک سپارد، بەڵام ناڵەی جودایی، ئەوەی دۆڵەرەقە و کونە کۆتر چاویان لێبوو، ئەنفالیش نەیتوانی لێم جودا بکاتەوە، لێم جودانەبۆتەوە و ئەوەتا لە ناو کۆڵەپشتە و دەیلێمەوە:

**ئەی ئەوانەی قەت لەبیرم ناچنەوە**

**ئێستە بمبینن، ئەرێ دەمناسنەوە؟**

ئێمە دەبوو ئێستا لە هەورێ و سەفین و خۆشناوەتی باین، بە دیار ئەستێرەوە نا، بە دیار روونـاهیی شـەقڵاوەوە رۆژمـان کردباوە، لێ نازانم بۆ، بە ئەورۆ نا سبەی، رایانگرتین و رێی بە ئاقاری شار کەوتنەوەیان لێگرتین.

پەلەمـــانە، بە گورگەلـــۆقە رێـــدەکەین، رێ دوورە و لە بەر ناچێ، دەڵێی دەچینە شایی و داوەتـێ، دەڵێـین: زوو نەگەینـێ لە دەستدەچێ.

دەنگێک هەر لە دەنگی هاژەی رووبار دەچێ، رەنـگە مـلازم شێرزاد بێ، دەڵێ:

دەبێـت زوو بگەینـێ، بگەیـنە دەربەنـدێ، بەر لەوەی سـوپا دەوری بگرێ و پەلاماری بدات.

هەر شێرزاد بوو روو لە من:

هەر گوتت:

پۆلێ گوڵەستێرە هەڵنایەن

به کۆنە سەنگەرێ بکەومەوە...

ئەوەتا هەڵات و بە خۆشتی تێدای.

بیرمە لەوێ ،هاورێ نازانم کێ بوو، ئـاورێکی دایەوە، روو لە دۆڵی ناوزەنگ و زەلێ، روو لە بەری مامەندە و قەندیلێ، گۆتی:

بمێنن بەخێر، لە جامی فرۆکەوەش نامەوێ بتانبینمەوە.

گۆتم:

هێنــدە دڵخــۆش مەبە، رەنــگە ســبەی دووەی مەمنوونیــان بینەوە.

گۆتی:

وای، تۆ چەند رەشبینی.

ئەو کورە راستی گۆ، رەشبینیم لێنابێتەوە، مـن لە ناوزەنـگ راهاتبووم، ئەو دوو سـێ جـارەی  بە سـەردان دەچـوومە دیـوی رۆژهەڵات، خواخـــوام بـــوو زووی بـــۆی بگەرێـــمەوە، بەڵام لەو ماڵاواییە وەک بڵێی دڵم پێـوەی نەبـوو، رەنـگە بە هـۆی بـانگی ئازادیەوە بووبێت، یان دڵم تریواندبی کە زوو بۆی دەگەرێمەوە.

## بە پێی با

## بە ڕێی مەرگا

ئـێ، بەر لە گەیشـتن بە دەربەنـدی دەروازە، بـا کەمـێ ئەو ڕێیە نیشانبدەمەوە، ڕێی سونێ – دەربەنـد، ئەو ڕێـیە بەر لەوڕۆ ڕێـی مەرگ بـوو، ڕێـوی بەو هەمـوو فرتـوفێڵەوە نەیـوێراوە لێـی بپەڕێتەوە، مەل بۆ چینەیێ مردبێ، لەو دەو ڕێیە نەنیشتۆتەوە، دەزانی بەغدا چ لەشکرێکی دڕنـدەی دڕی بەو نـاوە وەرکردبـوو، تەقەیان لە سـێبەری هەور و قاسـپەی کەویـش دەکـرد، خـۆ دوا بـازگە، بـازگەی تخـووب، ڕێـی بـای نەدەدا تێـپەڕێ، تەقەی لەو پەلە هەور و پۆلە باڵدارەش دەکرد کە لە ئاسمانەوە سـنووریان دەبڕی، ئەو ڕێیە لە خۆوە ناوی ڕێی مەرگ نەبوو.

هەوکە ئێـرە، ئەو ڕێــی مەرگە، ڕێــی پــژدەر و مەرگە و ئەو ناوە، بۆتە ڕێی کاروانی پێشمەرگە، کەس تێنەگەیـی لە شـەو و ڕۆژێ، لەشـکری بەغـدا، داخـوا دەشـتی پـژدەر قـووتی دا، یـان دوندی مامەندە هەڵیکێشا، نابینیەوە، بۆ ناسینەوەش سـەربازێ نابینیەوە، من دەمێکە سەربازی عێراقیم لە نزیکەوە نەدیوە، تۆ بڵێی سەروسەکوتیان لە شێوەی جاری جاران بێ!

رێ چۆل و هۆله، هاتین، له کێوەکانەوە زرم و هۆڕی تۆپان دێ، چتۆ زرم و هۆڕێ! رێک له هاوینی ئەو ساڵەی ئەنفال دەچێ، بەڵام وێدەچێ ئەو جاره له ترسەوه بێ و سەری خۆیان تیابچێ، ئەو هاوینه دەڵێم که ئەنفال وڵاتی کوردی، گوند گوند له زیل بارکرد و بردی، منیشی له هەورێوه هەڵدایه سەری قەندیلێ، له کونەکۆتری سەر رێ، نێوان من و مەرگ هەندە نەبوو، به تۆپزی ئەو قەیتانەی پێوەدەچوو که ناو لوولەی تفەنگم پێخاوێندەکردەوە.

دەست له سەر تفەنگ هاتین، ئاقاری دوبێ و جۆلانێ و ئەو گوندانەمان بڕی، که له ژیاندا تەنێ ناویان مابوو، بەر لەوەی سواری عارەبانەی تراکۆتر بین، خۆ به ترومبێلەوە بکەین، رەنگه لەو دیوەی دێی خواران بووبێ، تۆپێ له زۆر دوورەوە هات، زۆر له نزیکه مه له کەسکایی و تەڕایی مێرگێ کەوتەوە، بیرم نیه تەقیەوە یان نا، لێ باشم بیره باش له قوڕاوی وەردراین، ئەوەشم بیردێتەوە له هەرکەوێ که مەسینه ئاوێکی پتر گلدابۆوه، دەست و چاوم جوان شووشت.

له رۆیشتنێ گەرمین و تۆپ ساردمان ناکاتەوە، رانیه به سێ دەنگا گازمان دەکات.

## قەڵادزێ

### گۆڕستانێ بە پێوە

ئەهـا، ئێرێهـێ وێـدەچێ قەڵادزێ بـێ، پێشـترێ دوو جـارم دیبـوو، جـارا ئێکـێ، لە نـزیکەوە و بەر لە بـارکردن، سـاڵی هەشـتاو شـتێ، هەینـێ کەسـک کەسـک، تەڕ تەڕ، لە نێـرینەی بەهارێ هەناسەی دەدا، جارا دووێ، لە دوورەوە و دوای ئەنفال و لە هـاوینی تەقانـدنەوە، ئەو هـاوینەی لە سـەری چەکـوچ و سادری قەندیلەوە، لە دووربینەوە تۆز و خۆڵی مردنـی قەلادزێـم دی، هاواری مردنی ویم، لەتەقینەوەی خۆیەوە بیسـت، لەوێـوە، لە داری دووربیـنەوە دیـم، بەغـدا چ هێرەیەکـی بەو شـارەدێیەی پڕدەری ژیان تێدانەماو کرد.

ئێستا کەس باوەڕ ناکات، رۆژگارێ ئێرە ئاوەدانی و شارەدێ بووبێت، تەخت تەخت، لادیـوارێکی بە پێـوە نەمـاوە، خشـتێکی ساغ نـیە، دارتێلێکـی قیـت نـابینیەوە، مەگەر بە گۆڕسـتانەکەی بزانی سەردەمانێ لەو نزیکانە، ئاوایی هەبـووە، بنیـادەم ژیـاوە، قەڵادزێ تەنها گۆڕستانەکەی بەپێوە مابوو، من لەوێ دڵی خـۆم

بەو گژوگیایە دایەوە کە لە کەلێنی خشتی بە خاکەوە نووساو، مزگێنی هاتنی خاکەلێوەیان بە بینایی دەدا.

لەوێ، لە دەو ئەو چەمەی سەردەمانێ قەڵادزێی زیندووی ئاودەدا، تۆپێ، دوورنیە لە بڵندایی مامەندەوە هاوێژرابێ، لە رۆخ جادە، لە پێش ترومبێلێ مە ئاگری کردەوە، روومەتم گەرمایی ساچمەی گەیشتێ، جەمەدانیە سۆرەکەم کە لە ملم ئاڵاندبوو، کونی تێبوو، دڵمان خۆشە، کەس خوێن لە کەپووی نەهات، رانیە بانگماندەکات، نەک تۆپ مووشەکی حوسێن و عەباسیش نامانگێڕێتەوە.

سڵاو کێوەڕەش، ئەو کێوەی وێدەچێ خۆری ئازادیت لێوە هەڵبێ، تۆ گزنگی ئازادیت بەو دیودا پەخش کرد، سڵاو ئەو کێوەی من لە سەری قەندیلەوە، لە دوای ئەنفالەوە خەونم بەو دیوی تۆوە، دیوی شار و ئاواییەوە دەبینی.

## گزنگی ئازادی

ئێــره دەربەنــدە، ئەو دەربەنــدەی تــا دوێنــی لە منــی بە کێوکەوتــوو، لە دەوی دێــو دەچــوو، لە خەونــیش نەدەوێــرام لەو دەربەندە بدەم، ئەو دەربەندەی هەر هێندەم لە دەستدەهات، لە سەری قەندیلەوە، لە دووربینەوە لێت بڕوانم و نـزا بـکەم، ڕۆژێ بـێ، بە ڕوومـدا بکـرێیتەوە، ئێسـتا وا لەو دەربەنـدەوە، ئەگەر چاوم ڕێشکە و پێشـکەی نەکردبـێ، گزنگـی ئـازادی وا هەڵـدێ، گزنگی ئازادیم دی.

لە دەربەنـدێ ئـاودیوبووین، بە کەمـێ ترسـەوە پـێم خسـتە دیوی ئاوایی ئازادی، دەتگوت لە خەون بەربوومەتەوە، تـۆش لە جێی من بایت، لەگین بوو بڵێی:

خوداوەندی خەون، لەو خەوەم مەکە.

شــاری ئــازادم نەدیتبــوو، نە لەو دیــو، نە لەم دیــو، لە خەونیش نەمدیتبوو، مەگەر لە خەیـاڵ، تەنـێ لە خەیـاڵ شـاری بێ داگیرکاریی ڕۆم و عەجەم و ئـارەو هەبـوو، بـۆیێ بـاوەڕم بە چاوی خۆم نەدەکرد، ئەوەتا لە شارۆچکەیەکم ئـازاد لە (ولەک

تەعال و ئیمشی و جیب هەویتەک..) و ئەو هەڕوگیفانە، ئیدی ئازادە و دەنگی بەعسە ئیزرائیلی تێدا نایە.

ئەدی ئاوەدانی و کۆڵان و جادە! دەزانن من لە کەینێوە، کێویی بە کێوەوەم!دوور لە ئاوایی، لە سنوورەوە تا ئێرە، جگە لە شێنێ، گوندێ بە پێوە نەماوە، زوو لە سەری قەندیلەوە دڵم بە رووناکایی قەڵادزێ خۆش بوو، ئەو ساڵە بە بەر چاومەوە باریان کرد و کوژاندیانەوە و لە گەرووی ژیان ئاوا بوو، دوور بە دووری چەند فیشەکێکمان بە جاش و لەشکری ئەنفالەوە نا، بەڵام بە چی چوو!

پێشترێ، سێ چوار جارێ، رانیەم دیبوو، دڵگیر و دڵنشین بوو، وێدەچێ چەند رستەیەکی دڵدار رانیەی لە دڵێ من پتر شیرین کردبووبێت، ئاخر شاعیری ئەی رەقیب، دڵی بەو شارە دەکرایەوە، لە یادەوەریەکانیدا هێند شیرین باسی دەکات، تۆ هەست بە تامەکەی دەکەیت.

## رانیە

### بەرایی ئاوەدانی، بەرایی ئازادی

ئێـرە رانـیەیە، رانـیەی ئـازاد، دەمـێکە لە نێـوان شـێنێ و شـاری ئـازاد کە جێـی چەنـدان شـاری لێـدەبێتەوە، جـگە لە سەربازی عارەب و جاشی کوردەواری، کاروانی قاچاخچی و دوو سێ دەستە پێشمەرگە و هەندێ تەتەر، بنیادەمێک نـابینیەوە، ئێستا ئێرە بەرایی ئاوەدانیە بەرەو ئازادی.

ژنێکی پانوپۆڕی، بسک شۆڕی، سپی و سۆری گەردن پـڕ مەرجان و مۆری، لە سەرە کۆڵانی مزگەفتێ، ئەو مـزگەفتەی کە شار بانگی ئازادیی لێوە رادەدێرا، پێشی پێگرتین:

هیـــزە، تـــا زووە بـــڕۆن کـــۆیێ و دووکـــان و ئەو جێیـــانە ئـــازادبکەن، دەنـــا ئەو ســـەدامە گـــوێ رەشـــە بە پێخواســـی بە کێوەڕەشمان دێخێ.

پێشـمەرگە دەسـتە دەسـتە لە دەربەنـدەوە دەڕژێـنە رانـیەی ئازادەوە، جاشیش رەوە رەوە تێکەڵبوون و خۆیان تێـدا بزرکـرد و (وا هـــاتن پێشـــمەرگێت مە)یـــان لە پێشـــمەرگە جـــوانتر دەگۆتەوە، بە دەنگ نا، بەڵام بە رەنگ تەنێ کەسی قەندیلـدیتە

دەیانناسنەوە، ئەها، رانیە لە سەری دەڕژێ، سەریکرد و پێل دەدا.

من خەیاڵم هەر لای بڵندگۆی مزگەفتە، لە لای رادیۆی شارە.

لە شێوەی سەردەمی پێش ئەنفال، سەردەمی گوند و ئاوایی، بە سەر ماڵاندا دابەش بووین، لەگەڵ سێ چوارێکیدی بەر ماڵە کۆمەنیستێ کەوتین، کوڕەکەیان رەنگە رزگاری ناو بووبێ، لە خزمەتمان لە سەر یەک پێ راوەستاوە، بە چاوێ لێمان دەڕوانێ وەک بڵێی لە ئاسمانەوە بەربووبینەوە، کچەکەیان لە خوشک شیرنتر مێوانداری کردین.

خەیاڵم لای دەنگی مزگەفت و رادیۆی شارە.

لە کۆڵەپشتەکەم پەڕە کاخەزێکم دەرهێنا، لە پێنووسەوە دە دوازدە دێری شۆڕشاوی رژا، (ئاشتی)یش دوو سێیەکی بۆ زیاد کرد، ناردم، رەنگە رەنجاو یان کەسێکی لەوچوو، خوێندبێتیەوە، جوانی خوێندەوە، شێرزاد یان بڵێم شاگردەکەی فەهد کە گوێی لێبوو، خۆی پێڕا نەگیرا و چاوی پڕ بوو لە فرمێسک و روو لە من:

چەنـــد حەزدەکەم مـــن شـــەهید بـــم و تـــۆ بەو رســـتانە بملاوێنیەوە.

شـــێرزاد، بـــا بڵـــێم زادەی شـــێر، حەزەکەی لە بـــن گـــڕی بـــابەگوڕگوڕ دێـــتە دی! دواتـــر لە (خەوی پســـاوەی قەنـــدیل) لە شێوەی گیڤارا زیندوودەبێتەوە، لە (گوڵەستێرەکان کـوژانەوە)ش لە گوڵەستێرە گەشتر دەگەشێتەوە.

ئەو شـــەوە لە ئـــامێزی پـــڕ ســـۆزی مـــاڵە مێواندۆســـتەکە بـــێ ئێشکگری و نهێنیی شـــەو رۆژمـــان کـــردەوە، ســـەرمان بە بـــالیفی پەڕەمووچە و دۆشەکی ناواخن لۆکە شادبوونەوە، کێ لەبیریەتی لە کەیەوە، رایەخ تاتەبەرد و چرووە، سەرین کۆڵەپشت؟ هێشتا کانی عاشقان عەشقی لەبەر دەڕۆیی، پێشمەرگە لە کانی شیلانە مەتارەیـــان پڕدەکـــردەوە و بە ســـەفیندا هەڵـــدەگەڕان، هێشـــتا بالیســـان بینـــایی نەڕژابـــووە چەمەوە و لە پەلە هەوری زگپـــڕی ئاســـمانی هەورێـــوە، رەژگـــوڵ ئاســـا بـــۆ ژیـــانی دەڕوانـــی، هێشـــتا گەرمیـــان ئـــایەتی ئەنفـــالی بـــۆ دانەبەزیبـــوو، قەراج لە ســـەری قەرەچووغەوە بریسکەی گوڵەستێرەی دەدی، یەکماڵە دەیگۆ:

گارەم لە پشتە، دەستی ئەنفال نامگاتێ.

ئەوشۆ لە شاری ئازاد، ئەگەر خۆشی لێگەڕێ، لە ناو نـوێنی نەرم و گەرم رەنگە بچمە خەوێکی قووڵ قووڵتر لە هی پیاوانی ئەشکەفت.

لە سـەر جـێ رسـتەیەک وازم لێنـاهێنێ، ئەو رسـتەیەی کە دوای بیستنی هەواڵەکە لە خۆوە بۆم هات و بۆخۆمم دەگۆتەوە:

یەکەم دەنگـــدانەوەی کێوەڕەشـــی ســـەرکەش لە منـــارەی چۆلیەوە دەنگیدایەوە.

هەواڵەکە ســــەرهەڵدانەکەی ئەوڕۆی هەولێـــرە، ئەوەی بە گۆتەی گۆتیاری: کۆمەڵێ کۆمەنیست و چەپ و دۆستانیان، لە لای باخی شارەوە رێکیانخستبوو.

سەرهەڵدانەکە سەرینەگرت، ئاگر و ئاسنی بە سەردا بـاری، لێ وەک دەڵێن:

قەڵات لە رێی منارەوە بە گەڕەک گەڕەکی گەیاندووە، ئیدی شار ترس و حوکمەتیش چاوی شکاوە.

بیرماننەچێ، پێش هەموو جێ، سەرهەڵدان لە کەڵەکـێ، لە ئـــاوایی زۆرەملێـــی ئەوێ، بەری زێـــی گەورە ســـەریهەڵدا، کە

قەڵادزێیی و دیبەگەیی بارکراوی لەوێ کەوتوو، پێشەنگ بوون و سەر و شەهیدیشیان دا.

ئێ، وا باشە لەو جێیە گەرم و نەرمە چاوێ گەرمبکەم، کێ دەزانێ سبەی چ دەقەومێ، هەر خۆشی نا، ناخۆشییش بە خەیاڵدا دێ، قسەی ژن بسکشۆڕەکەم بیردەکەوێتەوە:

بە پێخواسی هەڵگەران بە کێوەرەشا!

ئەدی کیمیا! زۆر کەس دەستیان لە سەر دڵیان بوو، برژانگیان بە ئاسمانەوە گرێدابوو، هەوکە نا دەمێکیدی، دە دوازدە باڵەفڕی بەغدایێ بە سەر کێوەڕەشدا کەپرۆکە دەکەن و ئێرەش بە دەردی هەڵەبجە دەبەن، بەغدا تۆڵەی سەردەرێ و بەردەرێ دەکاتەوە، لێشاو دێنێ و خوێن بە خوێن دەشواتەوە.

باش بوو لەو دەمە کەس ژاری زاری جاشاغای گەورەی کۆییێ نەبیستبوو، ئەگەرنا ترسەکە دە قات دەبۆوە، ئەوەی بە گۆتەی گۆتیاری بە حوکمەتی گۆتبوو:

لێشاوی کوردە بۆرە بە کیمیا نەبێ، بەری پێناگیرێ.

لە باوەشی خەونێکی خۆشەوە بەربوومەوە سەر دۆشەکی ئاگایی، بە دەم نان خواردنەوە، خەونەکەم بۆ خۆم دەگێڕایەوە،

نیشـانی خـۆمم دەدایەوە، بـۆوەی لەبیـرمنەچێتەوە، جـارێ لە خەونەکە گەڕێ، لە بن هەیبەسوڵتان بۆتان دەگێڕمەوە.

تۆ ببینە بە شەو و ڕۆژێ چ گۆڕانێ بە سەر دنیـا، بە سـەر منـدا دێ، ئەها ((پیـاوانە)) دانیشـتووم و چـایەو ماسـتم دێـتە پێشێ، تا دوێنێ کوا وابوو؟ بە دەستی خۆت تێتـدەکرد، ئەهـا چـایە لە پیـاڵەی خەتخەتـی بنپیـاڵە گوڵگـوڵی، تـا دوێنـێ کـوا وابوو؟ لە شووشە و بنە مەتارە چامان دەخواردەوە.

ئەدی نانی تیـری، لەگەڵ ماسـتی بزنـی بیتـوێن و پـژدەری؟ لەو ماڵەی شارۆچکەی ئازاد، هەموو شت، ئاویش تامی ئـازادیی دەدا، ماڵاوا ماڵی مێوانـداری، شـارێ ماڵـت لـێ بکەوێـتەوە، تـا تامی مەرگ دەکەم، ئەمەکدار دەمێنمەوە.

ئێ، چ باسوخواسە؟ لە قسان، حاجیـاوە و ئەو دەورو بەرە، خـڕی ئـازادە و حکـومەت لەو نـاوە لە خـۆی ریـاوە و نەمـاوە، ئێستا هەرچـی چەکـدارە لە بەرەی گەلە و وەک بڵێـی بابەلبـاب پێشـمەرگەن و ئەوڕۆ لە قەنـدیل و نـاوزەنگەوە لەگەڵ ئەو پەلە هەورە دابەزیون، ئەها، زگ لەو دونـدەی کێـوەرەش دەخشـێنێ، بە چاوی من چاودێ، شێوەی سەری ئەسپی سەگلاویی گرتـووە و لەگژە بحیلێنێ.

ئەو شـارە ورد و درشـتی چەکـدارە، ئەهـا، بەرێ خـۆدە ئەو ژنە سەر بە فۆتە، تفەنگی لە شان و گەسک لە دەسـتە، چـاوی لە ئاسـمانە و بەر دەرگـا گەسـکدەدا، چـاودە، ئەو مێـرە کـالە، مانــدوو مــردوو، لاکەی لێــوەدێ، کەچــی ئەوچەکە قورســـە کە کێشــی خــۆی هەیە، لە شــان ناکــاتەوە، ئەهــا ئەو منــداڵە... ئەها ...

رانیە چەکدارە و لە بارەگایەکی گەورە دەکا، لوولەی تفەنـگ ڕێ بە ڕێبوار نادا.

لە سەرە کۆڵانی ژنە گەسکدەرە چەکدارەکە، گرتەیێ هەیە، حەز بە نیشاندانەوی دەکەم:

پیاوێ لە تەمەنی هەینێی بابم دەبوو، لە سیماش کەمـێ لەو دەچوو، دەست لە سەر مشتووی خەنجەری بەر پشـتێن، چـاوی لە چاوم بڕی و ڕێک و ڕێک بۆم هات، ئای، نیازی چیە؟ بیـر و دەستم بۆ کلاشینکۆف چوون:

کوڕە عەودوڵـ ...... ئەوە تۆی؟

بیرمنەمــاوە چ عەودوڵێکــی گـوت، باوەشــی پێمـداکرد، لەو دەمە خۆزیام خواست عەودوڵەکەی ئەو پیاوە بام، تا دڵشاد بـا و دڵسـاردم نەکردبـاوە، حەیـف هەو نەبـووم! لە زاری خـۆیەوە

پێکەوتم کە عەودوڵەکەی، چوار پێنج ساڵێ دەبێ بۆتە بەردی بن گۆمێ، خەنجەرەکەشی دوای حەڤدە ساڵ زیندانی لەحەوشەی ماڵێ، لە بن خۆڵێ، لەگەڵ ئازادیی شار ئازادبووە.

نزام بۆ پیاوی عەودوڵ... بزربوو کرد، بە مرازی خۆی شاد بێ، نازانم کام هاوڕێ بوو گوتی:

ئەو پیاوە ئەگەر شێت نەبێ، هێڕە، دەنا لەو دنیایە کەس هەیە بە تۆ بچێ؟!

پەکوو! تۆ بڵێی بە کەس نەچم! هەر لەو ناوە، پیاوێ نزانم نە دینە، نە بۆی دەچێتە سەر و خۆی دین کردووە، دۆخین بادەدا و لە بەر خۆوە:

**مانگەشەو سەر لە ئێوارە دیارە**

**منداڵیش نەژی لە گوویڕا دیارە.**

**هی من بە فسێی ئەوشارە، لێتان دیارە؟**

باشە، بۆ بە (دیارە)ی گرتووە؟ تۆ بڵێی مەبەستی ئازادی بێ! خۆ منیش هەستدەکەم ئەو دەڤەرە تا هەڵدەگرێ بێ سەروبەرە، هێزێکی ترسناکی بێ ناو لە جوولەیە، دواتر بە هێزی (پاتار) ناوی رۆیی، دەتگوت تیراوەیە لە ناوزەنگەوە تا

بــابەگۆڕگۆڕی گــرتەوە، بەڵام بە خــۆم دەڵــێم، نــا، ئــازادی لە دەستپێکا ڕەنگە هەر بەو شێوەیە بێ، سەرەدەری لێدەرناکەم.

## مژدانە

### لە کێوەڕەشەوە...

شارۆچکە مشتە و مستێکیدی ناگرێ، ئەها، لە سەری دەڕژێ، وا سەر دەکات و مل بە شارانەوە دەنێ، هەیبەسوڵتانی رەشچۆوە لە سەرباز و جاش، وا هاتین، بە بن ئەو پەلە هەورانەدا هاتین، دەڵێی میگەلە مەڕن، بای گەرمیانێ رایداون، پێچەوانەی مە، سەرەو کوێستانێ.

چاودەنێ، لێرە، لەو رێوابانە، فڕکان فڕکانە، هەر شتێ بۆنی حوکمەتی لێبێ، ئەگەر هەڵنەگیرێ و بارنەکرێ، چارەنووسی شکان و سووتانە.

جاش، وای لە جاش، نەفرەتی قەندیل لە جاش، مەگەر بەرە! دەنا سەدامیش سەری لە جاش دەرناچێ، چاو چاو، بەم دیودا بەگەڵ تۆ کەوتووە، هاتۆتە مەتەرێزی گەل و شەرەف و شەڕی بەغدا دەکات، بەو دیودا هێشتا لە ناو گەڵە و تۆپی بەغدات پێوەدەنێ.

جاشی بەرێ، جاشی بەری بیتوێن و مەرگە و پژدەرێ، هی هەموو جێ، لە خەڵک و پێشمەرگە کۆڵدارترن، لە کوشتن و خوێنڕشتن زۆر رشتن، هەندێ لەو جاشانە چ هێرەیەکیان بە

وەلەکە عارەبان کرد، دەستیان نەدەپاراست، پێڕەوی گۆتەی (پەرێز پاکی)یان دەکرد، ئاگریان لە فەرمانگەی میری بەردەدا و نەیاندەهێشت پەڕەتیرێ دەربچێ، چەندی سەرم دەهێناو دەبرد سەرەدەریم لێدەرنەدەکرد، درەنگ پێکەوتم ئەو بیژیانە! بۆ شاردنەوەی خۆیان بووە، تۆومەز فایل و سڕوتڕیان لە کن وان بووە.

تا دێ، چەکدار دێ، هاوڕێیەکی عارەب، ناوەکەی لە سەر زارمە، بە دوو دەستان لە سەری خۆی دەدات:

چما کورد ئەو هەموو جاشەی هەیە؟!

رەنجۆ بە لاقرتێوە:

ئەوانە جاش نین، شانەی چەکدارن، پێشمەرگەی ناو شارن.

عارەبی هاوڕێ شیرڕێکی لێدا، لە ئاو پەڕیەوە و لە ئاسۆس دەنگیدایەوە.

شکان و سووتان و تالان و بڕۆ و فڕکانفڕکان، دڵگرانی کردین، بەڵام ساردی نەکردینەوە، باشە رژێم گۆڕین ئیوهایە؟ تۆ بڵێی ئەو خەڵکە تێنەگەیشتبن لەوەی ماڵی گشتی چیە؟ تێنەگەیشتبن، دەبێ بپارێزرێ، نابێ دەستی بۆ ببرێ؟ ئەرێ

ئەو خەڵکە بۆ وا داخ لە دڵن؟ دەست لە سۆبەی ناو پۆل و گلۆپی دارتێل و شێرەی ئاودەستی مزگەفتێ و قەپاغی سەر جۆگەی چڵکاوێ ناپارێزن.

خانەخوێکەی ئەو ئاواییەی لە رێی هەیبەسوڵتان هاتە رێ، ئا، بزرم مەکەن، ئێمە هێشتا لەو ئاقارەین کە بە ئاماژەی کەسکاییی، مزگێنی خاکەلێوە دەنێرێ بۆ شاخەکانی: لە دواوە کێوەرەش، لە راستەوە بۆ ماکۆک، لە پێشمانیش بۆ هەیبەسوڵتان , خانەخوێی پێدەشتی کەسکاییی دەڵی :

تێناگەم ئەو خەڵکە لە کام تیرەن، مرۆ، یان کلۆ؟ هەرچیان دێتە پێشێ دەیماشنەوە.

خانەخوی کاتێ زانی نیازمان گرتنی هەیبەسوڵتانە گۆتی:

+بە من بڵێن، محەمەدی ئایشە گڵووکەتان دەگەڵە؟

نا، لە هەندەرانە.

+وا باشە خۆ نەدەنە بەرێ، ئەو شاخە بەو نەبێ، بە دختۆر خالیدیش ناگیرێ.

+سبەی دەبینی!

کـۆیێ دەزانــێ، هەولێــر دەزانــێ، ئەو دختــۆرە، بـوێرەکەی ئەیلوولە و شەهیدی هەکاری، کوڕەکەی ئایشـە گـوڵیش بـوێری پێش و پـاش ئەنفـال و شـەهیدی دوای رزگـاری، واز لە بـوێر و شــەهید بێــنە، ســپێدەش زوو خــانەخوێ دەبینیــنەوە، دەبینــین داخوا کێ لە سەر راستە.

ئێستا هێزێکی گەورەین، هەمـوو ناوزەنـگ لێـرەین، ئەوانەش کە پێش و پاش ئەنفال لە شـاریان کردبـۆوە، بەگەڵ کەوتـوون، هەنـــدێ پێشـــمەرگەی پـــژدەری، دوای خۆرادەســـتکردنەوە، کەوتبوونە هەولێر و دەوروبەری، ئەوەتا لەگەڵ ئێمەن، نازانم بە بــن زەویــدا، یــان لە ئاســمانەوە خۆیــان گەیانــدەوە ئــاوایی و دەڤەری ئازاد.

ترومبێل زۆرە، بەنزین کەم، چ زوو بووە قاتوقڕی بەنـزین ! دەڵــێن، هەیە بەنزینخــانەی رۆکــردۆتە بەرمیلــی گەورەوە و باریکردووە، باشە، هێشتا بەنزینمان لێنەبڕاوە.

**شەوێ**

**بەهەیبەسوڵتانەوە**

دەمەو عەسرە، لە ئالی گەرمێنێ، بە نێوان کۆسرەت و هەیبەسوڵتاندا هەورێکی تیر تیری هێنا، بە زمانی ڕێژنە دەگرمێنێ، چەند تیرە، دەڵێی عەبای ژنانی پێشانی ناو قەیسەریە، گرتیەوە بەری ئاسمانێ، ئەوەتا بە سەر ئاقاری بەری ڕێی خدرانا نەرم نەرم دەخونی...

ئاسمان دەستیشی لەگەڵ جاش و لەشکر تێکەڵ نەکردبێ! بەزەیی پێیاندا هاتبێتەوە ڕێنەدا هەیبەسوڵتانیان لێبکەینە گۆڕستان؟ ئومێد دەڵێ:

دەبوو، دوێ شەوێ گوێ لە ئیسرائیل بگرین، بزانین داخوا ئەوشۆ هەورە یان ساماڵە.

من هەڵمدایێ:

ئیسرائیل جاروبار سەرچیخ دەچێ.

پێشمەرگەیێ:

ئیسرائیل دەستی لەگەڵ ئاسمان هەیە و لە کەش و هەوا سەرچیخ ناچێ.

زارم هەڵێنا بڵێم، سپێدەیەک لە سەر قسەی وی لە چیای پێرسمان دا، ئاسمان دەریای بە سەردا رژاندین، پێشمەرگەیێ قسەی بڕیم:

واز لە رادیۆی ئیسرائیل بێنن، لەبیرتانچوو؟ پیرەکەی چوارقوڕنە گۆتی:

ئەوشۆ باران و تەڕوتووشیە.

لە مشتومڕی باران و ئیسرائیل بووین، هەلیبرینگاند و ئاسمان بۆ خۆ بەخەیاڵ هەڵواسینەوەش پەلە هەورێکی پێوە نەما، بۆوە ئەو چیتە شینەی کچانی پێشانی گەڕەکێ مە حەزیان دەکرد سوخمەی لێبکەن، ئۆخەیش نەبووە تەڕوتووشی، دەی، هەیبەسوڵتان، بۆ پێشمەرگە خۆ بچەمینە، ماندووینە، با زوو بگەینە کۆییێ تژی لە هۆزان و ستران.

دەمەو ئێوارەی هەڵمەتە، لەبەر خۆمەوە، سروودە کۆنەکە، ئەوەی بە منداڵی لە کۆلانێ بۆ پێشمەرگەمان دەگوتەوە، لێرە وا بۆ خۆمی دەڵێمەوە:

پێشمەرگەی بە هەڵمەتین...

هەوکە لە بن هەیبەسوڵتانین، جاشاغای گەورەی کۆیێ، خۆ بگـرە هـاتین، بجەنـگە و مەڕۆ، یـان ئـێمە یـان تـۆ، بەر لە هەڵـگەڕان بە هەیبەسـوڵتان، دەگەڕێـمەوە خەوە قـووڵەکەی ئەوێ، دەچم خەونەکە لەگەڵ خۆم دەهێنمەوە و دەگەڕێمەوە و دەگەمەوە بن تۆپ و هاوەن و گوللەی گڕداری، سەربازی ئومەی عارەبی و جاشی کوردەواری.

خەوە قـووڵەکەی سـەر دۆشـەکی پەمـۆ و بـالیفی پـڕ پەڕەمووچە، دوای ئەو هەموو ساڵە وێنەی خۆی بیرمدێتەوە، خەون هەیە هەرگیز بیرناچێتەوە، ئەوەتا:

بابم لە سەر ئەو گردە، وا لە سـەر دووگردە، لە بەستەکە بە سـەر بەردەبـازدا، بازمـدا، گەشـتر دەرکەوت، ردێنـی دەڵێـی بارێزەی شاخانە، جەمەدانیەکی نوێی لە سەرە، ساقۆ درێژەکەی پێشانی لە بەرە، سڵاوی راستی داوە، ملی راستکردەوە، چەپـی نەدابـۆوە، منـی دی، سـڵاوی نەدایەوە و دەسـتەکانی لە سـەر چۆکی هەڵگرت و ئامێزی کردەوە:

+کورم، تۆ ماوی؟

-من نامرم.

خۆم هاویشتە باوەشی، خستمیە بن ساقۆکەیەوە، ردێنی لە روومەتم دەخشاند، نەرم نەرم، لە بالیفی بن سەرم نەرمتر، لە دەنگی ماچی وی بەئاگاهاتم.

دەستم بۆ بن بالیفەکەم برد، تفەنگ نەبوو، ئاخر سالانێک بوو، لە دەمی خەوێ جێی تفەنگ بن کۆڵەپشتە و کۆڵەپشتیش بالیف بوو، باش بوو زوو بیرمکەوتەوە، ئەو شەوە تفەنگم خستبووە بن لێواری دۆشەکەوە.

وای چەند خۆش بوو ئامێزی باب، ئەو بابەی لە میهرەبانی و رووناهی، زەردەشت خۆزی پێدەخوازێ. خەونەکە خەونی گەیشتن بە ماڵێی نزیک کردەوە، دڵنیایی دامێ دەگەمێ.

خەونی خۆش، خۆشە و دڵنەوایە، تۆ ئەگەر باوەڕیشت وابێ کە خەون لە بەری رابردووە و ناپەڕێتەوە بەری ئایندە، یان پێتوابێ بە گەدەوە بەندە، بەڵام کاتێ خەونێکی ناخۆش دەبینی، رەنگە تووشی دڵەراوکێ ببیت و ترسی دەرکەوتنی بەلای ناوخەونەکەت لە دڵ بنیشێ، ئەها، خەونەکە چی بە سەر شۆڕشدا هێناوە، ئەو شۆڕشەی بۆ هەلاوێردن و بزرنەبوون لە ناو شۆڕشان، شۆڕشی کۆییی ناوە، خۆ لە ناوزەنگەوە تائێرە، وەک بڵێی سەری پێوە نیە، ئەو کوڕە خەونێکی ناخۆشی دیوە، گێڕایەوە، بیرمنەماوە چۆن بوو، کێ خەونی کێی لەبیردەمێنێ؟!

ئەرێ لە کوێ راوەستابووین؟ ئا، بـن هەیبەتسـوڵتان، دەمەو ئێوارەیە، ئاسمان هەورێکی هێنا، وێدەچێ دەریایێ بارانی پێـوە بێ، بە دەردی جاری گۆرینمان نەبات، پێرسی بزربوون دەڵێم.

لە دەو جــادە مشــتومڕە، سەردەســتە لە دەوری خــۆی خڕیکــردینەوە، زۆریــن، چەنــد هێنــدەی ئەو هێنــدەین کە لە ناوزەنگەوە هاتین، بە قسەی سەردەستە بکەین:

ئەو ئێوارەیە نابێ خۆ لە چیا بدەین، شەڕی خۆترێنە.

سەردەستە چیـا چیـا، لە سـەردەمی (حەرەس قەومـی)یەوە بە شــەڕدا هــاتووە و تەمەنــێ ئەزمــوونی هەڵگرتــووە، بەڵام پێشمەرگە لە سەر ئاو و ئاگرە و بەرزەفت نابێ، شـەش حەفـت کەســـێ بە فەرماندەی (ســـەنگەر)ێکی خۆشـــناو، زوو لێـــی هەڵگەڕانەوە و دایانە هەورازەکە، منیش بەگەڵیان کەوتم، ئـاخر ئەو دەســـتە کەمە هەر ئەو دەســـتەیە بـــووین، کە زۆر پـــێش رابوونی رانیە، بەتەمابووین بە پارتیزانی بێینەوە ئاقاری هەورێ و سەفین و خۆشناوەتی.

سەردەستەی دنیادیتە زۆر هەوڵیدا، لە کەلی شـەیتان بێینـە خوارێ و بەو رێیە تووشەدا نەچـین، سەردەسـتە خۆشـناوەکەی خۆمان گوتی:

ئـێمە هەر لە نـاوزەنگەوە، دەسـتەیەکی سـەربەخۆین، ئێـوە بەڕێی خۆتان، ئێمە بەڕێی خۆمان.

ئیـدی ئـێمەش پشـتی خۆشـناوەکەی خۆمـان بەرنەدا و بە دوای کەوتین.

سووی ساردە، ئەی وەی! خۆ بارانە، نـم نـم تەڕیکـردین، لە بن گوێیتی بیکاتە بەفر، گوێم تەزی، ئێوارەیەکی تووش دیـارە، قسەی پیری چوارقوڕنە وەراست نەگەڕێ! راسـت دەگەڕێ، دڵـم دەڵێ راست دەگەڕێ، ئەو پیرە ئاسماننناسـانە سـەرچیخ نـاچن، پەنهـانزانن، لەودیـوی سـاماڵەوە هەور دەبیـنن، دەزانـن چ بـایێ هەور دێنێ، دەزانن چ هەورێ بارانەی پێیە و لە کوێ دەیڕژێنێ، دەزانـن لە چـاوی هەر پەلە هەورێ چەنـد نـمە بـاران هەیە، ئەو پیرانە وەک بڵێی دەستیان لەگەڵ ئاسمانە، کـار لە ئیسـرائیل و ئەوانە نین، حەمە یوسف گۆتەنی:

لە فسێی رادیۆ بەم، چ لە هەور وباران دەزانـێ، لە حەمەدی بپرسە، پێت دەڵێ ئەوسـاڵ چەنـد تنـۆکە بـاران دەبـارێ و هەر تنۆکەی بە سەر کوێ و چ کێودا.

شـەش حەفـت پێشـمەرگەی سەرشـێتی تـووش، هەڵتـک هەڵتـــک بە چیـــادا هەڵـــدەگەڕێن، لە ســـەر مـــلەیەکەوە،

ئاوڕمانــدایەوە، هێــزی گەورەش بە فەرمانــدەی سەردەســتەی گەورە، کانەبی گەورە، بە ڕێچکەیەکیدی وێنەی ریزە میرانە ڕێی چیایان گرتۆتە بەر...

باران خۆشی کرد، پێناچێ خۆش بکاتەوە، تـاری داهـات، وا تێبگەم بە چەپی چنارۆکا هەڵـدەگژێین، بە بـن ئـاگر و کەلێنــی تۆپـا پــێ هەڵـدێنین، زرموهـۆڕێکە زەوی دەلەرێـتەوە، ئاسـمان کاس بـووە، ئۆجـا تـۆ بەرێ خـۆ دێ، لە بـن ئەو ئاگربـارانەش، ئەبوو سۆسەن، سۆسەنە بەغداییەکە، لە شیرینی و بەزمی خۆی ناکەوێ:

+هاوڕێ، خۆ ڕێککەوتنەکەت لەبیرە؟

- بیرمە، بەڵام پەژیوانم.

+لۆ؟

- جاش لە سەرباز دڕ و هارترن.

هێشـتا لە نـاوزەنگێ دانەبەزیبـووین، لە بەرگـی گـاڵتەیەکی ناسک، ڕێکەوتنێکمان لە نێـوان خۆمـان واژوو کردبـوو، ئەو وای داڕشتبوو :

بۆوەی ناحەزان شەڕەکە نەخەنە ناو جغزی شەڕی کورد و عارەبەوە، ئەبوو سەوسەنی عارەب، سەرباز دەکوژێ، کوشتنی جاشیش لە سەر شوانەی کوردە.

ئێ، لە گاڵتە گەڕێ، مەرگ نزیکە بە دەورماندا دەگەڕێ، راستی، ئەو لە سەرێ راوەستاوە، ئەوە ئێمەین بای مەرگ هەڵیگرتووین و بە پێی خۆمان وا بە پیریەوە دەچین.

ساڵ لە دوادوایی رەشەمێیە، دنیا دەمەو بەهارە، بەڵام هەیبەسوڵتانی بەڵا، ئەوشۆ لە ئێمەی ماڵوێران و سەرگەردانێ، بۆتەوە بەفرانبار و رێبەندانی، بایەکی دێ، پێدەچێ لە قەندیل نا، لە سیبریاوە هەڵیکردبێ، سارد سارد، ساچمە لە حەوایێ دەتەزێنێ، گورگ دەبەستێ، تۆ چاودێ، لە هەموو لاوە ئاگربارانە، بەڵان هەیبەسوڵتان بەستەڵەکە و ناتوێتەوە.

ئەوشۆ ئیزرائیلمان لە سەرە، بە پەلە ساچمەی گەرمیش نەچین، تەزین و بەستنمان مسۆگەرە، من ئیزرائیل دەبینم، لە بەر رووناکایی ئەو تۆپەڵە ئاگرانە دەیبینم کە بۆ دیتنەوەی ئێمە، جاش و سەرباز هەڵیدەدەنە ئاسمانێ، راستە پێشمەرگە لە خۆشاردنەوە سەر بە تیرەی هەوێردەیە، رەنگی خاک دەگرێ و لەگەڵ خاک دەبێتە یەک، چاوی گورگیش نایبینێتەوە، بەڵام

تـۆپەڵە رووناهی ئەوشـۆ جیـایە، دەڵێـی لۆکسـی سـەردەمی بەرێیە، برۆ دەرزی لەبەر هەڵگرەوە.

شــەڕ گەرمە، پەنـجەی رچیومـان بە سـۆربوونەوەی تفەنـگ گەرمـدەکەینەوە، لە پـاڵ تیشـە بەردێکـی زوقمـاویم، رەنجـۆ لە تەنیشتمە، دەڵێ:

لەبیرتنەچـێ، زوو زوو پێـت بجـوولێنە و شـان بگـۆڕە، دەنـا دەبیە چلوورە.

لە هەورەوە رێــژنە، لە شــاخەوە رێــژنە، لەویــانەوە ئــاو، لەمیـانەوە ئـاگر، پێشـمەرگە کەپـکە شـاخێ دەچێـتە پێشـێ، بنەدارێ دەکشـێتەوە، هەیبەسـوڵتان سـەختە و نـاگیرێ، بەغـدا لەو سەرە شەڕی مان و نەمـان دەکـات، شـەو درەنـگە و رەنـگە فیشەک لە خشەخش بێ، (ئاشتی)یێ هەیە، دەڵێ:

کشانەوە، بردنەوەیە.

پاشەکشێ، پاشەکشێ...

لە هێرشەوە بۆ پاشەکشێ، شەڕە و وا دەخـوازێ، کەس ئەو قسەیە بە کەرتکە تەمۆخێ ناکرێ کە دەگوترێ:

ئەگەر جەنگاوەر هەبێ، هەیبەسوڵتان لە بارە لۆ شەڕێ.

من ئەوشۆ دەڵێم :

وا نیە، ئێرە هەیبەسوڵتانە و شەڕیشی لێناکرێ.

تۆ چاودێ، لە بن گڕ و گڕدارەوە دەبینی، ئەها، لەو تەلانەوە، بیکەیسیەک و ئارپیکەیەک و ئارپیجیەک و سێ چوار کلاشینکۆفی سەردەمی کلاشینکۆف، ملیان بە ملی چەکی قورسەوە ناوە، ناکرێ، ئەو شەڕە بە چەند پێشمەرگەیەگی رووتەڵەی سەرمابردڵە ناکرێ؟

وایە، کشانەوە، بردنەوەیە.

**شۆڕشێکمان دا،**

**شۆڕشێکی دەهێنا**

بیســـتمەوە، شـــێرزاد، تـــۆ بڵـــێ زادەی شـــێر، لەوێ، لە قۆڵێکیترەوە روو لە جاشاغای گەورە گوتبووی:

بـۆت لە نـاو نـانی گەرم بـێ، ئەو شـۆ لـۆ تـۆ، سـبەی دەتبینمەوە، بە دەستی خۆم تۆڵەی (شۆرش)ت لێدەکەمەوە.

هەر زادەی شێر روو لە شار گوتبووی:

بە بیرتـدێ، دەسـت بەکەڵەپـچەوە و جێمهێشـتی؟ ببیـنە، دەست لە سەر چەک گەڕامەوە.

سەربردەی کەڵەپچەکە لە کنە منە، بۆ چیرۆکێکم دانـاوە، بەڵام نەوەکـو مەرگ مەودا نەدا و لە دڵـی تـۆش ببێـتە کـول و کەسەر، لێرە گرتەیەکی نیشاندەدەمەوە:

شـێرزادەی منـداڵکار، بە گـژ حوکمەتـدا دەچـێ، دەگیـرێ، کەڵەپـچەی دەکەن، هەڵیـدەدەنە نـاو ترومبێـل و دەیـبەن، دەرفەتـێ وەردەگـرێ و بە کەڵەپـچەوە پشـت لە شـار و روو لە ئاقار، تا پێی تێدایە هەڵێ... لەو دەشتە (کاوە)یەکی لێ پەیـدا دەبێـت، کەڵەپـچەی بۆ دەشـکێنێت، ئیـدی لەو رۆژەوە بە چیـا

دەکەوێت و شار نابینێتەوە، ئەوەتا ئێستا لەگەڵ ئەو دەستەیە بۆی دەگەڕێتەوە.

کشاینەوە و لەو شەوە ئێمە (شۆڕش)ێکمان لە دەستدا، شۆڕشێکی دەهێنا، ئەو شۆڕشە جگە لە خەونە ناخۆشەکە، لەو دیوی کێوەڕەشەوە دڵی تریواندبووی، گوتبووی:

لە رێ دەمرم، کۆیێ و ماڵێ نابینمەوە.

نەیدیتەوە، خەونەکەی وەراستگەڕا و لە خۆڕا دڵی نەیتریواندبوو، ئای، شۆرش! مەرگ تەنها یەک شەو دواکەوتبا، دەگەیشتیەوە ئامێزی ماڵێ و بابە، ئەو بابەی لە سەر تەرمەکەت، روو لە هاورێکانت گوتبووی:

من کوڕێکم لە دەستچوو، بەڵام شارێک کوڕم بۆ پەیدابوو.

ئێ، ئەو شەوە شکاین، دۆڕاین، وێنەی تاوێر لە چیا غلۆر دەبینەوە، تۆپ بە بن دەست و پێمان دەکەوێ، بەوەی باشە زەوی نەرمە، رۆدەچن و کەم دەتەقنەوە، غلۆربووینەوە، بە ناو ئاو و ئاگردا غلۆربووینەوە، لەو سەرە دوو دۆشکە بە رست شوێنپێیان هەڵگرتووین، لە دوو لوولەوە گولله بە رست دێ، گوللەکوتمان دەکەن، گیزەی گولله وڕی کردووین.

بە دەم هەڵاتنەوە بە خۆم دەڵێم: بە دەستی خۆمـان چمـان بە خۆمــان کــرد؟ ئەو جــارە تێــدا نەچــم و دەربچــم، ئەی سەردەستەی دنیادیتە، بەڵێن بێ، لە قسەت دەرنەچم.

لە پــڕ لە تەنیشــتە مــن (ئومێــد)ێ بە لادا هــات، خــۆی گرتەوە، پڕمان دایـێ، دەسـتمان لە لەشـی دەگێـڕا، بـۆ بـرین و خوێن دەگەڕاین، دەیگۆ:

واز بێنن، وێمنەکەوت.

ئێمە باوەڕمان نەدەهات، تـوومەز بـای رسـتێ گـولله وەلایـدا هێنابوو.

رێی کشانەوە گەیشـتە دەو مێرگـێ، هەر چـۆنێ پــێ دانێـی، دەچەقی تا سەر گۆزینگێ، من پێیەکەم تـا بـن چـۆکم رۆچـوو، رەنجۆ نەبا، بەپێڵاوەوە لەوێ بەجێدەما! لەو جێیە کـاتێ تـۆپ دەکەوتەوە، شلپەی دەهات، وەک بڵێی لە ناو دەریـا بـکەونەوە، شوێنەواریان بە جێنەدەمـا، بە پەرجـوو گەیشـتینەوە دەو ڕێ و نک ترومبێل، لەوێ هێندەی نەمابوو باوەڕ بەوە بهێنم:

ئەگەر رۆژت نێ، بـڕۆ مـل بە ئـاگرەوە نــێ، مەرگ ناگـات و گیان لەجێی خۆی نالەقێ!

تـــاو کەوت، هەیبەســـوڵتان لە دوورەوە روون روون، مینـــا مینـــای بەر روونـاهی دەرکەوت، ئاسـمان دەڵێـی ئاسـمانی دوێ شەوێ نیە، بۆ نیشانەی رەشـەمێش پەلە هەورێکـی پێـوە نـیە، ئـێمە ورِ و کاسـین، سـەرم دەڵێـی شـارە زەنـگەزۆرەیە، تـژی گیزەگیزە.

جغارە لە سەر جغارەم دەپێچایەوە و بە دارجغارەوەی بکە و بکێشــە، مـژی وام لێـدەدا، لـوولەی چ سـۆبەیەکی دار، هێنـدە دووکەڵەی نەناردۆتە ئاسمانێ، کێ بوو دەیگۆ:

ترومبێلەکەمان زۆر دووکەڵ دەکات، ئاگر نەگرێ!

بیرمنەچێ، لەو سپێدەیە هێشتا هەواڵـی مەرگـی (شـۆرِش)ی کۆییێمان نەبیستبوو، بەڵام مەرگی (گیڤارا)کەی بەری کێوەرەشم لە دڵ دەرنەدەچـوو، ئەوەی پێـرێ بـوو، کەنگــێ؟ دوو ســێ رستەشم بۆی نووسیبوو.

ئێ، بڵێمە خوێنەرێ خۆ، لەو دەڤەرەی ئەوێ، ژنێکی تـۆزێ بە ساڵاچوو، دەمانچەیەکی رووتی لە دەستی بوو، بە دەنگێکـی ژنـانەی پـرِ لە ئـاە و ژانەوە، چـاو لە ئـێمە، لە بەر خـۆیەوە، رسـتەیەکی دەگـۆتەوە، ئەز دوای تەمەنـێ، حەزدەکەم ئەوهـای بڵێمەوە:

تا شار نەڕژێتە سەر جادە، پێشمەرکە سەد چیاش بگرێ، ڕەنج بەبادە.

هەر ئەو ڕۆژە قسەی ژنە ڕاست دەرچوو، کۆیێ ڕژایە شەقام و بە پێشمەرگە نا، بە (بژی پێشمەرگە) حوکمەتی ڕاونا، لە هەیبەسوڵتانەوە نا، لە خولگەی حاجی قادرەوە بانگی ئازادیی ڕادێرا، هاییداربە، هێشتا هەیبەسوڵتان نەگیراوە، لەشکر و جاشی وێرێ شەڕدەکەن، دەور دراون، زۆری برد تا گیرا، جاشاغای گەورەی کۆییێش دوای وەی کوێرانە شاری ڕشاند، دوو پێیتری قەرد کردبوو، قووچاندبووی، ئەگەر کۆپتەر هەڵینەگرتبا، شێرزادە تۆڵەی شۆرشی لێ دەکردەوە و نەدەگەیشتە ئەو ڕۆژەی لەبڵندگۆی کوردی کورتەوە، بە خوێنی (شۆڕش)ەکان پێبکەنێ.

ئێمە ئەو ڕۆژە نەگەیشتینە زێدی شۆڕش، لە دڵێ خۆم وام دانابوو، لە ڕۆژی ئازادیی کۆیێ، نوێژێ بۆ پەیکەری حاجی بکەم، دوایوە خۆم بە دوا کۆڵانی (بەفری قەندی)دا بکەم و لە سەر دەرگاوە بە بۆنی شفتەی دەستی پلکە شیرنەکەم تێربم، چ شفتەیێ، شفتەی کابانی بەهەشتێش تامی شفتەی دەستی ئەو ژنە شیرنەی نەدەدا، شەو هەبووە لە ناوزەنگێوە خەونم پێوە دیوە، ڕێمان گۆڕی و نەگەیشتمێ.

## تەقەی خۆشی

## رستێ ماچ

ئەو رۆژە لە سەر قسەی دوو خۆشناوەکە، دامانەوە دیوی خۆشناوەتی، هەر لەوێ هەواڵی ئازادبوونی تەواوی سلێمانی و دەڤەری ئەولا گەیشت، پێشتر بازیان گەیشتبوو، لە خۆشیا باڵمان گرت، ماندوێتی و دۆڕانی هەیبەسوڵتانمان لەبیرکرد، بەو هەواڵە یەکەم و دوا تەقەی خۆشی لە تفەنگێ منەوە دەرچوو، لەگەڵ رستێ گوللە:

سلێمانی، رستێ ماچ، هەولێر نەخشەبێ لە تۆ.

هەر ئەو رۆژە، لەشکری سەر مامەندە و چیاکانی ئەو دەڤەرە، پەرۆی سپیان هەڵکرد و دابەزین و چەکیان رادەستی کورد کرد، ئۆخەیش نەمردم، بە چاوی خۆم دیتم، سوپای سەدام، سوپای ئەنفال لێرە، لە چیا لە شێوەی تەمۆخ هەڵدەوەشێ و هەڵدەوەرێ، لەشکری ئەنفال بە سمێڵی سەرۆک و خۆیدا ریا، وای لەو خۆشیە، نزا بکەن تا سەر بێت و بەرەواژ نەبێتەوە.

## ڕێ

### سەفین، هەورێ

هێی هەورێ! من دامنابوو، بە پـارتیزانی، لە تـاریکی و بە ڕێـی بزنـا بـۆت بگەڕێـمەوە، تـا تاریـک دادێـتەوە خـۆم بـکەمە هەوێردە، خۆم بکەمە فەرەقەتێ، خۆم بکەمە شتێ چ چـاوێ لە ڕەنگی خاکم جیانەکاتەوە، وام دانـابوو لە پەنـای تاشـەبەرد، لە بـن داری سـووتاوتا، خـۆم لە جـاش و سـەربازان بشـارمەوە، دامنابوو، مەتارەیێ بەشـی شـەو و ڕۆژێ، نـووردووە نـانێ بـایی حەفتەیەکم بکات، کەچی ئەوەتا، جـادە و جـادە، بە چەکەوە و لەسـەر پشـتێ ترومبێلـێ دێـم و لێـت دەڕوانـم و جـاش و سەربازیش، دەڵێی پایزی تۆیان گەیشتۆتێ.

دەستێکمان هەورێ، دەستێکمان سەفینە، شەقڵاوەی گوڵنار بە دامێنی کراسی سەفینەوە، سەرهەڵبڕە، هاتین، دیداری شـەو و شەوڕنی جوانیی تۆ بەسەرچوو، لە نوێژی نیوەڕۆیێ بمانبینە، پێشـمەرگەی کۆڵەپشـتی تەمەن لە پشـتێ ببیـنە، هـاتین، بـێ نهێنیی شەو هاتین.

وای! خۆزی لە خۆزیداران بێرەدا نەدەهاتین، ئەها، ئێرێهـێ، لەو گردێهـێ بەودیـودا ئاقـاری مـارەکەیە، مـاری بەرەکە، لەوێ،

لەو ساڵەی ئەنفال هێشتا سەرگەرمی بەری گەرمێنێ بوو، نەپەڕیبۆوە دیوی کوێستانێ، مارێک دەتگوت لە دۆڵی هیران و نازەنینێ دەستچێنی ئەنفاله، هات و (سیامەند)ێکی گوڵەستێرەیی لێبردین، سیامەندێ لە ناسکی لە سیامەندەکەی سیپانێ دەچوو، ئەمن لە (گوڵەستێرەکان کوژانەوە)دا زۆری بۆ گریاوم، رۆندک چکیکردووە، تنۆکێ نەماوە تا لێرەوە بۆی هەڵوەرێنم!

هەنکە ئێمە وا لە بن سەفینە شێتەین، دیوی نسێ، دیوی شەقلاوێ، چاو، چاو، خۆر لە بەری هەورێوە تیشک تیشک ئازادیی بۆ داوێ.

لەوێ، لە ئاسمانەوە دوو سێ فڕۆکە رێیان پێگرتین، ئاگربارانیان کردین، پەرتەمان لێکرد و دەستمان کردەوە، ئاسمانمان دا بەر دەستڕێژنان، بە دڵی خۆمان بە ئاسمانەوە دەنێین، فیشەک لە بڕانە، لەو رێوبانە، هەر سەربازە چەک و فیشەک فڕێدەدا و پەڕۆی سپیی هەڵکردووە، من لەوێ ئاشبەتاڵم دی، هی کورد نا، هی بەغدا، هەستمکرد تۆڵەی حەفتاو پێنجمان لە بەغدا کردەوە.

فڕۆکە لە ترسی حەفتاو پێنجی نا، لە ترسی بیکەیسیی خۆشناوەکە، بە سەفیندا ئاودیو بوون و نەهاتنەوە، هەوکە

هێزێکـی گەورەی چەکـدار، ڕوو لە شـەقڵاوێ، بەڕێـوەن، نـزانم چەندیان جاشن، چەندیان پێشمەرگە، چەندیان...

## شەقلاوە

### کوڵدانێ بوو

گەیشتین، بەڵام شەقڵاوەیی بایی دەستڕێژێکیان بۆ ئێمە نەهێشتبۆوە، حوکمەتیان بە رێی پیرمامدا راونابوو، ئەها، شەقڵاوەیی بە محەمەدی و عیسایییەوە لەو رۆژەدا گوڵ دەگرن و هەنگوینیان لە لێو دەبارێ، لە ماڵە دیانان سەرکەوتین، (زرار)ێکی یەکێتی (سەرتاش)ی پێوەبوو، باوەشی بۆ کردینەوە، ئەو زرارە شیرنگفتارە، پارچەیێ هەڵوێست و هەڵبەستە، لە ماڵی وان خواردنێکمان خوارد، تامی شفتە خەیاڵیەکەی کۆییێی دەدا، چایەکمان بە سەردا کرد، چایەی هێلداری بەری قەیسەریی بەرانبەری قەلاتێش ئەو تامەی نەدەدا.

دوای پشوویێکی باش، ماڵت ئاوا زرار سەرتاش، ماڵت سەد ماڵی وەک خۆت بەدڵ و روو گوڵناری لێبکەوێتەوە.

جادە جادە، کۆڵان کۆڵان شەقڵاوێ گەڕاین، ئەوەتا هەندێ هاوڕێ لە گڕن بارەگا دەکەنەوە، بیرمنایەتەوە، ئەو خانووەی کردیانە بارەگا، ماڵ یان فەرمانگە بوو، لەوێ ماینەوە، خەڵک لێمان خڕبوونەوە، ئەبوو سۆسەن زوو لەگەڵیان تێکەڵ

بوو، گرتەیەکی ئەو خربوونەوەم بە رەنگ و دەنگەوە بیرماوە، کوڕێک، دەڵێتە ئەبوو سۆسەن:

+باوەڕناکەم تۆ عارەب بیت.

- لۆ، چونکێ بە کوردی قسەدەکەم؟

+نا، عارەب و پێشمەرگە نابێت.

-لەبەرچی، نابێت؟

+نابێت...

سۆسەن کۆڵێ ناوی سەرکردەی کۆنی کۆمۆنیستی رستکرد و لە کوڕەی دەپرسی:

....+دەیناسی؟

-نایناسم.

+ ... دەناسی؟

-نایناسم

بە پشتی پەنجەی دۆشاومژەی چەند داوێکی سمێڵی خستە بەر ددانیەوە و توند کرۆشتنی و گوتی:

بە مـن بڵـێ، کـێ دەناسـی؟! ئەگەر فەهـد و سـەلام عادلـت ناسیبا، نەتدەگۆ عەرەب و پێشمەرگە، کووجا مەرحەبا.

خربوونەوەیەکی خۆش بوو، شەقڵاوەیی گوڵبارانیـان کـردین، شەقڵاوەیی بە هەردوو ئایینەوە، بە ورد و درشـتەوە لە ئـامێزی خۆیان گرتین و سۆزیان پێدا پژاندین.

ئـــای چەنـــد مانـــدووین، مانـــدووێتی رێوبـــان لە گیانمـــان دەرناچێ، تینم تێدا نەماوە، خەوەنووتکە دەمباتەوە، ئێستاش نازانم گەیشتمە کوێ و لە سەرچی و چۆن خەوتم، بۆیە بە سەر ئەو شــەوەدا، راســتترە بێــژم بە ســەر ئەو چەنــد دەمژمێــرە بازدەدەم، بۆیە نە گوتەیەک نە گرتەیەک، هیچ، خەونێکیشم نیە بۆ گێڕانەوە و نیشاندانەوە.

کۆڕێ ، رێی کوڕانت دە، پیرمام هاتین.

هــاتین، شــەقڵاوە لە دواوە، شــێوەی گوڵــدانی وەرگــرت، گوڵدانی ئازادی، ئاشتی و ئومێدێکمان بە دیـار گوڵـدانەکەوە لە بــاری ئێشـــکگری هێشـــتەوە، ئومێـــدەوارین لە بـــابەگوڕگوڕ بیانبینینەوە، ئەوان لەوێ و ئێمەش بە دیوی شەڕدا هاتین.

## کۆڕێ

### جۆلانەی با

هـاتین، تیچـاوێکم لە سـەفینە، سـەفین لە بـن پەلە هەوران جێ جێ سێبەر، جێ جێ هەتاوە، تابلۆیەکە بە دەستی من نـا، بەڵام بە دڵـێ مـن نەخشـاوە، چەنـدێ بە جـوانی و وسـەختیی سەفینی تابلۆدا دەڕوانم، هەستدەکەم ترس پتر دەڕەوێـتەوە، وا دیارە سەفینناسەکە لە خۆڕا نەیفەرمووە:

پشتم سەفین بێ، تف لە ئاسنێ دەکەم!

جگە لە سەفینی پشت و پەنـاش، ئێسـتا ئـێمە چـوار پێـنج کۆلەپشت لە پشتەکەی لە نـاوەزەنگێوە فڕیـو، تەنیـا بـاڵ نـین، زۆرین، چەند تۆلازێ لەوانەی (سۆراتی)یان تێـدا دەگەڕا، هـاتنە ریزێ مە و ریز ریز هاتین.

حوجرانی دەروازەی بناری خوێنی براکان، ئازادیت باش...

ئەو وارە شێرە سوارە، واری سەیرانە، هـی گەشـتوگوزارە، لەگژە لە بەهاردا هەڵبدا و بـۆ خـاکەلێوە لێـو بکـاتەوە، لێـرەوە خەیاڵم لە کۆچی قازوقورینگان دوورتر رۆیی:

ئەوەتانێ، سوپای ئەنفال کلکی لەناو گەڵـی نـاوە و تـا بـن بەغدا رانەوەستاوە، لە سەر حەمـرین ئـاڵا و ئـاور هەڵکـراوە، لە هەمــوو لاوە ( ئەم رۆژی ســاڵی تــازەیە) دێ و دەنگــدەداتەوە، رەشــبەڵەکێکە نەبێــتەوە، منــیش لەو هەمــوو جێــیە نەورۆزم هێناوەتەوە شێرە سوار، مەنجەڵە دۆڵمە لە سەر سینی رۆکـراوە و هەڵمــی لێهەڵدەســتێ، کــێ لەبیریەتــی لە کەنگێــوە دۆڵــمەم نەخـواردووە! دەسـتم بـۆ بـرد، زرم... زرمەیـێ هـات، ترومبێـل وەلادا هات، چ نیە، تۆپی دوورهاوێژە..

هاتین، تـا لە پـڕدی کـۆڕێ پەڕیـینەوە، تفەنگـێ مە دەنگـی لێـوە نەهـات، خەڵـک خـۆش بـێ، حـوکمەت پێـی پێوەنـاوە و پێشمەرگە پێڵاوی (با)شـی لە پـێ بـێ، پێیناگـات، ئەو پـردە دەڵـێم کە لە گەرمـای چـلەی هـاوینێ، درەختەکـانی باوەشـێنت دەکەن، بـایەکی فێنــک، ســەد ســوێند دەخــۆی لە کوێســتانی کێلەشـــینێوەهەڵیکردووە و ســـەفین بێـــئەوەی بـــایی ســـەرە پەنجەیێ فێنکایەتی لێ بقاچێنێتەوە، بێرەی گەیاندووە.

بە چاوی من، چاودەنە کۆڕێ، ئەها، لە جـۆلانە دەچـێ و بە بای ئازادی دەلەرێتەوە.

کـۆڕێ، جـارێ لای تۆمـان خـۆش، لە پـرد پەڕیـینەوە، لە هەورازەی پیرمامێ ویزە و گیـزەی گـوللە دێ، سـەری پیرمـامێ

دووکەڵە، ئیدی تفەنگ هاتە دەنگ، هێرپبووین لە بۆنی باڕووتێ، بەڵام کوڕانی تینووی ئازادی، ئامادەن لە ئاگر بدەن، سەرێکە هێناویانە و نایگێڕنەوە.

## پیرمام

### ستێرەی سیوەیلێ

هەڵــگەڕێ، بە نــاو تەقوتــۆق و زرموهــۆڕا، بە پــارێز بە هەورازەی پیرمامی بن دووکەڵا هەڵگەڕێ، تا گەیشـتینە سـەرێ، جـێ نەمـابوو نەگیـرێ، پیرمامییـان حوکمەتیـان بە پێچەکانـدا شۆڕکردبۆوە بەستی بەستۆڕە.

لە سـەری سەریڕەشـەوە گـوللە دێ، هێنـدە نابـات ئەوێـش دەکەوێـت و دەسـتدەدات، سـەریڕەش گیـرا و تەقە بـڕا، ئێسـتا ســـەر لەبەری ئەو دەڤەرە ئـــازادە، لەشـــكری ئەنفـــال هەڵات و ڕەنگە لە بەری شەرەبۆت خۆی گرتبێتەوە.

بیرماننەچێ، تا دێ هێزی پاتار بەهێزتر دەبێ.

لێرە نەخشەکە، نەخشەی ئازادیم دەهێنا پێشە خۆ، ئەهـا، لێرەوە لەو جێیەی لێی ڕاوەستاوم، خـولگەی پیرمـام، ڕێ و ڕێ بگەڕێـوە، تـا دەگەیـتەوە خـڕی ناوزەنـگ، خـڕی ئـازادە، دیـارە ئەگەر بـدەیتەوە ڕێـی هەریـر و باتاسـێش، بە قسـەی رادیـۆی سەرێ بێت، تا بڕۆیت، تا دوور دوور، تادەگەیتە ئەو بستیۆکەی ڕۆم و عـارەب و عەجەم ناویـان نـاوە سـنوور، ئـازادە، هەمـووی ئازادبووە، لێ لە قسان بەری بادینان هێژ ڕانەبووە.

هێـی، قەڵات، تـۆ بڵێـی بە تفەنـگەوە بتگەمـێ و وێـنەی بەڵاگێڕێ بە دەورتدا بسووڕێمەوە!

ڕەنجـۆ، دیـارە گـوێی لە وڕێـنە و پەیڤینـی دڵـێ مـن بـووە، گۆتی:

دڵ لە دڵ مەدە، دڵم دەڵێ: دەگەینێ.

لە چاوێ من ئەوڕۆ پیرمام پیرمامی پێشانە، پیرمامی پـێش کۆمـار و پاشـای بەغـدایێ، هەسـتدەکەم (سـەلاحەدین) و (مەسیف)ی نامۆ و داسەپاوی لە خۆی دامـاڵیوە و بە (سـەر)ی (بەن)ەوە چـۆتەوە باوەشـی (پیرمام)ی ردێـن بەفریـی هەناسـە شەوبایی، ئەو ئێوارەیەی ئازادی، من پیرمامم وا دی.

سەرێکی سەریڕەشـمان دایەوە و وەکـات گەڕاینـەوە، سـووی ساردە، نایەتەوە یادم، پیرمام لەو دەمەی ساڵ ساردیی وای بە خـۆوە دیبـێ، کزەبـایێ هەڵیکـردووە دەڵێـی لەگەڵ ئـێمە لە قەندیلەوە هاتووە، هەش بە سەر ئەو کەسەی ئەوشۆ پەنـایەکی نـیە و لە دەرێ دەمێنێـتەوە، ئەگەر لە شــەڕێ بـێ و خـۆ بە لـوولەی تفەنـگ گەرمباکـاتەوە، ئەگەرنـا دەبێـتە چلـوورەی گوێسووانە و بن شاخان.

بە یـادی شـەوانی هاوینـانی سـەریپەش، گەڕامەوە هـاوین، شنەی شەماڵی هەینێی سەریپەش، گوڵاوی بـوو، حەیـف، لەپـڕ ئەمنێکـی لە بیابـانەوە هـاتوو، گـووی تێـدەکرد و سـەر و دڵـی دەگرتین، چوو، (ئەمن) بە هەڵدێرا چوو، داگیرکاری لەگەڵ وێنە لە چێـــوەگیراوەکەی ســـەدام، ئەوەی لە دەو ڕێ لادیـــوارێکی گرتبوو، بە دەستی منداڵە پیرماملیان بە دەم (ئەی رەقیب)ەوە وردوخاشکرا، ئیـدی ئەگەر ئـازادی تەمەنـدار بـێ و منـیش پەلە ئاسـنێکی گەرم سـاردم نەکـاتەوە، هـاوینی دادێ چەنـد شـەوێ هەوار دەبەمەوە سـەر سەریپەشـی ئـازاد، سەریپەشـی ئێـرە و بیابان دوور لە دەسەڵاتی داگیرکەری بیانی.

هێی، لە خۆم هزر ساڤیلکەی خەیاڵ پڵاوێ، چ بزانم پشتی ئازادی، لە سایەی دەسەڵاتی خۆیی، ئێرە بە رەنگێ سیمبەند و دیواربەنـد دەکـرێ، بە خەیـاڵیش نەشـێم دوو قـۆپچەی سـەرێی کراسم بترازێنم بۆ شەماڵەکەی جۆزەردان وخەرمانانی، مەگەر لە خەونـێ بـگەمەوە بەفرانبـار و رێبەنـدانی و کلـوو کلـوو بەفـر بگرمەوە، لە بەئاگاهاتنەوەش خەمێ بنیشێتە سەر خەمان!

لەوە گەڕێ، کاتی دەردەدڵ نیە، هەوکە گەرمەی راپەڕینە، ئەهـا منـداڵە پیرمـامی بە نینـۆک چـاوی سـەدام هەڵـدەکۆڵن و رووی بە تف سواخدەدەن، چاودەنێ، پـارچە پـارچەی دەکەن و

پارچەی گەورەی هێندەی قەپێلکە شخاتەیەکی لێ ماوەتەوە، بە دەم (بژی پێشمەرگە)وە هەڵیدەدەنە حەوا، دەیدەنە دەست با و لێی رادەمێنن، وەک بڵێی بە بایەکە بڵێن:

هەڵیگرە، تا بەغدا رایمەگرە.

ژنێکی بە ساڵدا چوو، وێدەچوو داخی بیست و سێ ساڵە بەعسی لە دڵدا بێ، دوو دەستی نزا و پاڕانەوەی بۆ ئاسمان بەرزکردەوە و روو لە سەدامی پەرشوبڵاوی دەم با:

خودایە، خۆشت بە دەردی وێنەکانت بچی.

لامدایە مزگەفتی گەورەی سەربەنێ، مەتارەکەم پڕکردەوە، لە دەست بەئاو گەیاندنێ، لەهیکەوە کەسێ لە ئاودەستێ دەرپەڕی، نازانم پلەدار بوو ئان نا، جلکی سەربازی لەبەر بوو، لە بن دیوارەکە وەستا و دەستی رادەستبوونی هەڵبڕی، بە زمانی قورئان، کەوتە پاڕانەوە:

بیکە خاتری خودا، مەمکوژە، کۆرزم ساوایە.

تاهو واە!لە کوێ هات ئەو بەڵایە! ئەرزێ دەست لە سەر چەک نەختێ کشامەوە و بە زمانی وی، گۆتم:

دەمانچەکەت دانێ.

ما، سوێند بە قورئان بخوا، کە چەکی لا نیە، بەروپشتێنی کردەوە، راستی گۆ، بە کوردی گۆتم:

برۆ، کاکە برۆ، من تەنگاوم!

تا لە سەر دەرگاش ئاودیو بوو، ئاوڕی ترسی لێمدەدایەوە، چاوەڕێ بوو مردن لە رێی فیشەکێکەوە لە پشتەوە بیگاتێ.

بەرێ خۆ دەنێ، لە ئاسمانی بەری هەولێرێ ، بڵند زۆر بڵند، فڕۆکە وەک چاویەشە دەسووڕێنەوە، ناوە ناوە شتێ بە رووی چیادا هەڵدەدەن و لێمەوە دیار نیە لە کوێ دەکەونەوە.

لوورەیێ، نەمزانی لە زەوی یان لە ئاسمانەوەیە، هات، زرم، لە دەستی لای کەندی ئەو نشێوە کەوتەوە کە بەرایی پیرمام دەداتە یەکەم پێچی شۆڕبوونەوە، ئەو هەورازەیەی سەرکەوتن دەڵێم کە هێستر بە نقەنەق و ترەتڕ، ترومبێل بە گڕەگڕ و نەڕەنەڕ دەخات، تۆپەکە بە زمانی خۆی گۆتی:

هاییدار بن، ئێرە تخووبی ئێوەیە، هاتنەخوارێ مەرگە.

بەڵام بۆ گەیشتنە شار، پێشمەرگە چ باکی بە مەرگە!

وا باشە بۆ گەیشتنە شار، بە سەر کەمێ کاتدا بازبدەم، ئێستا پیرمام لە بن زەردەپەڕی ئازادیە، رۆژ لە بەری مەقلووبی

شـێخان لە ئـاوابوونە، لە چـاوەڕێی هەڵبـوونی گلۆپەکـانی سـەر قەڵاتـێم، دەمـێکە چـاوم بە روونـاهی شـار هەڵنەهـاتووە، ئەو شـارەی چەنـدی لێـی دوورتـرکەویتەوە، هێـزی راکێشـانی پتـر دەبـێ، ئەو شـارەی چەنـدان سـاڵە لە دوورەوە خەونـی پێـوە دەبیـنم، بە دەوری قەلاتیـدا دەگەرێـم، بە نـاو قەیسـەریەوە دەگەمەوە منـارەکەی و لە شـێوەی سـمۆرە پێیـدا هەڵـدەگەڕێم، ئەو شارەی خەون بە یانە و چاخانە و مزگەفت و سینەما و باخ و دەرۆزەکەر و شێتەکانیەوە دەبینم، ئەو شـارەی لە منـداڵیەوە من هێندەی  بۆی شارۆنی بـووم، داکـۆنی نەبـووم، ئەو شـارەی هەندێ کەس سـووکایەتیان پێیـدەکرد، هەنـدێ کەس لە جێیـان خۆیان لێی بێبەری دەکرد، بەڵام مـن شـێتانە، دەروێشـانە، زۆر کەڕەت لە  (سـەمەرقەند)ی مەسـتانەوە، مەسـتانە نـوێژم بـۆ جوانیەکانی دەکرد، ئەو جوانیانەی خۆیان نیشانی هەمـوو کەس نادەن.

ئێ، ئەوڕۆ بە رۆژمێری قەندیل و چیا هێشتا خـاک دە رۆژی ماوە بۆ خاکەلێوە، بەڵام بە رۆژمێری هەڵەی بـاو دەی ئـادارە و شار لە باوەشی بەهارە.

شەو داهات، لەو دوورەوە شار دەبریسکێتەوە، تۆ بڵێی ئازاد بێ؟ شاری هۆلاکۆشکێن، بەعسیش بشـکێنێ؟ زەحـمەتە، ئـاخر

بەغدا شاری بە وڵاتێ جێژ تەنیوە، دەزانی چ سەربازخانەیەکی لێیە؟ رووبەرەکەی لە رووبەری شار گەورەترە، نا، ئەو شارە بە رۆژێـک و دوو ئـازاد نـابێ، زۆری دەوێ، شـاری شێخەشـەلی خۆپیشاندان و رەمزیی ئاڵا و خالیقی بیـر و و پەشـێوی شـیعر، شاری بابم، کەینێ رادەبی؟

ئەگەر ئازاد بێ، بە (ئەی رەقیب)ەوە دەچمە سەر گۆڕەکەی دڵدار و دەڵێم:

هەستەوە، هەستانەوەی کورد ببینە.

بە (سەدەی بیستەمە)وە دەچمە سەرە کۆڵانی ماڵی خـارە تایەری پیاوی ئاسمانی و دەڵێم:

وەرەوە، کورد غیرەت گرتوویەتی.

لە سـەر دیـواری گۆڕسـتانی گەورەوە گـازی حەیـدەر بەقـاڵ دەکەم:

بە قەڵاتێـدا هەڵـگەڕێ و روو لە منـارە، ئەو جـارە (هەی کوردستانێ) حێلتر بڵێوە.

دەچمە پوونگینە و دەڵێمە فازیل رێحانە:

برا بکوژ و کوژراوەکان زەماوەندی ئازادی دەگێڕن، تـۆش لە برا بکوژەکەت خۆش بە.

بەو شـــەوە لە بڵنـــدایی پیرمـــامەوە، خەیـــاڵ بردوومـــی، بانگیاننەکردبام، بە دەم بیرکردنەوە لە ئازادی خەودەیبردمەوە:

دەچینەوە کۆڕێ، بەر لە بانگی سـپێدە، ملـی ڕێـی هەولێـر دەگرین.

ئەوشـۆ، پیرمـام لە چـاوی مـنەوە ئەسـتێرەی سـیوەیلە بـۆ هەولێر دەدرەوشێتەوە.

ئای بۆ تەتەرێ، بە پێی شـەوبا ڕێـی شـار بگـرێ و هەواڵـی پەیدابوونەوەی من بۆ ماڵێ بەرێ، بڵێ:

کوڕەکەتـان، ئەوەتـا، لەو سـەرە، لە پێچەکـانی پیرمـامێ سـەرکەون، دەیگەنـێ، بڵـێ: کوڕەکەتـان، لە گـوێزی مەلەکـان ساغترە، بڵێ: هەرێی داوە، سبەی زوو، بە زیندوویێتی بێ، یـان مردوویێتی بگەڕێتەوە شار.

ئای بۆ تەتەرێکی شەوبایی، ئەوشـۆ هەواڵـی مـن بە مـاڵێ، بگەیەنێ، پەلەمە، سبەی دنیا مەرگ و مردنە، کێ ناڵێ...

ســـواربووین، بەر لە شـــۆڕبوونەوە، کۆڵەپشـــتم کـــردەوە، لاپەڕەیەکـم هەڵـداوە، لە بـن تیشـکی لایـتە گچـکەکەم، چەنـد دێـرێکم لە (نـاڵەی جـودایی) خوێنـدەوەوە، بە دیـوێ کۆڕێـدا شۆڕبووینەوە.

## ژنێ

### لە ناو شەکردانێ

کۆڕێ، وا گەڕاینەوە، ئەوشۆ مێوانی تۆین، ئێستا لە ماڵی سەنگەری سەردەستەین، لە کوڕەکەیان پتر ماچیان کردین، ئەوشۆ تێروپڕین، کەمێ دژوونین، چەندی هەوڵیاندا نەچووینە سەرشۆرک، ماندووین، دوو شەوە، بایی تیلمە خەونێکیش چاومان گەرم نەکردووە.

ئەو شەوەی کۆڕێ، شەوی ماڵی سەردەستە، کە لە خۆشەویستی و شیرینی، لە ناو دانیشتن و کۆڕێ، بە (کە. ما. ک.) ناوی دەهاتە گۆڕێ، شەوێکی پڕ لە دڵەڕاوکێ، دڵەڕاوکێی سبەینێ، داخوا چ دەقەومێ، شار ئازاد دەبێ؟ داخوا کێ شەهید دەبێ؟ کێ دەمێنێ و دەگاتەوە ناو کەسوکار، کێ بە دەردی شۆڕشەکەی هەیبەسوڵتان دەچێ! لەگەڵ هەندێش لە سایەی دایکی سەنگەرەوە، شەو سەرریژە لە بزە، کێ هەیە بە سادەیی و میهرەبانیی وی، بزە نەیگرێ ودڵی وێنەی سەرقەپاخی شەکردانەکەی بەردەمی زوو زوو نەکرێتەوە.

ئەو ژنە شەکرە کە هەستمدەکرد خۆی شەکری ناو شەکردانە، لەگەڵ هەر کەوچکە شەکرێ، شەکردانەکەی

دەکردەوە و دایدەخستەوە و تەماشای سابیتەی دەکرد، وەک بڵێی بترسێ شتێ بەربێتەوە و لەو هەموو جێیە بکەوێتە ناو شەکردانەوە.

ژنە شەکر، کوڕەکەی توند لە ئامێز دەگرێ و دەڵێ:

بـرایمە، رۆژی هەزار جار لە دەورت گەڕێم، لە دەوری ئەو برایانەشت گەڕێم.

رەنجبەر لە بن لێوانەوە و پڕ لە بزەوە دەڵێ:

ماخرا، چەند لێکدی دوورن، سەنگەر لە کوێ، برایم لە کوێ؟

منیش بە دەنگێک هەر ئەو بیستی:

نا لێکدی دوور، نین، ئەدی برایمی یەکەم لە ناو ئاگر سەنگەری نەگرت، ئەوەی پەڕەسێلکە ویستی بیکوژێنێتەوە!

ئەوە یەک! سەنگەرێ ئاشکرابوو، سەنگەر نیە و برایمە!

ژنە شەکری دیار شەکردان، ناوە ناوە لە دڵەوە دەڵێ:

چاوی منن، دڵی منن، ئەو هەموو کوڕە کوردە چەک لە شانە، هەموو کوڕی منن.

دەستی لە ملی کوڕەکەی دەکرد و روو لە ئێمە، دەیگۆ:

هەمووتان ئەو کوڕەی منن، بەخێر هاتنەوە، لە ناوزەنگەوە تا ئێرە، بە پێڵاوی بە قوڕەوە، سەر سەر و سەر چاوی دایکی خۆتان، بەخێر بێنەوە، چانەبوو هاتنەوە، کوڕە خۆ عارەب بە پەندی بردین، بەغدا نیوەی رێیان بێ، بە مێواندariش نەیانبینمەوە، نەنکم لە خۆڕا نەیدەگۆ: نە شیری حووشتر نە دیداری عارەب .

کوڕەکەی دەڵێ:

هۆ دا، ئەو چ دەڵێی؟ ئێمە هەموومان کورد نین، عارەبەکیشمان دەگەڵە .

دایک مستەکی توندی لە سینگی خۆی دا:

هەیرۆ، کوڕم وا مەڵێ !

کوڕ:

دایێ، لۆ؟

دایک کەمێ داما:

ئۆجا، خۆ من دەگەڵ عارەبی پێشمەرگەم نیە .

کوڕ:

دەی، دایە، بزانم عارەبەکەی ناومان دەناسیەوە؟

دایک، پەنجەی دۆشاومژەی منداڵانە بۆ من درێژ کرد:

کوڕم، خۆ کۆرە نیم، ئەو رەشوبرژە چاوڕەشە هەوە.

من گرژیمەوە و قسەم نەکرد، هەموو لە سەر پشت کەوتن، حریتەی ئەبوو سۆسەن، لە سەریڕەش دەنگیدایەوە، کوڕ گوتی:

دایە، تەڕ عارەبت ناسیەوە!

بەڵام دایک لە قسەی خۆی نەهاتە خوارێ، منیش دابوومە بێدەنگی و ورتەم لێوەنەدەهات، بۆیە پتر لە سەر قسەی خۆی رشت بوو، بوونە عارەب بۆ من خێری دایەوە، ئەها، دایک لە هەمووان پتر رێزم دەگرێت و چایە لە دوای چایەم بۆ تێدەکات و بە زۆر بە زارمەوە دەکات، ناوە ناوەش دەڵێ:

خۆزی لە خۆزی داران، لەبەر خاتری ئەو عارەبۆکە، عارەبیم دەزانی.

ئەوجا عارەبی هاوڕێ، زاری بۆوەو ناوە، لە شێوەی کێشی هەمزاغا و سمێڵَە سۆرەکەی، روو لە دایکە شەکر:

دایە، خۆ هەموو قوونڕەشەک عارەب نیە!

دایک عارەبی خۆی دیتبۆوە و چ قسانی بەگوێدا نەدەچوو.

بەر لەوەی خــۆ بــاوێمە نــاو جــێ و بە خەیــاڵی شــار و گەیشـتنەوە باوەشـی دایـک و بـاوک و کەسـوکار، بچـمە خەوێ، پیاوێ وەژۆر کەوت، سەردەستە :

+ چما تۆ نەکوژراوی؟

-خوارزا، بۆ بکوژرێم، کۆزم ساوایە.

ئەو پیاوە کەسێکی نزیکی ئەو ماڵە بوو، جاشـێکی جاشـدار بوو، سەردەستەی چەنـد جاشـێ بـوو، چەکـو تەقەمەنیـی زۆری رادەستی حیزبێکی نـاو بەرە کردبـوو، بەوە زۆر لێـی تووڕەبـوو، زۆر لێـــی پڕبـــوو، هێنـــدەی نەمـــابوو، وەک مریشـــک ســـەری هەڵکێشێ، پرسی:

ئەدەی بۆچی نەتدا ئێمە؟

کابرا زمانی تێکئالاَ:

ئاخر، وام زانی ئێوە نەماون.

چەند سۆر بوو، سێ هێندە سۆرهەڵگەڕا:

به سکورتی شکاوت، دێیە بەر چاویشم؟

کوڕ تفێکی لێکرد، زۆر سەرکۆنەی کرد، شرتوشۆی شکاند، دایک پێش ئێمە هاتە نێوان و نەیهێشت بقەومێ، لە جاش گەڕێ، خەوم دێ، سەرخەوێ نەشکێنم، سبەی لە گەرمەی شەڕێ، بە دەستدەگیرێم!شەوتان شاد، نزادەکەم، سبەی لە سەر قەڵات یەکتر ببینینەوە .

## دەفی دەستی سپێدە

کۆڕێ، لە ناو جۆلانەی خەوە، پیرمامیش لە بەرخی تێر شیر دەچێ، خەوێکی ناسک خەوتووە، ئێمە لە تاریکی و بێ ماڵاوایی جێمانهێشتن، رەنگە هێشتا دەروێش برایم بانگینەدابێ، دنیا تاریکە، لە پێچەکانی پیرمام نەرم نەرم ، بە پێی گێڕی یەک و دوو، بەرەو بەستۆڕە، بەستۆڕەی تژی لە هوردە سەربردە، سەربردەی سۆر و سپی و زەرد و هەمەرەنگ، هی بەیبوون و خەزێمە و گوڵیکەی نەورۆزی، شۆڕدەبینەوە، ئای دەروێش، دەبێ بگەمەوە دەف و دەنگ و بانگدانت؟

نەرم نەرم، شۆڕدەبینەوە، رێ کشومات، نە ترومبێلێ لە پێشمانە، نە ترومبێلێ بە رووماندا دێ، بەڵام لە پشتمان هەیە، دیار نیە ئەو رێوبانە تا کوێ ئازادە، ئا، لە بیرمچوو بڵێم، لەو دەستەیەی لە ناوزەنگەوە هاتین، ئێستا تەنها چوارمان لێرە لە نێو ئەو ترومبێلە سەر کراوە، دەست لە سەر پەلاپیتکە راوەستاوین:

رەنجبەر، ئەبوو سۆسەن، سەنگەر، ئەز.

بەڵام کۆمەڵێ کۆنە پێشمەرگە و شانەی شار و ئەوانەمان بەگەڵ کەوتوون، پێشمەرگەی دیوی رۆژهەڵاتیشمان لەگەڵە، سێ چوارێکن، بیرم نیە، دیموکرات بوون، یان کۆمەڵە، یەکێ لەوانە سەربردەیەکی ناسکی هەیە، با دنیا برێ رووناهی تێکەوێ،هەینێ دەیگێڕمەوە.

دیارە ئێمە ئاگادار نین، لە چەند لاوە و لە چ دەمێ پێشمەرگە بە نیازن بڕژێنە شار، دواتر زانیمەوە، دەستەی کانەبی گەورە و ئەوانیدی کە خۆیان چەند قات کردبۆوە، دوای شەڕی لای دەربەند و ئەوانە، لە رێی کەسنەزانەوە، خۆیان بە شاردا کردبوو.

ئێ، سپێدەیە، چاوی تیژ لە نزیکەوە، گورگ و سەگ لێک جیادەکاتەوە، بەڵام پێشمەرگە و جاش نا، ئێوە دەزانن هەینێ ئەو دوو جۆرە چەکدارە بە چی دەناسرانەوە؟ نیشانەی پێشمەرگە لە دوورەوە دیارە: کۆڵەپشت و مەتارە، پێڵاوی ئەدیداس و سەمسوونگ، هی جاش کوا وا بوو! پێشمەرگە بە دارجغارەی داربەلالووک و کیسە توتن، بە ملیوانی کراسیش دەناسرایەوە.

ئەرێ لە پێچی کەریم حەشاش بوو، یان ئەویدی؟ لە دەو جادە کۆمەڵێ چەکدار راوەستاون، ئای، جاش نەبن، کەوتینە

بۆسە؟ تفەنگ سوارە، لە سەر پێیە، باش بوو، بەر لە راکێش راکێش، ناسرانەوە، دەستەی (کۆسرەت)ی یەکێتی بوون، ئەو فەرماندەیە لەو دەڤەر و ناوە، ناوی بە ئازا دەرکردبوو، هەروابێتەوە بە گۆتەی گۆتیاری:

لەو فەرماندانە بوو لە نزیکەوە سەرپەرشتی شەڕی دەکرد، نەک وەک هەندێ کە لە دوورەوە، لە بێتەلەوە، فەرمانی هەڵمەت و هەڕنە پێشیان دەدا، یان دیلیان بە دەستبەستراوی دەهێنایە پێشی و دەمانچەکەی دەردەهێنا، زرم، بە گوللەیێ ساردی دەکردەوە، پرسیمان:

+پێش ئێمە، هێز رۆیشتووە؟

-برۆن، مەترسن، پێشمەرگە گەیشتوونەتە بن شار.

لە سەر پردی بەستۆڕە، دەنگی دەف هاتە گوێم، هەر هێندەش نا، هەستمکرد دەف لێدانەکە بۆ بەڕێکردنی منە، ئەوەتا لە ناو دارەبازەی سەر دەستانم و دەمبەن بۆ گۆڕستانی سەید مارف، لەوەش خەیاڵتر، لە ناو دارەبازە دەستم دایە پێنووس و لە سەر کفنەکەم دووسێ رستەی شینم نووسی، لەو دەمە بابم بانگیکردم، هاتبوومەوە ناو ترومبێلیش گوێم هەر

دەزرینگایەوە و دارو بەردی بەستۆڕە لە من بووبوونە دەف بە سەر دەستانەوە .

نازانم خەون بوو، خەیاڵ بوو، ئیدی لە سەر پردی بەستۆڕە، دەف لە ختوخۆڕا ئەو بەزمەی پێکردم.

بازۆ، پرد و پێچی خانزادمان بڕی و سەرکەوتین، تەقوتۆقە، دنیا رووناهی تێکەوت، لە ئاسمانی هەولێر زرموهۆڕە، هاتین، ئێمە هێشتا لە ناو ترومبێلین.

ئەها، پێشمەرگەیەکی دیوی رۆژهەڵات، کۆڵەپشتەکەی کردەوە، خۆدیک و مووکێشی دەرهێنا، کەوتە دەرکێشانی مووی روومەت و بن چاوی، برادەرەکەی گوتی:

+ماڵتە، ئێستا وەختی مووە؟

- هەستدەکەم، مردن نزیکە، بۆیە وەختیەتی.

+بە خولای تێکچووی.

-کوڕە، بۆ تێناگەی؟ کاتێ کچە شاری هاتنە سەر تەرمەکەم، حەزناکەم ناشیرن دەرکەوم، با بڵێن:

وای لەو کوڕە قۆزە.

لەو گوتەیەوە بیروەری کەسێکم بیرکەوتەوە، ئەگەر ئەولیـای چەلەبیش نەبێ ، کەسێکە وەک وی، شتێکی نزیک لەوە دەڵێ:

کـاتێ گەنجـی کوردیـان دەبـرد بـۆ بەردەم قەنـارە و گـوللە بـارانکردن، تـاکە داواکاریـان ئەوە بـوو، سەروریشـیان جـوان بتراشن، تا دوای مردن ناحەز دەرنەکەون.

دەی، ئومێـدەوارم، ئەو کـوڕە مـووکێش لە دەسـتەی دیـار خۆدیک، بێ بەڵا بێ و کیژە شاری مەرگی نەبینن .

رەنگە گەیشتبینە ئەو رێچکەیەی کە لە جادە دەبێـتەوە و دەتباتەوە بێرکۆتی پەشێو، تۆ ئەگەر حەزتکرد، بڵێ هی عەزیـز محەمەد، لەوێ ( ئەو جارە بێمەوە)م بیرکەوتەوە، دەگەڵ پەشێو و لە بەر خۆمەوە گوتمەوە:

ئەگەر ئەمجارە بێمەوە

بەیانیان وەک بەرخۆلەیەکی ساوا

لە ناو قەرسیلی پاراوا

تلدەخۆم و

گیایەکی تفت تێر تێر دەجووم،

تا کفت دەبم

شەو بەلەکم لە شەونمی سارد هەڵدەسووم.

تەقە لە گەمەی نــاو قەرســیل و گیــا خــواردن و شــەونم و لێستنەوەی خاکی کردم.

زیلا

## کلیلی دەرگای شار

لە لای بازگەوە، دۆشکە جادەی داگرتووە، گوللە دەڵێی کەلامزی گەورەیە هەڵدەقۆزێتەوە، وای، لە چ ساکەگۆڕێ لێمان قەوما، لێرە ئاهی تەمتومانیم بۆ قەندیل هەڵکێشا، قەندیلی پشت و پەنا، لەوێ پێشمەرگە لێی بقەومێ، تیشە بەردی وا پەنای دەدا، بە مووشەکی حوسێن و عەباسیش ناقرەنجێ، وای، لە خۆمان، چ دوور نیە ئەو دۆشکەیە جێمان بکاتە ئەوجێ!

دابەزیین و تفەنگ هاتە گۆ، لەو دەشتە لە سەر زگ راکشاین و جێی دۆشکەمان دا بەر دەستریژان، دامانبیژان، نازانم کێ بوو گۆتی:

هەر کەسێ شەڕی نەدیتووە، دوورکەوێتەوە و نەیەتە پێشێ.

چی وا نەماینەوە، ئەوانیدی کشانەوە، لە پشتمانیشەوە هێزی گەورەی پاتار چاوەڕێی ڕێ کردنەوەیە، ئەو هێزە لە سوپای کلۆ دەچێ، ئەگەر بە شار وەربێ و پێشی پێنەگیرێ، تەبارەی ژیان گوڵەگەنمێکی بە پێوە پێوە نامێنێ .

ئیدی پێ پێ، بە شەڕ چووینە پێشێ، لە پشتە مـن کەسـێ وێـی کەوت، بەڵام نەکەوت، بـرین سـووکە و بەقـۆڵی کەوتـووە، کشـاندیانەوە پشــتەوە، دۆشــکە لە تەقە نــاکەوێ، ئەو نــاوە دادەبێژێ، کردیە سەرند و بێژینگ، گوللە گـۆل دەکـات! بە نـاو لاقانــدا گیــزەی دێ، بەڵام پێشــمەرگە لە گــوللە گەرمتــرن و نـاگەڕێنەوە و نـاپرینگێنەوە، زۆری بـرد تـا دۆشـکەیان قیڕەبـڕ کرد.

دەســتکەوتی ئەو شــەڕە، شــەڕی بــازگە، تەنــێ زیــلەکەم لەبیرە، بیرم نیە کێ بوو، گوتی:

ئەو زیلە کلیلی کردنەوەی دەرگای شارە.

ڕەنگە لە دڵێ خۆ گوتبێتم: خودا بە زارتا بڕوانێ.

بــابێ سۆســەن، ئەو کــوڕە عــاربەی، حیزبــایەتی لێــدەرکە، سـەرەدەری لە هەمـوو چتـێ دەردەکـا، بە تەلە تێلـێ، زیلـی بە کارئێخست، بازۆ.

زیل، دووەم جارە سواری زیل بم، جـاری بەرێ، بەر لەوەی بەچیا بکەوم، لە نزیک سینەما سیروان، بێریە سـۆرێ گرتمـی و چەند جغارەخۆرێ لە ناو زیل دەسبەسەری کردم، جاری گـۆرین زیل گرتمی، بەڵام ئەو جارە ئێمە زیلمان گرت!بازۆ.

له ناو زیل، لەدایکبوونی ناوزیلم بیرکەوتەوە و گوتمەوە، زیلەکەی رەفیق سابیرم مەبەستە- ئەوەی دەڵێ:

مندالّە کوردێ

لە پاشکۆی زیلا بۆ پێشمەرگایەتی لە دایکدەبێ.

بازۆ، لە ئاسمانێ گڕوهۆڕ و زرموهۆڕ، لە چەند جێیەکی شارەوە دووکەڵ بەری ئاسمانی گرتووە، بازۆ، لە شۆڕشەوە بۆ شەستی و باخچەی خانزاد، وا جوانە گرتەی جوانی ئەو جادە رەشبەڵەکە نیشانبدەمەوە:

لە ناو زیلێ و دەست لە سەر چەک، روو لە ئەرد و ئاسمان، رووەو شار دێین، لە ئاستی کارگەی جگەرە، حەزمچووە جگەرە، ئای بۆ پاکەتێ، چەند ئاسان دەردێ و هەڵدەبێ و بە لالێوەوە دەگیرێ، لە بای غاری زیلێ، جغارەیەکم پێچایەوە، دوو مژم لێنەدابوو، دەستڕێژێ نازانم لە کی لاوە هات، لەگەڵ خۆ نەوی کردنێ، جغارە چوو، بەڵام دارجغارە ما، جێی دەستڕێژ، دەستڕێژە، هاتین و دەستڕێژ نەیگێڕاینەوە.

## شۆڕش، قەڵات

## خەیاڵی بادە

ئێرە شۆڕشە، چ شۆڕشێ! باوەڕناکەم شۆڕشی بەرێ بێ، شۆڕشی بەر بە چیاکەوتنم، تۆ وەرە، بە چاوی من چاودێ، چ رەشبەڵەکێکە جادە، رەشبەڵەکی رابوون و سەرهەڵدان، ژن بە کلکە دوودەو و تیرۆگەوە، پیاو بە خاکەناس و پەرچیغەوە، منداڵ بە دارلاستیق و کوچکە بەردەوە، پڕ بەو جادەیە:

بژی هێزی پێشمەرگە، سەدام لە سەرە مەرگە.

ئێرە شۆڕشە، لەو دوورەوە تیلمێ لە بڵندایی قەڵاتم لێ دەرکەوت، هەستمکرد، جەمەدانیەکەی بابمە، پتر دەرکەوت، کتومت لچکی کەواکەی دایکمە، وای، ئەها رۆژ تازە گزنگێ خۆ دەداتەوە لە دوو سێ پەنجەرەی قەڵاتێ، بە چاوی من، جوان چاودەنێ، جگە لە هی ئازادی، چ نەخش و نیگارێکی ناگاتێ.

لە ناو درووشمی ژنانی شۆڕش و بە دیار قەڵاتی جەمەدانی وکەوێ و گزنگەوە، گریانم هات، بە زۆر خۆم گرت.

جادەی شۆڕش، بە کۆڵەپشت و چڵکنی و سەر و ریش، کوڕەکانی خۆی ناسیەوە، هاتنە پێش زیل، من تیچاوێکم بە

قەڵاتەوەیە و لێینـابێتەوە، رەنـگە لەو سـاتە بەو کـۆترە تەریـوە چـــووبم کە لە نیشـــتنەوەیەک، لە دوورەوە هـــێلانەی خـــۆی دەبینێتەوە و ملەقوتەی بۆ دەکات.

لە ناو هەلهەلە و تلیلیلی ژنان، روو لە قەڵاتێ، بۆم هـات، هەندێ دێرە شیعری شوڕشاویم بۆ هـات و لە سـەر زیلـێ پـڕ بە گەروو بۆ گەڕەکی شۆڕشم خوێندنەوە، رەنجۆ دەڵێ:

بڵێ، بڵێ، رۆژتە.

بـابێ سۆسـەن لە جـامەوە سـەر دەردێنـێ، بە پێکەنینـی شیرن و گاڵتەئامێزانە دەڵێ:

کوڕە ئەتوو چی، لۆرکای؟!

باوەڕ بە چاوی خۆم ناکەم، ئەوە منم لە جادەی شۆڕشەوە، بە جلک و چەکی پێشمەرگایەتی، بە سواری زیلی سەربازی، بە ناو رەشبەڵەکی رزگاری، رووە و قەڵات دێم؟ ئەوێهێ قەڵاتە؟ وا لە بـن دوو سـێ پەلە هەوری لە بەفـری قەنـدیل سـپیتر، لە بـن تیسکی گزنگـێ، لە نیگـام دەدرەوشـێتەوە؟ تـۆش لە جێـی مـن بایت، دەتگۆ:

چاو بە هەڵە چووە.

وا هــاتم، شــاری منــاره و قەڵاتــم، چــا نەبــوو، گــوللەیەکی دۆشکەکەی بازگەم نەگێڕایەوە، چا نەبوو، لە پشت شەقڵاویَ لە فڕۆکەوە پەلە ئاسنێکم نەگرتەوە، چـا نەبـوو، لە هەیبەسـوڵتان مینا شۆڕش رەقهەڵنەهاتم، لە بەری کێوەڕەش بە دەردی گیڤارا نەچــووم، لە چەمەکەی قەڵادزیَ، تــۆپەکەی نــازانم لە کــیهە کێوەوە هاتوو بە وێنەی قەڵادزیَ هەر پـارچەیەکمی بـۆ جێـیەک هەڵنەدا، وا با، خۆ ئێستا قەڵاتم نەدەدیتەوە، بە پێشوازیی شار شاد نەدەبووم، ئەز لە ناوزەنگیَ، زۆر جار سەر لە سـەر کتێـب، خەو نـا، خەیـاڵ دەیبـردمەوە، دەیبـردم، لە سـەر پشـتی پەلە هەوریَ دەگەیشــتمەوە شــار، شــاری ئــازاد، گەڕەک بە گەرمــی خۆشــهاتنەوەی لــیَ دەکــردم، کــۆڵان گوڵیــان بــۆ دەهێنــام، ئۆخەیش، خەیاڵی سەر کتێب، وا لە جادەی شۆڕش هاتە دی.

بە جادەی نێوان باخی خانزاد و خەسـتەخانەی کۆمـاری، بە پارێز بەرە و قەڵات هاتینە خواریَ، سی مەتریمـان بـڕی، تەق و تۆقە، لە ئاسمانەوە ئاگر دیَ، هاتین، قەڵات نزیکە، چـاوت تیـژ بـیَ، بـنجە تـۆرکەی قەدی دەبینــی! بە دەسـتی راسـت پێچمـان کردەوە، بە پێش پەروەردەدا هاتین، لە سـەرە کـۆڵانی سـینەما سیروان، ئەو جێیەی بێریە سۆرەکە لە زیلی پەستام، تیچـاوێکم دا قەڵاتیَ، رەنگە گوتبێتم:

به ئازادی بتبینم.

گەیشتینە بەردەم بانقەکە، دیتمان چەند کەسێ لەگژ بـوون دەرگـای بشـکێنن، بە هەڕەشـە دوورمـان خسـتنەوە، لەوێ لە ئاسمانەوە بووە ئاگر باران، بە پڕەپڕ خۆمان هەڵدا و دامانە بن دیواران، پێشمەرگە بە ئاگر و ئاسن وەڵامی ئاسمانی دایەوە.

وای، کەس نەبینـێ، گەنجـێ دەتگـوت لاولاوە، پشـتی بە دەڕاب دابوو، بە بەر چاومەوە بەلادا هـات، خـوێن بە سـینگ و بەرۆکیدا چۆڕاوگەی بەست، پەلە ساچمەیێ بە لاملـی کەوتبـوو، کەوت، هەڵماندایە ناو زیل، تەماشادەکەین، دەلینگی سۆسەنیش بە خوێنە:

-ئەوە چیە، تۆشی پێکا؟

+هی من چ نیە، کۆنە.

-کۆن؟!

دوو برینی گچکەی بە پێوەیە، وێـدەچێ برینـی سـاچمە بـن، بەڵام هەر بە پێوەیە و باسیشی ناکـات، تـوومەز لە شـەڕی لای بازگەکە پێیکەوتووە، ئیـدی، هەردوو برینـدار و لەگەڵ یەک دوو کەسیدی، بازڕۆ بۆ خەستەخانە.

نەگەیشتبووینە بەردەم ماڵی پێشووی رەسووڵی حەیران، دیتمان زیل بە سۆسەنەوە پەیدابۆوە، برینـدارەکەی گەیانـدبووە خەسـتخانەی کۆمـاری و برینـی خـۆی پیشـان نەدابـوون، بە پـارچەیەکی پشـتێنەکەی جـوان بەسـتبووی، سـواری زیـل بووینەوە، لە خڕ لاوە تەقوتۆقە، بە پارێزەوە باژۆ.

هـاتین، دامـانەوە جـادەی دختـۆران، بەرەو سـیمەتری شـۆڕبووینەوە، لە نزیـک بادەفرۆشـی شـێخان، رێـک لەو سـەرە کۆڵانەی کە ئەوێ ساڵێ، عارەبێکی قاتزەیتوونیی فیلەتەنـی، لە ترومبێـل بـۆم دابەزی، ئەگەر وەسـتای داربەسـتیم نەدەهـاتە پێشـی، بە زلـلەیەک سـەری دەپەڕانـدم، ئەو سـەربردەیە لە (کۆڵان کۆڵان گێڕانەوە) بە دروداو گێڕاومەتەوە.

گیزەی گولله گێژت دەکات، بە شۆستە و دیوار دەکەوێ و هەڵدەقۆزێتەوە، لە زیل دابەزیین، لەو ساتانە بێـوەی بیبینیـت، بێوەی هەست بە پێی بکەیت، مەرگ بەرەو رووت دێ، ئەگەر لە نیشانەشەوە نەبێ، بە گوللەی وێل دێ.

دەترسم، لەو گوللانە دەترسم کە کەس نـازانێ لە کـێ لاوە دێن، شەیتان دەڵێ، بە فیشەکێ تۆپ و کلیلی شێخان بشکێنە و چارەگێ ویسکی بکە مەتارەوە و ناوە ناو فڕێکـی لێـدە، بـادە لەگیـنە ترسـی مـردن دوورخـاتەوە، دەمـێکە دەمـم لێیـنەدواوە،

لەوێ لە پێش دەرگای بادەفرۆش، لە بن ئاگر و ئاسن بۆ چەنـد ساتێ خەیاڵی  بادە بردمی.

## هاوارێ لە فنجانی دارتێلەوە

لە سیمەتری پەڕپینەوە بەری شەستمەتری، رێی عەنکاوە، دەست لەرزینەکەی ئێرەم بیرکەوتەوە، ئەو ساڵەی لە خرپوونەوەکەی قوتابیانی زانکۆ، ئەوەی بەردەم سەرا، کاتێ وەلەکە بەعسی بە پەرچیغ و قۆنداغە تفەنگان بە ناومان وەربوون، من لێرە، لە چاخانەی ئەو قوژبنە خۆم گرتەوە، پێدەچوو زۆر ترسابم، ئاخر پیاڵەم لە دەست دەلەرزی، بەڵام ئێستا ترس ناناسم، رەنگە من لەو کەسانە بم، دارا چاوشین گۆتەنی :

پیاو نەوێرۆکیش بێت، تفەنگ پیچێ بوێریی دەداتێ.

بیرمان ناچێ، ئێمە نیازی گەیشتنی سەربازخانەمان لە سەرە.

بەر لە پەڕینەوە، تۆ بەرێ خۆدە بەری رۆژهەڵات، بەری تەیراوە، ببینە چ هەستاوە، بەری ماڵی سابیر سارووخ دەڵێم، ئەو شەقاوەیەی زوو، لە ناو ساکەگۆڕی یاری، بە تۆپە ساروخیەکەی تۆڕی گۆلی دڕاندبوو، چاوی سەربازی شکاندبوو، لەوێ ئەفسەرێکی عارەب گوتبووی:

سەگباب کورد، تۆپی تۆپانێی لە تۆپی دەبابەی ئێمە بەهێزترە.

بەری راپێچخانەی پێشوو، ئەو جێیەی سەردەمانێ، ساڵ ساڵـ گەنجی هەژدە ساڵیی راپێچی سەربازی دەکرد و زۆریان بە شەل و گێڕی، بە دارشەق و کوێری، یان هەر نەدەهاتنەوە.

بەری کورد و عارەب، ئەو باخچەیەی سەردەمانێ عارەبی زارشیرنی وەک ئەوەی خۆشمانی لە سێبەری درختە کوکوختی گرەکانی، ماندوێتی خۆی دەسڕیەوە، رابوو، تەیراوەی ئەستێرەدار رابوو، ئەو گەڕەکەی یەک و دوو نا، چەند ئەستێرەی ورشەداری لە شێوەی قەرەنی جەمیلی هەڵداوەتە ئاسمانی شار و لە دڵێ قەڵاتێ ئاواناین و ناین.

چاودەنە تەیراوە، لەو سپێدەی راپەڕینە، ورد و درشتی هەستاوەتە سەر پێ، دێتە پێشێ، چ هاتنە پێشێ، بە کیمای عەلی کیماویش ناکشێتەوە پاشێ، ببینە:

پیرەمێردێ خەنجەرێکی ژەنگاوی لە دەستە، رەنگە لە سەردەمی حەسەن بەکرەوە لە بن عەردی شاردبێتەوە، ئەوشۆ دەری هێنابێ، ئەها لە هەوایێ رایدەوەشێنێ و دەڵێ:

لە کوێیە، عەلی حەسەن مەجید لە کوێیە؟ کاری مـن لەگەڵ ویە.

پیرێژنـێ، کـوورێ بـۆتەوە، پێنـاچێ کەرتە ددانێکـی لە دەو مابێ، بە دەستی لەرزۆکی تیرۆگ رادەشەقێنێ:

بەخوای کەمە، ئەو شەدامە گـێ رەشـە بگـرم، ئەو دارەی لە قوون دەبڕم.

کچێکی پارچەڵە کێردێکی درێژی لە دەستە، چاو دەگێـرێ و دەڵێ:

جاشە تەرەسەکەم نیشاندەن.

گەنجێ چەقۆیەکی هەلقەداری لە مستە و هاوار دەکات:

بێریە سۆر کەرت کەن.

تەیـراوە تـووڕەییە، پـڕە، لە جـادە و کۆڵانـان شـەپۆلان دەدات، تەیراوە هاوارە، لە فنجانی دارتێلەکانەوە دەنگدەداتەوە، بە شاردا رەنگدەداتەوە، تـۆ بڵێـی بەلاشـاوەی فازیـل رێحـانەش رژابنە جادە؟ !

لە تەیـراوەوە هەسـتمکرد راپەڕیـن سەرتاسـەریە و دوورنـیە بگـاتە سـەر، لە تەیـراوەوە بە تەواوی ترسـم شـکا و یەکپـێ بە دوای مەرگ کەوتم، تەیراوە بە ئازادیت دەسپێرم.

**سوپا**

**سپیی هەڵدا**

لە سەر جادەی شەستمەتری، فلکەی دواتری میتەران، دەستی ئەنجوومەنی کارتۆنیمان گرت، ئەو جێیەی ساڵی پاشی، جێی بۆ پەرلەمانێکی لە شێوەی خۆی جێهێشت، دەستی سەربازگەی گەورە، ئەو سەربازگەیەی بەری لە رێی گەورەبوونی شار گرتبوو، دواتریش بووە جێی پارتپێداوان، دەستی ماڵە ئەمنەکان، ئەوانەی دواتریش لە زۆر دەزگا دەستچێنیان ما، بیرم نیە لە چ سەرە کۆڵانێ زیلمان کوژاندەوە.

لێرە، کێ ببینم باشە؟ دارا چاوشین، گوڵەستێرەی ناو گوڵەستێران، دەمێکە نەمدیوە، من ئەو کوڕەم لە بن گارەوە دەناسی، ئەو کوڕە باڵابەرزەی بە پێوە شەڕیدەکرد، لە بن رێژنەی گوللە باوەشمان پێکدا کرد و یەکترمان ماچباران کرد، نەوەک چیدی نەیبینمەوە، لێرە بە رستەیێ مەرگەکەی دەنووسمەوە:

دواتر، ئەو کوڕە چاو فریزیە، بەژن چنارە، لە گەڕەکی باداوە، لە هیچوخۆڕا، نامەردانە دەستیان لێوەشاند، بە گوللەی خێلی ناو شاری، گیانی سپارد.

ئێ، شەڕی گەورە لێرەیە، گولله دەڵێی چەوی درشتە لە قەلابەوە دەڕژێتە جادە، بە بن دیوار، بن دار و دار، پەنا دەرگا بۆ پەنا دەرگا، دەچینە پێشێ، بیرمە چوومە حەوشەیێ لە حەوشەی ماڵە ئەمنان، لە پەنجەرەوە دیم، ژنێ بە جلکی خەوەوە لەو گۆڕە لە سەر گازەرەی پشت راکشاوە، بە پێلەقە دەرگام کردەوە، دووسێ چەکداریش بە دوامدا هاتن، ژنە دەتگوت خەوی لێ کەوتووە، لە بن کەلەکەی خوێنم دی، بەترسەوە مەچەکم گرت، سارد و سڕ، بێ ترپە، ئەورۆ نیە لە پارەکەوە مردووە، یەکەم جارمە دەستی مردوو بگرم، زوو بەرمدا، وا هاتە خەیاڵم بەرینەدەم، لەگەڵ خۆی دەمبات! گوێم لێیە یەکێ دەڵێ:

دوورنیە ئەو قاحپەیە بە قەستی خۆی مراندبێ!

ئاوڕێکی رقاویم لێیدایەوە و هیچم نەگوت، پەردەی پەنجەرەکەم لێکردەوە و پێمدادا، هاتمەوە جادە، تەقەمان لە سەرە، پەڕیینەوە بۆ بەری سەربازگە، خۆ هەڵدانە ناو کوورەی ئاگرە، لێرە، لەو جادەیە، هاوڕێکانم بوێریی خۆیان جوان نیشاندایەوە، من بوێریی ئەوانم پێشتر دیبوو، لە کێوەڕەش بەم دیوەوە، لە تاریکی و بن بارانی هەیبەسووڵتان، لە سێبەری فرۆکەی پشت شەقلاوەی بن سەفینێ، لە پیرمامێ، لە بارگەی

هەولێـرێ، لە کـۆلانی بادەفرۆشـەکە، دیبـوو، لێـرەش ئەوەتـا دەیانبینم :

چـاو، چـاو، ئەوە رەنجـۆیە، بە تەقەکـردنەوە، بە خشـکە و گەوزینی پارتیزانی لە جادە دەپەڕێتەوە، گوللە ئەو ناوەی کردە سەرند و بێژنگ، ئەو گرتەیە لەفیلم ئاسایی و ئاسانە، بەڵام لەو گۆڕە و لە پێش چاوان، مەگەر تەنێ لەو کوڕە بوەشێتەوە.

سەنگەرە خۆشناوەکە بۆ ناڵێی! گەرم گەرم داهاتووە، حاڵی جەنگـــی گرتـــووە، نـــاگەڕێتەوە، پێـــدەچێ گـــوللە بە بەردی دارلاستیق تێگەیشتبێ، کەمـێ گەرمتـر دابـێ، بە دەسـت گـوللە دەگرێتەوە، ئەو کوڕە زۆر پەلە، خۆی بە پەلێک دانەدا باشە.

دوا گۆتە و گرتەی ئەبوو سۆسەنم لە گوێ و چاوە:

هەوکە من دەپەڕمەوە، هەرکە گەیشتمە ئەو بەری، تۆ وەرە.

دەتگوت پەلیکە، لە چاو ترووکـانێ گەیشـتە بـن بـنەدارەکە، ئـــاوڕی دایەوە، بەدوایـــدا چـــووم، ئەهـــا دەســـتێکی، دەســـتی هەڵگەڕانی لە سەر لادیوارێکە، بە دەستێکیشی تەقە دەکات، بە تەقەکردن و گیانبازی بازیدا، لە ئاودیوبوونێ، دەستڕێژێ ئاگری لە لادیـــوار بەردا، گـــوللە لە پۆلـــوو دەچـــوو، لەو دیـــوەوە بە تێکەڵەیێ لە کوردی و عارەبی هەواڵی پرسیم، گوتم:

مەترسە، پێمنەکەوت، هاتم.

تـــــا مـــــن ســـــەرکەوتم، بەری ئەو بەری، ئەو بەرەی دەسترێژەکەی لێوە هـات، دایە بەر دەسـترێژان، داراشـم دیـت، لەو سـەری، بە پێـوە تەقە لە جێـی تەقە دەکـات، تەقەکـان لە بەری فەرمانگەی (ئەمن)ەوە دەهاتن، چیدی دارام نەدیتەوە.

ئێ، هەوکە لە نـاو سـەربازگەم، دیـار نـیە، شـەڕ لە کـوێیە، تەق و تۆق نیە، خۆم لە پەنای کەچە جێبێکی لە کار کەوتـوو دیتەوە، چاو دەگێڕم هیچ کام لە هاوڕێکانم دیار نین و دەنگیان نیە، ئای! لە کوێ لێێیان دابڕاوم، ئەو لا هاوڕێ، ئەم لا هاوڕێ، هاوڕێیەک نیە، سێ چـوار چەکـدار لەو نـاوەن، نایانناسـم، بەڵام دیارە لە بەرەی گەلن.

ئـــێ، مـــن وا بە دوای هاوڕێکـــانم دەگەڕێـــم، وردە تەقە لە دوورەوە دەبیســـترێ، بەڵام وێ نـــاچێ شـــەڕ مـــابێ، نـــا، شـــەڕ نەماوە، سەرباز شەڕیان نەکرد، وێدەچێ ئاشـەبەتاڵی سـەربازان بێ، خڕ خۆیان رادەستی خەڵک و خوا کردبێ.

تـاق و لـۆق چەکـدار لێـرە و لەوێ دەسـووڕێنەوە، لە بـن دیـوارێ سـووڕامەوە، لە ژوورێـکەوە دەنگـی پـاڕانەوە و بەهانـا هاتنەوە دەبیسترێ، دەرگا تۆپێکی گەورەی کلیلدراوی پێوە، لە

پەنـجەرە گچـکە شیشـدارەکەوە تەماشـادەکەم، شـەش حەفـت سەربازی جلکشڕ، منداڵانە لە خۆ هەڵدەدەن، بە عـارەبی هـاوار دەکەن:

ئێمە بەندکراوین، لە راهی خوای ئازادمان کەن.

یەک دوو کـوڕیژگەی تـازە هەڵچـوو، وا لە گـژن تـۆپەکە بشکێنن، ناشکێ، دوورمخستنەوە و گۆتمە بەندکراوەکانیش :

لە راستی دەرگا دوورکەونەوە.

سـێرەم لێگـرت، بە فیشـەکێ دەرگـام بـۆ بەنـدییان خسـتە سەرپشت، بە نیازی ماچباران پڕیـان دامـێ، بەڵام رێمـنەدا لـێم نزیکببنەوە، گوتم نەبادا نیازخراپێکیان تێدابێ.

لە ناو سەربازگە دەسووڕێمەوە چـاو لە هـاوڕێ بزربووەکـانم دەگێـڕم، سـەرم بە هـۆدەیەکی گەورەدا داگـرت، لە پێشـە مـن چەکدارێ چـووە ژوورێ، وای وای! لەو جبەخـانەیە، لادیـوارێکی جامخانەی لە شێوەی کتێبخـانەیە، بەڵام کتێـب نـا، قـات قـات، خـانە خـانە دەمـانچەی تێـدایە، دەمـانچەی نـوێ، تەقەیـان پێنەکراوە، سـێ چـوار دەمـانچە، هەر یەک لە جـۆرێکم، خسـتە بەر پشتێن و تاخمەوە، چاوم زۆر گێڕا گوللەی دەمانچە نەبوو، لەو لایەوە یەک پارچە کلاشینکۆفە، تێـر تەماشـام کـردن، بـارم

گرانە و دەستم بۆیان نەبرد، لە لای دەرگاوە دوو سێ باولە فیشەکی کلاشینکۆف لە سەر ئێکن، ئەوە باشە، من وا تێبگەم تەنها سی و یەک فیشەکم پێمابوو، خۆم پڕ فیشەک کردەوە، لە هاتنە دەرێ خەڵک پێوەربوون، جغارە پێچانەوەیەکی نەبرد، جبەخانە فیشەکێکی تێدا نەما.

لە پەنا دیوارێ لە سەر بلۆکێ دانیشتم، جغارەم پێچایەوە و بە دارجغارەمەوە کرد و بکێشە، بیرم لای هاوڕێکانمە، چەکدارێ بە بەردەممدا تێپەڕی، وێنام کرد، بەڵام نەمناسیەوە، گەڕایەوە، وا دیارە دەمناسێتەوە، ناسیمیەوە، ئەو کوڕە پێشمەرگە بوو، یەک دوو جارێکم دیتبوو، دوای ئەنفال، لە ناوزەنگەوە بە لێبووردنێکی گشتی تێیکردبۆوە، حەیف ناویم بیرنەماوە، دوای چاکوچۆنی، گوتی:

پێش کەمێ، ئەبوو سۆسەن و هاوڕێکانیم دیت.

هەواڵێکی خۆش بوو، ئێ، درەنگە، رۆژ خەریکە دەسووڕێتەوە، هێزی پاتار گەیشت و وا سەربازگە باردەکەن، تانکیەکی گچکەی ئاوم دیتەوە، تانکیەکە سەیر و سەرنجڕاکێش بوو، پێشتر هی لەو شێوەم نەدیتبوو، دەست و چاوم لە بەری شووشت، دوو شەقاو لێی دوور نەکەوتبوومەوە، دوو کەس باریانکرد، لەوێ چەکدارێکی ریشنی بەر سمێڵ

هەڵقـاچراوم دی، ناسـیمەوە، پێشـمەرگە بـوو لە نـاوزەنگی لە بارەگای بـزووتنەوەی ئیسـلامی دیتبـووم، کێیـدیم دی؟ ئـا، ئەو کـوڕەی بـرادەرم، بەر لە چیـاکەوتن، چەنـد جـارێ چـاپەمەنی کۆمۆنیســتانم لێیوەرگرتبــوو، هەو بــوو، دڵشــادی نــاو بــوو، یەکترمان لە باوەش کرد، ئەو کـوڕە یاریـدەری پزیشـک بـوو، وا تێبگەم ئەو شەوە لە سەربازگە ئێشکگربوو پرسی:

+تۆ بەتەنێ هاتی، ئەدی هاوڕێیان؟

- بە تەنێ نەبووم، بە تەنێ مامەوە، لەوان دابڕام.

پاش کەمێ نازانم بۆ لەویش دابڕام.

## شار

### ئازادیت باش و تەمەندار

لە دەمی هاتنە سەر جادە، چەکدارێکی شلکی رێکپۆشم لێ پەیدا بوو، لە دڵی خۆم گوتم هەبێ نەبێ، ئەوە جاشە، بەڵام وا دەرنەچوو، دیار بوو بە کۆڵەپشت و هەندێ نیشانە زانی من لە چیاوە دێم، چاکوچۆنی گەرمی کرد، ئەو کورە پارتی بوو، لە شانەی شار بوو، ناوێکیتری هەبوو، بەڵام دواتر بە کرمانج عەبدولا ناودار بوو، لەگەڵ وی چووینە ماڵی وان، ماڵیان لە کوێیە؟ لە تەیراوە، ئەو تەیراوەی ئەورۆ خوێنی بەخشی، بارامێکی خۆی بە شار و وڵات بەخشی، ئەو بارامە برای قەرەنی جەمیلی خاوەن کۆشکی رەنگ و نەخش و نیگارە، دروودی بۆ بخوێنن، یەکێ لە شەهیدانی ئەورۆی شارە.

هەر لەوێ، دەبینم، گەنجێ بە شێوەیێ چاوی لە سەر دەمانچەکانی بەر پشتێنمە، تێگەیشتم ئەگەر نەیدەمێ، رەنگە ئەوشۆ ببێتە مار و لە گەردنم هالێ، دامێ و لە خۆشیا باڵی گرت و نەمدیتەوە .

کرمانج میوانداریەکی جوانی کردم، شتێکم خوارد و حەسامەوە، تا سەیداوە لەگەڵم هات، ئەحمەد حەیرانیشمان

لەگەڵ بـوو، ئەو حەیـرانە حەیراننناسـە و حەیـرانیش دەڵـێ، لە سـەردەمی زانکـۆوە دەیناسـم، لەو ڕێـیە، لە تەیـراوەوە تـا سـەیداوە، هەسـتمکرد، مـن و ئەوان، بە تـایبەتی حەیـران، لە ڕۆیینێ چەند لێکدی جوایەزین، لە هیچ هەنگاوێ خزمـی ئێکـدی نابینەوە.

چیایی لە ڕۆیین و ڕوانینێ هێند جودایە لە هی شاری، وەک بڵێی نەچنەوە سەر یەک بنج و بنەوان، جا چ بنجـی مەیمـوون بێ، یان بنەوانی ئـادەم و حەوا، چیـایی کە پـێ هەڵـدێنێ، نیـو گەزێ لە زەوی بڵنـدی دەکـاتەوە، دوور، شـتێ کەمتـر، پتـر لە گەزێ، هێند بە وریایی دایدەنێتەوە، دەڵێی دەیخاتە سەر سەری مـاری داکـانە، لە دەمـی ڕۆیینـێ، چیـایی دوو چـاوی لێکـدی دووری هەیە، لە سەر چ پنتێ ڕوانینیان تێکناکاتەوە، چاوێک بۆ بەر پێ، چاوێکیش بۆ دوور و بۆ ئاسمانێ.

تـۆ تـا سـاڵانێ بە چیـاوە نەمێنیـتەوە و لە پـڕ بە شـار نەکەویتەوە و بە پێڵاوی لاستیقەوە بە سـەر جادەی قیـڕا، پـێ هەڵنەهێنی، ئەو دوو ڕۆیین و ڕوانیـنە نـابینی، مـن دیـم، ئەهـا، چەند لەوان جیا دەڕۆم، ئەوان چەند شارییین، من چەنـد کێـویی چیایی.

له جیایی رۆیین گەڕێ، دوایی لەوە لێکدی نزیکدەبینەوە، لەوێ، لە سەیداوە، دەمانچەیەکم دایە حەیران، گەلەک دڵی پێخۆش بوو، هەڵگێڕ و وەرگێڕی دەکرد، دەیخستە بەر پشتێنی و دەریدەهێناوە، گۆتی:

وای، لۆ سێ چوار فیشەک.

وەک بڵێی نیازی کەتنێکی لە سەر بێت! کرمانج گۆتی:

حەیران پەل مەبە.

حەیران بە پێکەنینەوە:

نە، بابە، ئەمنێکییان لۆ من نەهێشتەوە، تا فیشەکێکی بە قوونێوە نێم.

ماڵاواییم لێکردن و بە تەنێ مامەوە.

بیرتانە، لە جبەخانەکە سێ چوار دەمانچەم هێنا، ئێستا یەک دەمانچەم ماوە، ئەوانیدیم لە ڕێ دا ناسیار و نەناسیاران، دوایی دەمانچەکەی حەیرانم بیربهێننەوە، ئەو دەمانچەی کێشەی نایەوە.

ئێ، ئێستا، شار ئازادە، ئێرەش بە پێشمەرگە نا، بە (بڕی پێشمەرگە) ئازاد بوو، لە جادە و کۆلانان خەڵک لە خۆشیا باڵیان گرتووە و بە زەوی ناکەونەوە، ئەوڕۆ ڕۆژی باڵ لێکدان و فڕینە، لە دڵەوە دەڵێمە شار:

ئازادیت تەمەندار بێ.

**باوەشی**

**بابی ناو خەونێ**

وا لە سەرە کۆلانی ماڵی هەقایەتبێژەکەی سەیداوەم، دەبینم لە خانووە گەورەکانی ئەو بەرەوە، خانووی بەعسپێداوان خەڵک بە پاتارەوە دێنەوە، هەیە، تەلەڤزیۆنی لە سەر شانە، هەیە کورسی، هەیە مافوور، چووزانم، هەر شتێکت دەوێ وەرە لە سەر شان و دەستان، لە سەر عارەبانە و راکێش راکێش بیبینە.

لە لای ساکەگۆڕی یاری، رێی کەرکووکێ، دەنگی تەقە دێ، وێدەچێ گەرمە شەڕ بێ، تەواوێ راوەستام، بچم نەچم، وا باشە نەچم، لە پەڕینەوە گوێم لێیە دەڵێن:

تەواو، ئەوێش گیرا.

ئەوێ وەک دەڵێن (مەنزوومەی شیمال)ە، پیاوکوژ و میرغەزەبەکانی شار، لەوێ شەڕی مان و نەمان دەکەن، پاشتر پێکەوتم ئەوانە چ بەرگری و شەڕێکیان کردووە، هەبوو دەیگۆ:

ئەگەر سەدام لە هەر شارێ سەد پیاوی وای هەبا، وای بە سەر نەدەهات، لەشکری تەتەریشی دەشکاند.

لێـره تەواو پـێکەوتم، هەمـوو گەڕەکەکـانی شـار شـۆڕش و تەیراوەن، هەموو هەستاون.

بەر لەوەی بپەڕمەوە بەری بەلاشـاوە، بەلاشـاوەی منـداڵی و گەورەییم، حەزم لێیە چەند رستەیێ لە مەڕ سەدامی بن دەسـت و پێیان بڵێم، سەدامی ئەو ڕێوبانە، لە سەربازگەوە تا ئێره:

تۆ لەو هەموو وێـنە بـڕوانە، لەو ژن و منـداڵ و نەوجەوانـانە بڕوانە، ئەو ساڵەی من لە داخـی وی بە چیـاکەوتم، کـوا هێنـده وێـنەی بە دار و دیـوارەوە هەبـوو، رەنگبـێ ئەو چەنـد سـاڵەی بـووری، بەغـدا نیـوەی بـووجەی ئەو شـارەی لە گەورەکـردن و نەخشـاندن و لە چێـوەگرتنی وێنەکـانی سـەدام خەرجکردبـێ، بـۆیە شـــار بەو دەمەو بەهـــاره لە پـــایز رووتتـــره، ئەو شـــاره رووتورەجاڵ و برسی دیاره.

چاودێ، ژن و منداڵ چۆن کەوتوونەتە سـەر سـەدامێ کە لە هەزاری یەک شـێوە، خـۆ دەنـوێنێ، بە هەزار ئەکـتەری نـاودار، هینـدەی وی وێنەیـان نەکەوتـۆتە بـازاڕ، لە دنیـایێ چ سـەرۆکێ هێنـدەی ئەو سـەرۆکە ((زێڕە)) پـارەی لە وێـنەی خـۆی خەرج نەکردووە، قسەم لە مامە و کاکەی پاشترێ نیە!

ئەها، ئەو ژنە سەلکە سـەدامێکی بە دەسـتەوەیە و پەنـجەی خستۆتە ناوی چاوی و تف لە چارەی دەکات و دەڵێ:

کوڕەکەم، هەی فیرعەون کوڕەکەمت لە کوێ کوشت؟

ئەو منداڵە، سـەدامێکی گەورە، هێنـدەی لادیـوارێ، بە دوای خۆیدا رادەکێشێ و دەڵێ:

سەدام حوسێن گەوادە

منداڵەکانیدی لێی وەردەگرنەوە:

بیگرە و بە جادەی دادە.

درەنگمە ئەو هەموو گرتەیە بە من نیشانناردرێتەوە .

ئـــێ، بە تفەنگـــی ناوزەنـــگ و دەمـــانچەی بـــێ فیشـــەکی سـەربازگەی شـار، لە شەسـتمەتری دەپەڕمەوە بەری بەلاشـاوە، هاتم، ماڵێ هاتم، داخوا خەون نیە، من وا دەو کەند و کەند، بە جـادی ریمـان، رێـم داگرتـووە بەرەو مـاڵێ، دڵـم دەم نـادەمێ هەزارە دەکات، تۆ بڵێی کەس نەمردبێ، بڵێی خەونەکەی رانیە، ئەوەی بە بابمەوە دیتم، وەراسـت گەڕێ؟ ترسـم لەوەیە هەنـدێ کەڕەت خەون بەرەواژ دەبێتەوە، نـاوە نـاوە پـێ هەڵـدەهێنم تـا هەرچی زووە بگەمە ماڵێ، لەپڕ هێواش دەکەمەوە، پێم لە دوام

نایێ، دەڵێم ئەگەر لە  سیلەی خانوو، لە سەردەرگای حەوشە بە سەر هەواڵێکی ناخۆشدا بکەوم.

نەگەیشتبوومە راستی ماڵی پێشانی حەمەد مەستان، ئەو پیاوەی لە سەرە (کۆڵان کۆلان..)ی من هەمیشە شووشەی بادەی لە دەستە، کێ ببینم؟ کانەبی، ئەو کوڕە برادەری منداڵیمە، زووش بە چیا کەوتبوو، دوای ئەنفال لە ناوزەنگێ دیتمەوە و  ئەویش وەک هەزاران خۆی رادەستکردەوە، باوەشمان پێکدا کرد، گوتی:

نازانم نە ئەورۆ بوو نە دوێنێ، بابتم لێرە دی.

هەواڵێکی خۆش بوو، بەجێمهێشت، نەگەیشتبوومە سەرە کۆڵانی ماڵی فازیل رێحانە، ئەو کوڕەی بۆ رۆژێکی وەک ئەورۆ رووی کردە چیا و نەهاتەوە، کچێکی پارچەلەی بەژن زراڤ، منداڵێکی گچکەی بە دەستەوە، وێنەی گوڵ بۆم گرژیەوە، خۆم لێی لادا.

+خارە، نامناسیەوە؟

بە رەنگ نا، بە دەنگ ناسیمەوە، ئەوە کچە گەورەی خوشکی گەورەمە، لە ئامێزم گرت، گوتی:

دەچیە کوێ؟

-دەچمە کوێ!ماڵێ.

+ماڵتان لێرە نەماوە .

-لۆ، لەمێژە؟

+تاهەو واهـ! چەند ساڵێکە.

لە بەر خـۆمەوە دەمگـوت، باشـە ئەدی ئەو بـرادەرە، بـابمی لێرە نەدیبوو، تۆ بڵێی کەسێکیدی بەو چوواندبێ؟ چـاوم گێـڕا، لەوێ نەمابوو، دەنا لێمدەپرسی، دەو جـادە و جـادە بامانـداوە سەیداوە، تا نزیک ماڵێ، من دەمپرسی:

راست بڵێ، کێ ماوە، کێ نەماوە؟

رازیە دەیگۆ:

هەموو زیندوون، هەموو لە تۆ ساغترن.

پرسـارەکەم نـازانم چەنـد جـارەکردەوە، هەمـوو جـارێکیش هەمــان وەڵام، بەو دیــوەی کــۆڵانی مۆســکۆدا ســووڕاینەوە، دەرگایەکی گچکە، لە سەر دەرگا، رازیە پڕ بە گەرووی:

خارە کەریم هاتەوە، خارە کەریم.

مـــاڵێ، دایکــم و هەنــدێکیان لە مـــاڵێ بـــوون، لە بـــاوەش پێداکردن و ماچ مەپرسە، وای لە باوەشی دایک! کێ دەزانــێ لە چی دەچێ؟ من دەڵێم  هیچ لەو ناچێ .

دایکـم  زۆر نەگـۆڕا بـوو، بـرا گچکەکەمـم نەناسـیەوە، ئەو برایەی دواتر بـووە کەسـەری دڵ، منـداڵی خوشـک و براکـانیش ئەوە هەر لێگەڕێ، بابم دیار نیە، پرسیم:

+ئەدی بابم ؟

-بۆ هەواڵپرسینی خزمان، چۆتە بەلاشاوە.

وا دیــارە بــرادەری منـــداڵیم راســـتی گوتـــووە و بە هەڵەدا نەچووە، بەڵام دڵەڕاوکێ بەرینەدەدام، بە تیچـاو دەمـڕوانیە نـاو چاوی هەمووان، بزانم شتێکم لـێ ناشـارنەوە! لێیـانم خوێنـدەوە درۆ ناکەن، زۆری نەبرد لە حەوشەوە دەنگم بیست:

کوا کوا، لە کوێیە، بە راستتانە؟!

دیتمەوە بابمی ناو خەونەکەی رانیە و زیندە خەوەکەی سـەر پردی بەستۆڕە و خەونەکانی سالانی چیام دیتـەوە، لە هـی نـاو خەونان تیشکاویتر خۆی دەنواند، بابم سیمای نەگۆڕابـوو، بەلام کەمێ پشتی چەمـی بـوو، سـاقۆ درێـژەکەی لەبەر بـوو، رەنگـی

ساقۆ گۆڕابوو، دەنا دەمگوت هەر ئەوەی پێشانە، وای، باوەش و ریش و بن ساقۆی باب! ئێستا مردن هەقە و ناهەق نیە!

## خەجە باوە

## پاڵەوانی شار

لە سەر نان، وای، چەند لە خەون دەچێ، نانخواردن لە باوەشی ماڵ، لە ناو دایک و باوک و خوشک و برا و کەسوکار، لە دەمی چا خواردنەوە، هەواڵی چەند شەهیدێکم بیست، لەوانە خەجە باوە، ئەو ژنە بوێرەی پێشڕەوایەتی چەند گەڕەکێکی شاری کردبوو، ملی نابوو، نەگەڕابۆوە، لەو رۆژەوە بووە هێمای ژنی بوێر، لە کۆڵانی سەرێی ماڵی ئێمەش کچێ تازە هەڵدەچوو، لە ئاسمانەوە تەلەزمە ئاسنێکی بۆهات و شەهید بوو، زۆریدیش.

دەمەو ئێوارە لە سەرەوەی ماڵە گامێشەوانان، کوڕێژگەیەکی شێتۆکەم دی، بە تەزبێحێکی قل گەورەی کورتی هەشت نۆدە دەنکی، شەهید و برینداڕانی رۆژی ئازادیی دەژمارد، لە تەزبێحەکەی ئەوەوە ئەو ناوانەم بیرماوە:

مامۆستا بارام، خەجە باوە، پەیمان...

دوایی تەزبێح و شەهید و شێتۆکەم وەبیربهێننەوە، هەوکە دەپەڕمەوە بەری ئەو بەر .

هەر دەمەو ئێوارەی ئـازادی، لە سـەیداوەی ئەو بەری، بەری تـانکی، نزیـک ئەو جـادەیەی  لە ڕۆژی هەڵاتنـی شـار، جەوهەر بـاپیر لە بەرەنگـاربوونەوەدا بە گیـان چـووەپێش و دواتـر بە خوێنی خۆی بە ناوی خـۆی کـرد، لەوێ، لە سـەرە کـۆلانێ، بە ڕێکەوت، کچێ دەرکەوت، من هەستمکرد لە ناو گۆرانیی (ئەمان کـورتێ، کـورتە بـاڵا) دیتـوومە، لەوێ بیسـتم ئەو کـچە ئەوڕۆ سـبیانێ زوو، مـن هێشـتا نەگەیشـتبوومەوە شـار، لێـرە لەو کـۆڵانەوە، یەکەم کەس بـووە، تلیلیلـی ڕاپەڕینـی لێـداوە و ئەو بەشـەی سـەیداوەی بەئاگاهێنـاوە و بە دوای خـۆی داوە، کـچە ناوی گوڵێ بوو، باسکی پێچابوو، بیسـتم تەلەزمە سـاچمەیەکی گرتۆتەوە، لەوێ تێگەیشتم شار سەرشارە لەخەجە باوە .

ئەو ئێـوارەیە کەسـوکار بە ماڵمـان وەربـوون، ئەو شـەوە شەوی ژماردنی شـەهیدانی شـار بـوو، شـەوی ناوهێنـانی  ژن و پیاوە بە جەرگەکانی شار بوو، ئەوانەی خۆیان بە ئاگر و ئاسـن دادەدا و لە چـاوی بەعـس نەدەگەڕانەوە، ئەوانەی ئەوشـۆیان بۆمان هێنا و لە ئازادییان خڕکردینەوە، لەو شـەوە، ئەو نـاوەی ناوە ناوە دەهاتە ناو ناوانەوە، خەجە بـاوە بـوو، ئەو ژنە، ژن و پیاو بە پاڵەوانی شار ناویان دەهێنا .

ئەو ئێوارەیە، لە هەندێ ئێزگەی دنیاوە، هەولێر باس و سەرباس بوو، چەند لە زاریان خۆش بوو، دەیانگۆ:

کورد، چەکدارانی کورد، دەستیان بە سەر هەولێر، هەولێری پایەتەختی هاوینەدا گرت.

بیرماننەچێ، تا هەولێریش ئازاد نەبوو، بەفری رێی هاتنەوەی سەرانی گەورەی بەرە، نەتوایەوە، بە ئازادبوونی هەولێر، ئەوان پێیان خستەوە ئەم دیوەی ئەو بستیۆکەی کە دوژمن ناوی ناوە سنوور.

ئەو شەوە لە تەنیشت بابم خەوتم، ساقۆکەی دانابوو، دەنا دەچوومە بنی.

سبەی زوو، تازە قەڵات تاوی لێ کەوتبوو، هاتمە دەرێ، دیارە لەچاوی ماڵێم دەخوێندەوە کە بەوان بێت، لە ماڵێ نەچمە دەرێ و لە ئامێزیان بمێنمەوە، بەڵام بە زار نەیاندەگۆ، گۆتم:

سەرێ دەڕۆم، زوو دەگەڕێمەوە.

## تیشێ لە شاخێ

چــوومە بارەگــا، ئێــوارێ زانیبــووم، تەلاری (ســـەندیکای کرێکاران)یان گرتووە و بـۆ خۆیـان گرِیـان داوە، زۆر لەوانەی لە جێیــان بزرمکردبــوون لەوێ دیتمــنەوە، ئەوانەی لە بادینــان و بەری گــارە، لە ســەفین و خۆشــناوەتی، لە بەســتی شــەرغەو دەشـــتی هەولێـــرێ، لە قەنــــدیل و نــــاوزەنگێ، لە کـــوێی پێشـمەرگایەتی بزرمکردبـوون ئەوتـا لێـرەن، هەنـدێ لەوانەی لە شاریش جێمهێشتبوون، لێرە لە بارەگـای کۆمەنیسـتان، ئـامێزی ئازادی بەیەکتردا دەکەین، کەشێکە بەهەشتنشـین ئیرەییـت پـێ دەبات.

لە راڕەوەکەی ســــەرێی ســـەندیکا لەگەڵ ســــێ چـــوارێ راوێچکەمان دەکرد، کەسێ بەپڕتاو هات:

لە ناو میدیاوە تەقە هەیە.

دیارە تەقوتـۆق و لێـرە و لەوێ هەبـوو، بـۆیە کەس  تەقەی ئەوێــی بە هەنــد هەڵنەگرتبــوو، یەکپــێ چــووین، ســەعدوون پێشمانکەوت، شتێ لەو سـەعدوونە عـارەبە نەگێـڕمەوە، میـدیام بۆ ناگێڕدرێتەوە، ئەگەر کەسێ بڵێ:

ناوی حەفت پێشمەرگەی هەرە ئازای کۆمەنیستی کورد و عارەبم بۆ بڵێ.

بێ سێ و دوو سەعدوون ناوی لەو حەفتەیە، ئەو پیاوە کاتێ بە چەکەوە لە پێشت رادەوەستا، هەستتدەکرد تیشە شاخێکە و مووشەک نایبڕێ.

ئەو عارەبە کوردیزانە جەمەدانی خڕە، پێیەکی لە شاخە یەک لە شار، لە شار خۆی دەکاتە ئەفسەر و ئەفسەران پەلدەدات، دەگەڕێ و شاران دەکات، لەو راپەڕینەش مەگەر هەر خۆی بزانێ چەند میرغەزەبی رەوانەی ئەو دنیا کردووە، ئەو کوڕە دەکوژێ و ناشارێتەوە، بەڵام باس ناکات و ئازایەتی خۆی دەشارێتەوە، ئەوەی لە بەر چاوان و بوو، نەیتوانی لە کەسی بشارێتەوە، نەبەردیەکەی شەشی ئاداری شارە، بۆ ئەوە لە باخی شار و شێخەڵا و بەری گومرگ بپرسن.

چووین، هەر زوو فیشەکێ هاتبوو، کەسێ کەوتبوو، هەڵیانگرتبوو، ناردیانە خەستەخانە، سەعدوون لە پێشمانە، گەیشتینە سەر قادرمەکان، بە من و یەک دوانێکی گوت:

بڕۆنە دەرێ، بسووڕێنەوە ئەو دیو، نەبادا لە پەنجەرەوە خۆ هەڵدا.

چوومە دیوی یانەی مامۆستایان، پەنجەرەکانی ئەو دیوە، جوان دیارن، لە پەنا دیوارەکەوە، دوو سێ دەستڕێژم بە پەنجەرەکانی سەرێوە نا، لەو لایەوە ئاماژەیان دا، تەقە نەکەم، چاوەڕێم، بزانم چ دەبێ، تفەنگم لە سەر دیوارە، ملەقوتێ دەکەم، ئێ لە کەلێنێکەوە دەرکەوێ، لەهیکەوە، زرم، تفەنگی من بووە ئاگر و لە دەستم بەربۆوە، باش بوو بە دیوی خۆمدا کەوت، ئەوە چ بوو! توومەز گوللە بە جێی گوللە کەوتبوو، زۆری نەبرد سەعدوون و یەک دووانێ، تەرمێکیان راکێشایە دەرێ، هێندەی فیلەتەنێ، تەرمەکە لە پێش میدیایە، خەڵک دەوریان دا، هێندەم دیت پیاوێ بە پێلەقە کەوتە سەری، خۆم پێنەگیرا، پیلم گرت و بە تووڕەییەوە گوتم:

ئەوە مردووە، کەس مردووی وا لێکردووە؟

کابرا ئاگری لە چاو دەباری، پیس خۆی لێم تووڕەکرد، تفەنگی لێم راکێشا:

بکشێوە، ئەو ئێستا برامی کوشت.

بە بێدەنگی کشامەوە، ورتەم لێوە هاتبا، جێی دەکردمە ئەوجێ، لەگەڵ بکوژی براکەی تەختی زەوی دەکردم، ئەوڕۆ بگەمەوە ماڵێ باشە، ئەوە دوو، بزانین سێیەم چ دەبێ!

ئەوجا من درەنگتر زانیم شەهیدەکەی میدیا هادی باشەیە، کوڕی ئەحمەد باشەی شەهیدە، ئەوانە وا دیارە شەهیدبوونیان وەک بۆماوە بۆ ماوەتەوە، ئەوەی تفەنگیشی لێم راکێشا، مەغدید باشە بوو، رۆژێک بە دیار بادەوە سەربردەکەم بیرخستەوە، بەڵام راکێشانی تفەنگی بیرنەکەوتەوە.

## سەر پردێ

گەیشتمە پێش بارەگا، بارەگای چەکوچ و داس بە ئاڵای سۆرەوە، کارۆخێ گوتی:

دەچینە پردێ، دێی؟

چووم، لە ناو ترومبێلێ تەنێ ئەوم دەناسی، لە بەری راستی بازگەی شار، بچێ و نەیەتەوە، باریکە دووکەڵێ لە زیلێکی سووتاو بەرزدەبێتەوە، ئای لەو بازگەیە کۆڵدار بووم، حەیف زوو نەگەیشتمێ، چەند فیشەکێکی پێوەنێم، دەزانی چەند جار لێرە، لەگەڵ دەنگی (هەویتەک) گیانم هاتۆتە سەر لووتم، ترساوم بەرکم بگەرێ!

بازۆ بازۆ، ئەو دەشتە بەو دەمەو بەهارە، چ بەهارێکە، زگی ئاژەڵ و چاوی مرۆڤ تێردەکات، گەیشتینە ئاقاری شێراوە، لە دوور تەقو تۆقە، دەنگی تۆپان دێ، دەبێ بڵێم لە بارەی پردێوە دوو دەنگۆ هەبوو:

ئازادبووە.

هێشتا تەواو ئازاد نەبووە.

گەیشتین، پردی ئازادە، دەڵێن لە دوێنێ شەوێوە ئازادە، لە خۆشی ئازادبوونی پردێ، جێم بە خۆم نەدەگرت، ئاخر پردێ دەروازەیە، دەروازەی راپەڕینی کەرکووک.

وا لە سەر پردی پردێم، زێی گچکە لە ئازادیەوە دێ، دیار نیە، تا کوێ بە ئازادیدا رێدەکات، پیرێژنێ لەو بەرەوە، لە قسەیڕا دیارە تورکمانە، یان بە تورکمانبووە، روو لە ئێمە دەڵێ:

سەلام لە مەلا مستەفا

لە پرد نەپەڕیبووینەوە، گوللەیێ نازانم لە کوێوە هات، پێدەچوو تەقەی خۆشی بێ، بە کەلێنی سەری من و کارۆخا، کەلێن بستێ نابێ، گیزەی هات و لەو تەنیشتە دارتێلێکی سمی، دەستمان لە شانی یەکتر دەگێڕا، لە خوێن دەگەڕاین، تا درەنگ وڕ و کاس بووبووم ، دەنگی ئەو تۆپانەشم نەدەبیست کە لە بەری کەرکووکەوە لە ئاسمانێ دەنگیان دەدایەوە، باوەڕتان بێ، لە سەر پردی پردێ، بە دوو چاوی خۆم ئیزرائیلم دێ، باش بوو خۆی لێمان لادا.

دەڵێن: هێز بەرەو کەرکووک دەچێ.

بەو ڕێیەدا هەندێ دەڕۆن و هەندێ دەگەڕێنەوە، نەخشەی شەڕ و هێرش، روون نیە، نازانین تا کوێ لە دەست حوکمەتە، کاتیش درەنگە، هەندێکمان گەڕاینەوە، دەمە دەمی خۆراوا گەیشتمەوە شار، وێدەچێ دەروێش برایم بانگیدابێ، بەڵام بۆ گوێم لێنەبوو، ئەرێ دەنگی کزبووە، یان لە بانگدان کەوتووە؟ چەند جار دەهاتە سەرم پرسیاری لێبکەم، گەرمی و هەراوهۆریای راپەڕین لەبیری دەبردمەوە، ئێ، لە ساتی بانگدانێ گەیشتمەوە سەرە کۆڵانی ماڵی خۆمان، دەبینم لە سەر کۆسپەی دەرگا لە چاوەڕێی من دانیشتوون، دایکم گۆتی:

+کورم، نەتگۆ زوو دەگەڕێمەوە؟

– لەوە زووتر! خۆ نەبۆتە شەوێک.

ئیدی تێگەیشتن (زوو)ی من لە شەو و رۆژێ کەمتر نیە.

پیرێژنەکەش، ئەوەی ماڵیان بە ماڵمانەوەیە، پێدەچوو لە چاوەڕێی کەسێ بێ، دواتر ئەو پیرێژن و ماڵە دێنەوە ناو گێڕانەوە، هەوکە سەرێ لە قەڵات دەدەم.

## شار

### قەراجێ گەنمی لێکرد

دڵم دەڵێ، چ دوور نیە بەجێیبهێلمەوە، با جارێ بە دەوریدا بگەڕێم، بێ چەک و تاخم چووم، حاجی چۆن کابە تەواف دەکەن، وام کرد، لە فلکەی کرێکارانەوە، ئەو جێیەی سپێدانی هاوینان، دوای خواردنی سەموون و خۆشاوی مێوژ، چاوەڕێی وەستایەکم دەکرد، تیچاوێکم داتێ و بێژێ:

دێیە ئیشێ؟

لەوێوە بەدەستی کۆشکی زێڕینی قەلاتێ سوورامەوە، لە هەر چەند شەقاوێ، سەرم بۆ قەڵات هەڵدەبڕی و دەمگۆ :

نەمردم تۆم دیتەوە.

لە راستی (تەکنیککار) تەواوێ راوەستام و درووودم بۆ خالیقی (ئادەمیزاد لە کۆمەلگەی کوردەواری) خوێند، رەنگە گوتبێتم، شارەکەت تۆڵەی تۆیان لە بەعس و کرێگرتانی کردەوە، بە بن بەشی ناوەخۆی کچان، گەیشتمە شەوانی هەولێر، تۆ بڵێی لە ئێواران ئێرە برادەرەکانم ببینمەوە؟ چەندیان ماون؟ ئەدی سینەما سیروان، تۆ بڵێی ئەو ئازادیە

درێژەی هەبێ و لێرە تێر بە دیار فیلمەوە دانیشم؟ لەولاتر، نازانم بۆ  تفێکم لە دادگا کرد !

لە راستی کتێبفرۆشان، سەردار و فازیل رێحانە بە دیار کەوتن، ئای! وا دیار بوو بە خەیاڵدا چووبووم، ئاخر ئەوان هێسکیشیان نەماوە، هاتم، یەک و نەفرەتیشم بۆ سەرا نارد، پەڕیمەوە بەری (قیبلە خوار) و دەستێکم بە ئاو گەیاند و زوو گەڕامەوە بەری قەڵات، بە لای کۆنە هەواری مام گیو و دەروازەی عەشتار، هاتم هاتم، گەیشتمەوە جێی خۆم .

بە قادرمەی لای دەلاڵخانە و مزگەفتی حاجیلەقلەقێ، سەرکەوتمە سەر قەلاتێ، لەوێوە لەو شوێنەی بە منداڵیی لەگەڵ فازیل رێحانەی هاوڕێم کۆترمان لێوە هەڵدەدا، بە دەم جغارەکێشانەوە، تێر لە شارم روانی، لە ئاسن و پاسنی سەر دەلاڵخانە و  قەیسەریم روانی، لە دنیام روانی، چەند جغارە خۆرێ لەوێ مامەوە.

ناوە ناوە  دوور، زۆر دوور دەنگی تۆپ دێ، لە بنی دنیاشەوە دەنگی تۆپێ بێ، دڵ ئاو ناخواتەوە و هەزارە دەکات.

هاتمە خوارێ، بازاڕ چۆلە، چەند دووکانێ کراونەتەوە، دەمویست سەرێ لە قەیسەری بدەم، نەچووم، ترسام بە دزم

بزانن، هاتم، له لای تەیمانی باخی شار له ترومبێلێکەوه (ئەی ڕەقیب) مەل و درەختی هێنابووه جۆش، به بن دیواری گۆرستانی گەوره، ئەوەی گۆڕی دڵداری له خۆ گرتبوو، شۆڕبوومەوه، ویستم سەرێ له شاعیری ئەی ڕەقیب بدەم، بۆ دواییم هەڵگرت.

حەزم چووه بادە، گەیشتمه بادەفرۆشەکەی نزیک بەنزینخانه، داخرابوو، دامنابوو، چارەگێ هەڵگرم و له باخچەی گلکەند له چاوی شار، له چاوی ئازادی هەڵیدەم، ئیدی نەبوو، تۆ وەره لەو شاره پڕ بادەیه، چارەگێ دەستنەکەوێ، لێمان بۆته بەنزین و نەفت، دیاره له سێیەم ڕۆژی ئازادیەوه، سووتەمەنی به گوللەش دەستناکەوێ، فڕکانفڕکانه، وا بڕوا داخوا چ دەقەومێ.

دامەوه لای هۆلی گەل، له کۆلانی ماڵی جاشه پیسەکه به دیوی تانکیدا، کۆمەڵێ چەکدار له سەر پیکابێ درووشمی کوردایەتیان دەگۆتەوه، منداڵانیش به (بژی هێزی پێشمەرگه) دەستیان بۆیان هەڵدەشەقاند، لێیان وردبوومەوه، هەندێکیانم ناسیەوه، ئەوانه بابەلباب جاش بوون، لەوێوه روونتر تێکەڵاویی جاش و پێشمەرگەم بۆ دەرکەوت.

بیـــرمه هەنـــدێ پێشـــمەرگە، راوێـــژ و ئەوانە نیـــازی دەستوەشـاندنیان لە هەنـدێ جـاش هەبـوو، لەوجاشـانەی کە تاوانی وایان کردبوو، هی چاوپۆشین و لـێ خۆشـبوون نەبـوون، پێیانگوتن:

ئەو نیازە لە سەری خۆتان دەرکەن و خۆتان تووش مەکەن، بۆ نازانن بەرە لێبووردنی گشتی بۆ جاشان دەرکردووە؟

باشە، دیارە جاش باشە، واز لە جاش بێنە، شار خرۆشاوە، سەر زمان و بن زمانی شار کەرکووکە، وا دیـارە بـێ کەرکـووک کەس بە ئازادی رازی نیە، هەموو دەڵێن:

کەرکـووک، کەرکـووک، کەرکـووک هـی کـوردانە، بـا لێـی دەرچێ بێگانە.

شـــار خرۆشـــاوە، دەنگـــی (ئەی رەقیـــب) و (وا هـــاتن پێشمەرگێت مە) و ( پێشمەرگەی بە هەڵمەتـین) و(گەلە گەلە) و (هەرنە پـێش) و نەورۆزەکەی حەسـەن زیـرەک لە جـادە و کۆڵان دەنگدەدەنەوە، ئەو شڤان پەروەرە، چـی کـرد چـی کـرد! چەکـی دەدا دەسـتی پیـری سـەد سـاڵە و زارۆی چـوار سـاڵە، عەزیز محەمەد گۆتەنی:

ئەو شوانە شورشێکە لەو گۆڕە.

من دەڵێم چارێگێکی شار، تۆ بڵێ پتر چەکی هەڵگرتووە و بەرەو کەرکووک دەچێ، وادیارە کەرکووک وەک شاران نیە، هێزی بۆ نەچێ ئازاد نابێ، ئاخر چی وا کوردی تێدا نەماوە، ئەوەی لەوێشە دەست و پێی بەستراوە، کەرکووک بۆ سەدام وەک بەغدا وایە، چ هێز هەیە وا لەوێیە، ئەو شارە بە (بڕی پێشمەرگە) ئازاد نابێ، پێشمەرگەی دەوێ.

لۆری و پیکاب بە ناو کۆڵاندا دەگەڕێن و نان بۆ بەرەی جەنگ خڕدەکەنەوە، ژنان بە تلیانەوە، زار بە نزاوە دێنە دەرێ، هەر نان نا، هێلکەی کوڵاویشی لەگەڵە لەو یەک دوو ڕۆژە شار قەراجێ گەنمی لێکردووە و شێلاویەتی و برژاندوویەتی و تلیانە تلیانە بە ڕێی کەرکوودا بۆ پێشمەرگە و چەکداری ناردووە

بەر لەوەی بەرەو بابەگوڕگوڕ بەڕێبکەوم، هەندێ سەردان و سەربردە هەن.

**تفەنگی جاش،**

**کۆبەندی دەمانچە**

تفەنگێ من مینا بەرێ نیە، باش فیشەکان ناهاوێژێ، دەبینم لە گەرمەی تەقە جەنە دەگرێ، وێدەچێ کەرخی گوللەکە بێ، ئەوەی لە مینای سەرێی میدیا بۆ من هات، ئەو بەر کەوت و لە دەستم کەوت، چ نیە، دەچم دەیگۆڕم، لە بارەگا لەودەیێ کلاشینکۆفی رووسی و چینی هەڵدراوەتەوە، لەوێ بە یەک دوو بەرپرسم گۆ، خۆیان لە گێلی دا، یەکیان گۆتی:

پرس بە حیزب نەکەم ناتوانم.

بەزمەکەیە، ئەو بەزمەی حیزب لەبەر دەمتە کەچی لێت بزردەکەن و رۆژە رێیەک بڕۆ نایبینەوە، دەبینم لە بنەوەش کلاشینکۆف کلاشینکۆف، دەدەنە دۆست و کەسوکاری خۆیان، ئیدی تووڕە بووم و تفەنگم فڕێدا پێشی وگوتم:

ئەگەر حیزبت دیت، پێیبلێ:

گوو بە خۆی و تفەنگی.

خزمێکمان کلاشینکۆفێکی جاشایەتیی لە ماڵێ بوو، گوتی:

من هەڵیناگرم، با لات بێ.

ئیدی تفەنگی کۆمەنیستانم فڕێدا و هی جاشانم کردە شان!

هەر لەو چەند ڕۆژەی پێش کەرکووکێ، کۆمەنیستێکیدی پتر تووڕەی کردم، وای کرد جوێنی مزرتر بە حیزبەکە بدەم، بیرتانە؟ لە سەربازەگە سێ چوار دەمانچەم گرت و لە ڕێیێ دوو سێیەکیانم بەخشی، لە پێش یانەی مامۆستایان حەیرانم دیتەوە، پرسیم:

+ئەرێ فیشەکت بۆ دەمانچەکەت پەیدا کرد؟

-فیشەکی چی! دەمانچە چوو، لێیانوەرگرتمەوە.

+کێ؟ ئەوە تۆ چ دەڵێی؟

-لێیوەرگرتمەوە، دڵشاد گوتی: ئەوە ماڵی حیزبە.

تۆ بڕوانە، ئەو برادەرە چی کردووە، کە لە زاری حەیرانەوە زانیویەتی من دەمانچەم داوەتێ و حەیرانیش دۆستی کۆمەنیستان نیە، لێوەرگرتۆتەوە.

گۆتمە حەیران:

لێی وەردەگرمەوە.

گوتی:

من لێ چوومە دەرێ، دەمانچەم ناوێ، ئەوە بەینی خۆتانە.

لە پێش بارەگا بەرۆکم گرت:

+تۆ چی؟ دەمانچەی من لە خەڵک وەردەگریەوە!

-تۆ کوڕی حیزبی،پێشمەرگەی حیزبی، هەر شتێکت دەستکەوێ ماڵی حیزبە، نابێ بیدەیتە خەڵکیدی!

رستێ جوێنی مزرم بۆ حیزب و میزب نارد، زانی خوێن بەرچاوی گرتووم، نەرمی کێشا، گوتم:

من نەحیزبیم و نە هیچی حیزبم، برادەرێکی باش بە سەد حیزبیی ناکەس نادەم، بێ قرە دەمانچەکەم وێدەوە

هەرێی دا کە بیهێنێتەوە، ئەوجا سەربردەی هێنانەوەی دەمانچە با بۆ دوای هەڵاتنێ بێ، ئێستا رێی زێی گچکە و گەورە، رێی شاری گڕ، رێی قەرەچووخ و سوڵتان عەولام لە پێشە.

**سوڵتان عەوڵا**

**بە ئەی رەقیب و حەیرانەوە**

دەچینە رێی قەرەچووخی ئێشکگر، ئێشکگری قەراج، سپێدەیە، بەر دەرکەوتنی گردی پیرداود بەیان ئەنگوت، ئەو گردەی بەر لە عومەر و خالید، هەموو بەهاران پەڕە گوڵاڵەی ئاوێستای لە خۆ دەدا، بەڵام ئێستا فاتیحای محەمەدی تێدا دەنگدەداتەوە.

هەندێ هێوەتر خۆر، ئەو خۆری ئازادییەی دوێنێ پێری لە قەڵات هەڵات، گەزەنگی خۆی داوێ، دەداتەوە لە شان و پژدێنەی زوورگەزراوێ، ئەو زوورگە زراوەی بەر لە حەرەس قەومی سەر بەعەگالی نەدیتبوو.

لە سەری قەرەچووخ چەند پەلەهەورێکی سپی، لە بەرخی ناو قەرسیلێ سپیتر، دەڵێی تابلۆی ئازادین و بۆ دیوی قەراج و کەندێناوە و ئەو ناوە خۆی خۆی کێشاوە، ئەو قەرەچووخەی بەر لەعێراقی نوێ، پێی عارەبی پێنەکەوتبوو.

لە شارەوە، دەشت لە دەشت کەسکتر و بەهارتر، دەشت دەماندداتە دەشتی لە خۆی کەسکتر، دەشتی هەولێر بەو دیوەدا بۆ تاوێ هەڵیداینە شەمامک، شەمامک هەڵماندەداتە

کەندێناوەی لە خۆی کەسکتر، چاودێ، ئەو دەشتە کەسک کەسک، جێ جێ، ئالووالآ، رایەخی پێشوازیە، دەڵێی خۆی بۆ گەڕانەوەی گوندەکانی راخستووە، ئەو گوندانەی بەری چوار بەهاران، بەر غەزەبی بەغدای ئەنفال کەوتن و هەڵدران، هەر ماڵێکی لە جێیەک کەوتنەوە، بوونە ئاردی ناودڕکان، مەگەر بە شنە بای ئازادی خڕبکرێنەوە، مەگەر بە گزنگی ئازادی بە گوند بکەونەوە.

ئەو رێیە، سەرکارێز تا بن قەرەچووخ، بەو سپێدەیە زۆر سەربردەی بیرهێنامەوە، بەلآم درەنگمە، بابگەمە ئەوێ، هەینێ بۆیان دەگەڕێمەوە و دەیانگێڕمەوە، ئێستا وا لەو کەلە ئاودیو دەبم کە قەرەچووخی کەل کردووە، لەوێوە قەراج دەرکەوت، ئەو قەراجەی سەردەمانێ گەنم و ماستیشی بۆنی سەپان و کابانی کوردەواری لێدەهات، عارەب لەو بەرەوە هێشتا نەگەیشتبووە رۆخی دیجلەش، لەوێوە لە زاری دنیادیتەکەی کۆلآنی دۆمانی سەیداوەوە، بە کوردی بە عارەبم گۆت:

با دوور و دۆست بین، لە دیجلە مەپەڕنەوە.

با بە بێ بەلآ لە قەراج بگەڕێمەوە، سەرێ لە دنیادیتەکە دەدەمەوە.

ئەورۆ قەرەچووخ لە من قەندیلە، قەندیلی هەمیشە ئازاد و هێمای ئازادی، ئاخر دەڵێن: هەردوو بەری قەرەچووخ، سەرێ و خوارێ، داگیرکەری پێوە نەماوە، نەخشەبێ لە هەردوو حەمرینیش، نەخشەی قەندیل، نەخشە بێ لە خر کێوەکانی وڵاتی کوردەواری.

ئەرێ ئەوە منم بەم دەمەو نیوەڕۆیە، بە تفەنگەوە، لێرە لە بازاڕگەی قەرەچووخەوە، بە دەم ئەی رەقیب و وا هاتن پێشمەرگێت مە بەرەو مەخمووری داخ لە دڵ، داخی عەگال لە سەری لە بنی دنیاوە هاتووی لەو دەشتی قەراجە دامەزراو، دامەزراو لە سەر خاکی دزراو، ئەوە منم لە پشتی جێبە قوتەیەکی سەربازیم و شۆڕدەبمەوە!

بەر لە شۆڕبوونەوە، پێشمەرگەیەکی قەراجیی حەیرانی، جا قەراجی هەیە حەیرانی نەبێ! بەمۆڵەتخوازی لە ئەی رەقیب و سروود، نەواری حەیرانی یەکێ لە (حەیران)ەکانی خستە سەری، رەنگە حەسەن بووبێ، ئەها، ئەوەی دەگاتەوە ئەو بەندەی کە بازگەی ماچانی بردۆتەوە سەر دەرگای ماڵی سوڵتان عەولا:

**کوڕ دەڵێ:**

**بریا ئەمن ماچگر و خەزێنەستێنی ماچان بوومایە**

**هەموو وەرزی سەرێ بواران**

**لە دەرکەیێ بازاڕگەی**

**لە حەوشەی سوڵتان عەولای عارەبی**

**لە...**

لە مـاچ گەڕێ، ئەوڕۆ سـوڵتانەکە سەرباسـە، شـالاو نەبـێ، دارایە دەڵێ:

با بگەمێ، مەرجبێ سوڵتان عەولا دەربهێنم و لە تـوورەگەی بکەم و بە زێیدا بدەم و لۆ عارەبانی بنێرمەوە.

هـاوڕێیەکی کەڵەگەتـی رەقەڵەی گـوپ تێکقوپـاو، دیـار بـوو قسەکەی لە دڵ گرت، دوای کەمێ، وا باگۆی دایەوە :

بە گژ سوڵتان عەولای عارەبیدا مەچۆ، ئەو هی ئێمەیە، بـڕۆ عارەب هەڵدەوە ئەودیو زێ.

تێگەیشـتم ئەو هاوڕێیەمـان ئۆڵـدارە، هەسـتمکرد لە بـن لێـوانەوە ئایەتـانیش دەڵێـتەوە، لەو ئۆلـدارەوە، مـام رەسـووی بنـاوێم بیـرکەوتەوە، ئەو پێشـمەرگەیەی لە بـن ئـالای

کۆمەنیستان چەندان ساڵ جەنگی و سەریشی چووبا، نوێژی نەدەچوو، بە ڕۆژووش دەبوو، ئێ لە کۆمۆنیستی و ئۆلداری گەڕێ، بزانین لە مەخموور چ باسوخواسە، ئەو تۆپەی لە خوار بازاڕگە کەوتەوە، لە کوێوە هەڵدرا و چی لێکەوتەوە.

گوێ هەڵدەخەم، سەر هەڵدەبڕم، لە ئاسمانی قەرەچووخ و قەراجێ، نە گڕەگڕێ دێ، نە باڵەفڕێ دێ و دەچێ، بەڵام تۆپەکە هەر دەبێ لە ئاسمانەوە هاتبێ، لە خۆڕا قسان ناوێم، پێشمەرگە تۆپ تۆپ، تۆپان دەناسێتەوە، ئەو تۆپەی لە زەویەوە بۆ زەوی دەهاوێژرێ، دەناسێتەوە، ئەو تۆپەی لە زەویەوە بۆ ئاسمان هەڵدەدرێ، دەناسێتەوە، ئەو تۆپەش کە لە ئاسمانەوە دێ، ئێمە ئەوێ ساڵێ لێرەوە، لە بن ئەو قەرەچووخەوە بە کەلێنی تۆپاندا گەیشتینە قەندیل و ناوزەنگ، وا بە بن تۆپانیشدا بۆی هاتینەوە.

ئەو تۆپەی نەمانزانی لە کێ لای ئاسمانەوە وەک بەڵای زەوی بۆمان (نازل) بوو، ڕێی بە ترومبێل گۆڕی و بەژنێ لە زەوی کردەوە، من دەستم لە خۆم شووشت، چاوەڕێم کرد، فجووقی بکەومە باوەشی مەرگەوە، ئێستاش نزا و پاڕانەوەی هاوڕێ ئۆلدارەکەم لە گوێ دەزرینگێتەوە:

یا سوڵتان عەولای عارەبی، بمانپارێزە.

سوڵتان لە خدری زندە زووتر بە هانامانەوە هـات و دەسـتی خستە بن ترومبێـل و لە دەو رێ قیـت لە سـەر هەر چـوار تـایە داینـــایەوە و کەس کەپـــووی بە خـــوێن نەهـــات، ئەو کـــوڕەی دەیویست سوڵتان لە توورەگە بکات و بۆ عارەبـانی بنێـرێتەوە، روو لە ئۆلدار:

مـردن کە نـێ، نـایێ، لە جیـاتی سـوڵتان، هـاواری شـێخ حەنەشیشت کردبا، هەر وا دەبوو.

ئەنگۆ دەزانن عەلی کیمیاوی لە توخمی شێخ حەنەشە!

تـــۆپ و هەڵـــدان و کەوتـــنەوە، حەیرانـــی نەپســـاندەوە، بە حەیرانەوە گەیشتینە ناو مـاڵان، مەخمـووریش ئـازادە، خەڵکـی ئەوێ بەشی ئێمەیان نەهێشتبۆوە، پێڕا نەگەیشتین دوو فیشەک بە (تەعریـب)ەوە بنێـین، بەر لەوەی دەسـتی سـوڵتان عەوڵا بگـــرین و مـــل بنێـــین، هەنـــدێ گـــرتە لە مەخمـــوورەوە نیشاندەدەمەوە :

ئەو کوڕە یەکقۆڵە دەناسمەوە، بە منداڵیش هەر یەک قـۆڵی هەبوو، دەیانگۆ لە سەر لانک بووە، گوللەیەکی حەرەس قەومـی هاتووە و دەستێکی لە ئانیشکەوە پەڕاندووە، بیـرمە ئەو کـوڕە لە بەری گڵکەندەوە دەهات، بە دەسـتێ دارلاسـتیق، بەردەقـانی

دەهاویشــت، نــاوێکی وەک قــادری هەبــوو، بەڵام منــداڵ هەر بە یەکقــۆڵ گازیانــدەکرد، ئەوەتــا یەکقــۆڵ لێــرەیە، کلاشــینکۆفی یەکلاقــی لە شــانە، مــن بە قــۆڵ و قــۆرتی ســەر روومەتــی ناسیمەوە، ئەو بە رەنگ و دەنگ ناسیمیەوە، گوتی:

لە بەلاشاوەییان تۆ و ئەنۆ لە هەمووان باشتر دەناسمەوە.

لەوێ زانیم، زێدی ئەو کوڕە گونـدێکی ئەودیـوی سـوڵتان عەولا، ئەو پەڕی قەراج، دەو زێیە، هەر لەوێش حەرەس قەومـی دەست و ماڵ و ماڵاتیان بردووە و دەریانکردوون.

ئێستا، دوای بیست و حەوت هەشـت سـاڵ هـاتووە، تـۆڵەی دەستی لە دەستچووی بکاتەوە، گۆتمە یەکقۆڵ:

لە تفەنگیش وەک دارلاستیق نیشانشکێنی؟

بە پێکەنینەوە:

لە دوورایی دە دارتێل، عەگـال لە سـەر سـەران بە ئاسـمانێ دێخم.

لە پێش چاوێ مە، لاقی تفەنگی لە شانی گیرکرد، بە پێـوە و بە دەستێ، دەسرێژێکی بە ئاسمانەوە نا. نە دەست لەرزینێ، نە بە لاداهاتنێ، هیچ... من بە دوو دەستان ناتوانم وا بتەقێنم،

بەڵام سـەرم سـوڕنەما، ئـاخر بە منـداڵی دیتبـووم، بە دەسـتێ دارلاسـتیق داوێ، کەوڵەکە، تـۆ بڵـێ جێـی بەرد، بە ددان دەیگـرت، هەنـدێ جـاریش دەیخسـتە بـن هەنگڵـی بـێ دەسـت، نیشانەشـی دەپێکـا، ئیـدی کڵاشـینکۆف لە چـاو دارلاسـتیق، ئاوخواردنەوەیە .

یەکقۆڵ گوتی:

تا نەگەمەوە گوندەکەی خۆم، لە دوای عارەب نابمەوە.

بەڵام وا تێبگەم نەگەیشتێ.

پیرێ لە جەمەدانی بەستن لە حەسەن حەیران دەچێ، روو لە پێشمەرگە و چەکداران:

بە خـراپەی عـارەب مەکەن، بەلای ژن و منـداڵ و هـیچ لە هیچـدا نەبـوودا نەچـن، دەسـت لە پەڕەتیرێکیـان نەدەن، بەڵام دەست لە دەستبەخوێنان مەپارێزن، هیزە، لە دوایـان مەبـنەوە، قەراجیان لێ پاککەنەوە، لە زێیان ئاودیوکەن.

لە ماڵی مام حەسەنێ، لە شانی دوو عەگـال بەسـەری قـۆز، ماسـتێکمان خـوارد لەوەتەی بە چیـا کەوتبـووم ماسـتی وام نەخواردبوو، خـۆ لە کوێسـتانی قەنـدیلێ ماسـت زۆر بـوو، بەڵام

کوا تامی ماستی مەڕی قەراج و کەندێناوە دەدا، بەڵام پەنیر نا، پەنیری کوێستانێ ،پەنیری مێرێ، پەنیری بەهەشتیشی ناگاتێ، ئەبوو رەشای عارەبی گۆڕ لە ناوزەنگێ گۆتبووی:

پەیامبەر مێرێی تام کردبا، لە سەد ئایەت و فەرموودە ناوی دەهات.

ئێ، تا گرتی، نان و چایە و ماستمان تێکرد، لە گژ پێچانەوەی جغارەبووم، عارەبێ، بە دەستێ دەستی گرتم و بە دەستیدی پاکەتێکی نەشکاوی لە بەرکی چاکەتی دەرهێنا و بە رێزەوە خستیە سەر چۆکم، بە زمانێکی مزاشی، مەبەستم تێکەڵە لە عارەبی و کوردی:

دەخن باکێت زۆر.

دامەوە، چەندی کردی و کۆشای جغارەیەکیشم لێ وەرنەگرت و گوتم:

فێرە تووتنم و...

راستی وام هەستکرد عارەب کە باری لارە، هەر شتێکی لێوەرگری، خۆش نیە، رەنگە بچێتە چێوەی بەرتیل و ئەو شتانەوە.

لەویَ لە زاری خـانەخویَوە دەسـتەواژەی عـارەبی رەسـەنم بیسـت، بەوانەی دەگـوَ کە زوَر بەر لە حەرەس قەومـی بە دوای لەوەڕدا لە زیَ پەڕیونەتەوە و هاتوونەتە ئەو دەشتی قەراجە و ماونەتەوە و نەگەڕاونەتەوە عارەبسـتانیَ، مـن پیَشـتریَ رەسـەنم بە زوَر گیانلەبەرەوە بیستبوو، وەکـو: ئەسـپ، مەڕ ، زوَر شـت، بەڵام بە عارەبەوە نا، خانەخویَ دەیگوَ:

عارەبی رەسەن بیَ کیَشەن.

بەڵام ژنەکەی بە لیَو هەڵقرچان و ئامازەی چاو، شـتیَکیدی گوَ، عارەب لە کنە وی عارەب بوو! لە دەمـی مـاڵاوایی، ژنە لە بن لیَوانەوە گوَتی:

عارەب ئەگەر دەستی بیَ، لە سـوڵتان عەولا و پیَغەمـبەریش ناپرسیَ.

ئـیَ، بەریَ خـوَ دیَ، ئەو دەشـتەی ئەودیـوی قەرەچـووخ، چ تەمتومانیَکە، ئەو جا قەراج کەی بیَ تـەم بـووە! ئەگەر گومانـت لە تـەم هەیە، گویَ بوَ حەیران رادیَرە، لە هەر حەیرانیَ، قەراجیَ هاتبیَ، تەمی پیَوەیە، ئەها، دەڵیَ:

**قەراج قەراجە، قەراج لە غیَمیَ**

**کیژێ، لە بڵندیان وەرە، لە نەویانت دەگەمێ،**

**دەک.............**

دەی، لە حەیـــران و کیژۆکـــاڵان گەڕێ، بـــا بکەویـــنە رێ، قەراجـۆک، لە تەڕایـی و کەسـکایی خۆتمـان بگـرە، پێـدەچێ دەستی سوڵتان عەولاّمان گرتبـێ، مـن ئەو رێوابـانە شـارەزانیم، زوو، ئەو دەمەی قەراج وەک گوڵەگەنم کوردی پێوە مـابوو، دوو سـێ کەڕەت، بـۆ کـار و بە کرێکـاری رێـم بێـرە کەوتبـوو، بەلاّم ئێسـتا نـازانم کـوێ کـوێیە و ئەو رێـیە کە بە رێـی سـەربازی دەچێ، دەمانباتە کوێ؟ هێندە دەزانم نیازمان سوڵتان عەولاّیە، ئەویـش لە سـەر حەزی دوو سـێ هـاوڕێ، هەڵـبەتە ئەمنـیش لە مـاچی کچـانم پێخۆشـتر بـوو، دەزانـی حەیـران چەنـد پیـرۆز و شیرنی کردبوو، لە زۆر جێش لە نەبی یونس و غەوسی گەیلانـی و پێغەمـــبەر پتـــر نـــاوی دەهـــات و ســـوێندی گەورەیـــان بە مەزارەکەی دەخـوارد، لە زۆر دوورەوەش بـۆ مـرازان دەچـوونە سەری، سەرەرای هەندێش دەیانگۆ دەڤەری سوڵتان عەولاّ وەهـا بە عارەبکراوە بە پێشمەرگە نەبێ، نابێتەوە کورد.

بـــاژۆ، بە (ئەی رەقیـــب و وا هـــاتن پێشـــمەرگێت مە و حەیـــــرانەوە)وە قەراج و قەراج رۆیشـــــتین، بە دەشـــــتی بە

عـارەبکراودا ڕۆیشـتین، لە قسـان زۆری نەمـاوە بگەیـنە مەزاری سوڵتان عەولا، کارۆخ جەمەدانیەکەی رادەوشێنێ و دەڵێ:

قەراج، جەمەدانی وحەیرانت بۆ گەڕاوە.

وا تێبگەم تەواوێ لە ئاقاری عەلیـاوە دوورکەوتبـووینەوە، لە هـیکەوە چەنـد تـۆپێ، لە تـۆز و خۆڵیـان وەردایـن، دابەزیـین و خۆمـان لەگەڵ زەوی کـردە یەک و جێـیەکە هـی سـەنگەر گـرتن نەبـوو، بکشـێینەوە؟ بچیـنە پـێش؟ وایـان بە بـاش زانـی بکشێینەوە.

لە تەشـکی خۆمـان دا و ڕێ و ڕێ گەڕایـنەوە، بە دیـداری سـوڵتان عەولای نـاو سـوێند و نـزا و حەیـران شـاد نەبـووین، نەگەیشتن بە سوڵتان عەولا بۆ من دۆڕان بوو، لە رۆژمێری خۆم لە دوای دۆڕانەکەی هەیبەسوڵتان بە دۆڕانی دووەمم نـاوبردووە، ئەوەی بـاش بـوو بـێ زیـان گەڕایـنەوە، لە گەڕانەوە بە خـۆمم دەگوت:

با بۆ گەڕێکیدی بێ، خۆ عەولا لە هەیبەت سەختتر نیە.

گرتەیەکـی بەر دەرگـای مزگەفتـێ هەیە، نیشـانیدەدەمەوە، ئەوجا پێ پێوەدەنێم و تا شار ئاوڕنادەمەوە:

له دووره‌وه چـاوم كه‌وته سـه‌ر سـه‌ربه‌جه‌مه‌دانیه‌ک و عه‌گـال به سـه‌رێ، به‌رانـبه‌ر یه‌ک دانیشـتوونه، ده‌ڵێـی دامه ده‌كه‌ن؟ نزیک بووینه‌وه سڵاومان كرد، سه‌ریان له سه‌ر دامه هه‌ڵنه‌گـرت، به ده‌ست هه‌ڵشه‌قان سڵاویان وه‌رگرته‌وه، وه‌ها چوونه‌ته ناو:

ئه‌وه بخۆ، ئه‌وه‌ش، سوار مایته‌وه؟ لۆ خۆت، ئه‌وه‌ش ئاغا.

هاوڕێیه‌ک به پێكه‌نینه‌وه گۆتیه جه‌مه‌دانی:

نه‌دۆڕێنی، ها.

لچكی جه‌مه‌دانیه‌كه‌ی هه‌ڵدایه‌وه و ته‌ماشایكردین و گوتی:

بڕۆن، بابم بڕۆن، به دوای ئیشی خۆتانا.

دارا ده‌ڵێ:

كێ ده‌ڵێ كورد و عاره‌ب برا نینه؟

هاوڕێیه‌كیدی ده‌ڵێ:

لێـی بكـۆڵه‌وه، ئه‌و عـاره‌به كۆنه‌شـوعیه له فه‌هـده‌وه فێـره برایه‌تی بووه.

جه‌مه‌دانی له سه‌ر و عه‌گـال به‌سـه‌ر، سـه‌ریان له سـه‌ر دامه هه‌ڵنه‌گـرت، ئـێمه‌ش له سـه‌ری نه‌ڕۆیشـتین و له برایه‌تیـدا به

جێمانهێشتن، دەمەو ئێوارە گەیشتینەوە شار، شەو لە سەر جێ، لە دڵی خۆ گۆتم، وا چاکە لە ماڵێ لە سەر پەتک و سنگی خۆم داکەوم و چیدی بە چ لادا نەچم، تا ئێرەم هێنا بەسە، خۆ شەڕ لە سەر من تاپۆنەکراوە، بۆ لە بەلاش تێدا بچم، ئەوەی چوو لە ترێ سەی چوو، وا چاکە لە ماڵێ دانیشم و چاوەڕێکەم، بزانم ئەو رابوون و راپەڕینە دەگاتە کوێ، ئەوە شەوە هاتە سەرم، چیدی بە لای بارەگاشدا نەچم، بەڵام داخوا بە خۆم دەوەستم؟ نەوەستام.

## زێی بادینان

## پێل پێل مزگێتی

سپێدە زوو، گەیشتمە سەر دەرگای بارەگا، رۆژەکەی بەهاریە، ئاسمان جێ جێ هەورە، ئەو جارە بە رێی مووسڵێ، بەرەو زێی گەورە، بە تەنیشت (ئەنجوومەنی یاسادانان)ی کارتۆنیدا دەرچووین، ئەو ئەنجوومەنەی وەگوتم، دواتر پەرلەمانێکی لە شێوەی خۆی لە جێی دانیشت.

وا دیارە لەو ناوە هەندێ شتی بە کەڵک ماوە، ئەها خەڵک شت دەکێشنەوە، بەرێ خۆ دە بەری راست، بەرێ سەربازگە و رەشکینێ، خەڵک پێوەربوونە، دەڵێی لە دوای دۆمبەلان دەگەڕێن! هاتین، زێ ، ئاسکی کەڵەک، هاتین.

ئێرە، بازگەی رێی مووسڵە؟ چەندی دەکەم، باوەڕناکەم، بەبیرمدێ، حوکمەت چی پوشتی و ناکەسە، لێرەی دانابوون، بە گژ پیری هەشتاساڵە و منداڵی مەمە لە زاردا دەچوون، ئێستا چۆڵ، خۆمان میری رێوبانین.

بازۆ، ئێمە چوار پێنجێکین، لە ناو قوتە جێبێکین، هەر ئەوانەین کە بۆ دیداری سوڵتان عەوڵا رۆیشتین و نەگەیشتینێ ، ئەها، ببینە، لەو رێیە لەچوون و هاتنێ، هەر ترومبێلێ دێ و

تێدەپەڕێ چەکدارە و (بژی پێشمەرگە)ی لە خۆی نووسیوە و دەیلێتەوە، لەوانە قلە قلە نەبێ پێشمەرگە نابینیەوە، هەندێکی هاوڵاتیەو چەکی هەڵگرتووە، زۆریشی جاشن، هەر جاشی بەری شەمامک و بەری بەڕانەتی و هی لای زرارەتی و ئەوبەری زێ و....ئەوەتا لێرەن و پێشمەرگە تێدا بزرە، من هەندێ لەو جاشانە دەناسمەوە، لە دڵەوە پەشیماندەبمەوە لەو تێکەڵبوونە، بەڵام بە سەر خۆم ناهێنم و بەگەڵ کەوتووم و ناگەڕێمەوە.

دەنگی تۆپان دێ، تەقەش هەیە، دوورە، ئاسمان فڕۆکەی پێوە نیە، ئەگەر هەشبێ، لە پشت پەلە هەورەکانە، کەڵەک بە زێی گەورەوە دەرکەوت، ئەو حوکمەتە، چی بەسەرهاتووە؟ بە سواری چی رادەکات؟ نایگەیتێ و بە تۆزی پێشی راناگەیت، دوو فیشەکی پێوەنێی.

کەڵەک ئازادە و بە دیار زێی بادینانەوە سترانی ئازادی دەچڕێ، لە سەر پردی کەڵەکێ، بە دیار زێوە، جغارەیەکم بە دارجغارەوە کرد و گەڕامەوە ئەو شەوانەی پێشمەرگایەتی، شەوانی پێش ئەنفال، کە لە دەڤەری بارزان و ئامۆکان و قەندیلی ئاو و ئەوانە، بە دزی جاش و جێژەوە، بە کەڵەکی کچگە بەری بادینان و سۆرانمان دەکرد، لەگەڵ تاریکی دەگەیشتینە دەو زێ، هەر لە تاریکیش دەبوو بپەڕینەوە و لێی

دوورکەوینەوە، ئێستا وا بە نوێژی نوەڕۆیێ، لە سەر زێ، لە سەر پردی ئاسکی کەڵەکێ بە چەکەوە راوەستاوم، کورم دەوێ بێژێ:

چا کەی لێرە؟!

لێرەش وەک هەموو جێ، فرکانفرکانە، هێزی پاتار پێوەربوونە، لەو رۆژەی ئاسکێ کەڵەکێ دیمەنێکی وام بیرنەماوە، بۆ نیشاندانەوە و گێڕانەوە بشێ، نا، شتێکی وا نەبوو، بەڵام لە زێوە، لە هاژە و شەپۆلەوە مزگێنی ئازادبوونی هەندێ جێ لە بەری بادینان گەیشت.

هەرچۆنێ بوو، یەک دوو گالۆن بەنزین پەیدابوو، ئەویش وەختابوو، کلاشینکۆف لێکدی رابکێشین، ئاخر، لەو رۆژانە بەنزین سەربەسەر بە خوێن بوو! دەی لە بەنزین گەڕێ، تا زووە با بگەڕێینەوە شار.

-راوەستە، بزانین ئەو خەڵکوخوایە، لە چی خڕبوونەتەوە؟

شوفێرەکە هێواشی کردەوە و بایداوە، ئێرە کۆمەڵگە زۆرە ملێکەی ئەوێیە، تەماشا، پیاوێک بە کوتکان وەرگەڕاوەتە خانوو، دەرکەو پەنجەران دەردێنێ، هەیە دەڵێ:

وا مەکە، ماڵی خۆت تێکمەدە، هێشتا دیار نیە، دۆخ چۆن دەبێ.

کابرا، بە لچکی کورتەکەکەی نێوچەوانی دەسڕێتەوە و بە دەم کوتک بەرزکردنەوەوە دەڵێ

لێمگەڕێن، دەستم مەکەنێ، بە خودای بۆ ڕۆژێکیش بێ دەچمەوە مەفتەنێ.

پیاوی دوورە زێد، گوێی بە کەس نەدا ودەرگاو پەنجەرە و چینکۆی لە پیکابێ باردەکرد، ئەو پیاوە خەڵکی بن کێوەرەش بوو، دوای ئەنفال سەدام هەڵیدابوو، لێرە بە زەوی کەوتبۆوە، ئێستاش کە لێرەوە تا کێوە رەش ئازادە و سەدام وێنەیەکیشی لە ڕێوبان نەماوە، لێرە هەناسەی تەنگە و ناحەوێتەوە، هەر ماڵ نا خانووش باردەکات و دەگەڕێتەوە زێدی خۆی، ئەو زێدەی ئەگەر سەدام نەبا، مردنیش نەیدەتوانی وا بکات دەستبەرداری بێت، ژنەکەی دەیگۆ:

بەس تا لە هەیبەسوڵتان ئاودیو دەبین، سەدام نەگەڕێتەوە، لەوێ خۆم سووتاندبێ، لێرە چاوی پێمناکەوێتەوە.

خەڵکەکە کە زانیان ژن و پیاوە بای کێوەرەش لە سەریانی داوە، پەشیماننابێتەوەو تکای کەس ناگرێت، یارییان دا و

بەڕێیـان کـرد، وا بـزانم خەڵکیـدیش چاویـان لێکـرد و بـای زێـد هەڵیگرتن.

دەم درەنگە و گەڕاینەوە، دەڵـێن چـی، مـن لێیـان دابـڕێم و بەگەڵ ڕەنجۆ بکەوم و ئەوشۆ لە ماڵی وان بمێنمەوە، ماڵیان لە کوێیە؟ هەر لە ڕێی گەڕانەوە، بەڵام بە دەستی چەپدا لادەدەیت و تەواویٚ دەڕۆیـــت، دەگەیـــتە زۆرەملێیەکیـــدی، نـــاویٚ وی (جدیدە)یە، وا دەکەم، لەگەڵ وی دەچم.

درەنـــگە، ڕۆژ بە ســـەر زێـــی گەورەدا تەواو لاربـــۆتەوە، هەر دیتـــــت، کەوتە ئـــــاویٚ و لەو زەردەپەڕەی پەڕ پەڕ ڕەنـــــگەی کــــردین، زەردەپەڕی ئەو ئێـــوارەیە، ئەو چەنـــــد پەلە هەورە ئاسمانی ڕۆژاوای جدیدەی ڕەنگرێژکـردووە، ئەو جـۆر ڕەنگرێـژیە تەنهـــا لە هەوری ئاســـمانی قەنـــدیلیٚ دەنەخشـــیٚ کە لە بەری ناوەزەنگەوە ئەودەمانەی ئێواریٚ چـاوی لە سـەر هەڵنەگری، وا دیارە، ئەوڕۆ لە پیرۆزیی ئازادی، قەندیل جـوانیی هەوری خـۆی بە سەر هەوری بەری نێوان هەردوو زێش پژاندووە، نەڵـێن، ئەو زەردەپەڕەت چـۆن لەبیـرە؟ مـــن لە هەر کـــویٚ بـــم، لە نـــاو شەڕوشۆریشدا بم، چاوێکم بە زەڕدەپەڕەوەیە و لێینابێتەوە.

هەور لەو هەمـوو ڕەنـگەی زەردەپەڕیٚ، تەنـیٚ ڕەنگـی مـۆری پێـوە مـابوو، کـاتیٚ گەیشـتین، دانیشـتووی ئێـرە هەر یەکەو لە

دەڤەرێکەوە، لە گوندێکەوە هاتووە، لە کەندێناوەوە تا بەری پژدەر و بناری قەندیلی تێدایە، هی هەموو جێی تێدایە!کەس بە حەزی خۆی نەهاتووە، بە زۆر هێنراوە و بە زۆرەملێ لەو کاولە زۆرەملێیە راگیراوە، من لەوێ، بە تاقە شەوێ تێگەیشتم کۆمەڵگەی زۆرەملێ واتە چی، قەفەزێکی ئاسنینە، ئەوەتا دوای شکانی، خەڵکەکەی لە شێوەی کۆتری تازە باڵ هاتووەوە باڵ لێکدەدن و مەشقی فڕین دەکەن و وەهەر دیتت لە شەقەی باڵیان دا و رێی هێلانە، رێی زێدی خۆیان، زێدی نەنک و باپیریان گرتە بەر .

خەڵکی وێرێ، کاتێ زانیان ئێمە پێشمەرگەی راستین، خۆمان رادەستنەکردۆتەوە، هەر ئێستا لە ناوزەنگ و قەندیلەوە دابەزیوین و بە رانیەدا ئاوایی ئاویی و شارۆچکە شارۆچکە و بە شاردا هاتووین و گەیشتووینەتە ئێرە، دەوریان داین و لە ئامێزیان گرتین، کچی قەیرە و تازەهەڵچوو، ئەگەر شەرم دەستی نەبەستبان، لە باوەشیان دەکردین.

خەڵکی ناو قەفەزی شکاو ئازایەتی یەکتریان دەگێڕایەوە، چۆن دەستیان بە سەر پۆلیس و چەتە و پیاوی پیس داگرتووە و حوکمەتیان ئاقار بەدەرکردووە، ناوی هەندێ گەنج و ژنیان دەهێنا، رۆڵی منداڵانیان دەگێڕاوە کە بە خرکە بەردان

هەڵمەتیان بردووە، ئەو شەوە شەوی گێڕانەوەی داستانی ئازادی بوو، ئەو ئازادیەی بە خەیاڵی کەسدا نەدەهات و لە خەونیشدا خۆی نیشان نەدەدا .

خەڵکی جدیدەی زۆرەملێ هەموو لە سەر بارکردنن، بە قسەی خۆیان بێ سبەی دووەی ئێرە چۆل چۆل، پشیلەیەکی تێدا نابینیەوە، بە خانووەوە باردەکەن و هەر کەسە و بەرەو زێدی خۆی، بەڵام هەیە هێشتا باوەڕناکات کە وڵات ئازادە، هەر وا دەبینێ لە ناو خەونە، نزادەکات بە ئاگانەیەتەوە، دایکی رەنجۆ، بە دەم لە ئامێزگرتن و بۆنکردن و ماچکردنی کوڕەکەیەوە، ئەو کوڕەی لە دووری وی و نزیک لە من چەند کەڕەت لە سەر لێواری مردن گەڕاوەتەوە، دەڵێ:

باوەڕناکەم، بە خودای لە سەر سەران باوەڕناکەم سەربازی کوڕم بە چەکەوە لە باوەشم بێت و هەولێر و ئێرە بەعسی تێدا نەمابێت، تۆ بڵێی ئێمە بچینەوە (حەزە)ی خۆمان؟ خوایە، ئەگەر خەونیشە، لەو خەوە قیتممەکەوە .

لە زاری دایکی رەنجۆوە، زانیم ئەو کوڕەی چەند ساڵە لە چیا دەیناسم و لە ناوزنگێوە تار ئێرە پێکەوەین، رەنجبەر نیە و سەربازی ناوە!

پیاوێکی ڕەقەڵەی بە تەمەندا چوو، خەڵکی بنـاری قەنـدیلیّ بوو، دەستی خستە سەر چۆکم و سەری کەمـیّ خـوارکردەوە و چاوی لە چاوم بڕی:

+توخدا تۆ ڕاستیم پێبڵـیّ، لێـرەوە تـا دە گەیـتە قەنـدیلیّ، حوکمەت لە سەر ڕێت نیە .

– نـیە، نە بێـریە سـۆر هەیە، نە بێـریە ڕەش، نە سـەرباز هەیە نەجاش.

+گاڵتەم لەگەڵ مەکە، ئەمن هی دڵیمە.

–ئەمنـیش هـی دڵـیمە، بـاوەڕ بە مـن ناکەیـت، بە ڕادیـۆ باوەڕبکەن، ئەوە نیە دەڵیّ...

+بە خودای لەگەڵ ڕادیۆ بەینم نیە، چونکە زۆر درۆم لێیـان دیتووە، بەڵام باوەڕ بە تۆ دەکەم، چ لە سبەی زووتر نیە، گـوو لەو کاولبووە دەکەم و خۆم دەگەیەنمەوە بەفری قەندیلیّ.

وا تێبگەم ئەو پێش ئێمە کاولبووەکەی بەجێهێشتبوو، بەرەو قەندیلی زێد بەرێکەوتبوو.

لە گەڕانەوە شـــتێکی ئەوتـــۆم بیـــرنیە، ئەوە نەبـــیّ، بە ئازادکردنی هەندیّ دەڤەری بەری بادینان، پێم زەوی نەدەگرت و

هێندەی نەمابوو باڵ بگرم و بە بـن هەوردا بفـڕم و تـا  لە جـێ جێ، ئاوایی ئاوایی ئازاد، تاوێ بنیشمەوە، لە دڵێ خۆ دەمگۆ:

مادام بادینان هەستا، سـەرکەوتن مسـۆگەرە و ئازادیمـان لە مستە.

**بەرە**

**بەرەی جاشان**

شار لە چەکدار سەرشارە، ئەوەی دەستی تفەنگی گرتووە، بە چەکەوە هاتووە و بە شار وەربووە و تێبەربووە، جاش، ئەوەی بە تیرە جاشە و فرچکی پێوەگرتووە ئەوەتا بە فەرمانی بەرە، لە پێشمەرگە پێشمەرگەترە و کەس ناوێرێ لێیبپرسێ:

ئەرێ، تۆ پێش یازدەی سێ....

جاشێ هەیە لە گەڕەکێ مە، دراوسێیەک مام خدری ناو بوو، دواتر بە خدر خەرمان هاتە ناو گێڕانەوەی من، بە دوو دەستان لە سەر خۆی دەدات و دەڵێ :

لەبیرتان چوو، ئەو جاشە کە رقی لە هەر کەسێ هەستابا، دەیهێنا لە حەوشە دەیبەستاوە و سەی جاشلی تێبەردەدا؟

خەڵک مەستی ئازادین و گوێ بەو قسۆکانە نادەن. ئەرێ ئێوە سەی (جاشلی)تان بیستووە؟ ئێ، لە جاشلی گەڕێ، مام خدر دەڵێ:

ئەو جاشە تەرەسە، بە خۆو بە سەوە، ئێستا خۆی لە پەنای بەرپرسێکی گەمبۆری بەرە ناوە، ئەی هاوار، وا نابێ.

ژنێ دەڵێ:

زمانت خۆت نەگری، سەرت لە سەر دادەنێی.

بە مام خدرم گۆت:

بەرە میهرەبانە، هەر لە جاش نا، لە عەلی حەسن مەجیدیش دەبووریٚ!

مام خدر:

بەرە خۆی دەبینێتەوە، بزانە کوو لە ناو جاشان بزر دەبێت.

جاشی خاوەن سەی جاشلی، لە چاو زۆر سەرۆک جاشان بە ریٚــژنە بــارانی بەهــاران شــووراوەتەوە، تەنهــا پێشــمەرگە و جاشانگەســتە دەزانــن، جــاش چ مــاڵێکن، چ مــارێکن و چــۆن پێوەدەدەن، بەڵام خەڵک دەستی بەرەیان شـکاوە و هیچیـان لە دەستنایە، ئیـدی هەر جاشـە و هەر پیـاو خـراپە، خـۆ بە مـاڵە پێشمەرگەیەکدا دەکات و خۆ دەداتە پەنای بەرپرسێ، لێرە هەر بۆ خۆشی، سەربردەی خزمێ دەگێڕمەوە:

ئەو خـزمە گەڕەکـێ بە پـارە دەکێشـێ، لە تەمەنـی پێـی بە ماڵێ مە نەکەوتبوو، کوڕەکەی شتێ بوو لە حـوکمەت، کە زانـی

بابم کوڕێکی پێشمەرگەیە و هاتۆتەوە، یەکسەر خۆ بە ماڵێدا دەکات و دەڵێتە بابم:

تۆ کوڕی بابی خۆتی و کوڕەکەشت هەروەتر، خۆت دەزانی کوڕەکەی منیش خراپەی کەسی نەبووە، بۆیە پێیبڵێ ئاگای لێبێ

بابم گوتبووی:

بێ خەم بە، ئەوەی لەدەستمانبێ دەکەین.

خزم دواتر زانیبوو من پێشمەرگەیەکی سادەم و جاشوولکەیەک زۆر لە من پتر دەستی دەڕوا، سەرینەدایەوە و دواتریش کوڕەکەی هێند بەرزبۆوە، بە سێ چوار پرسگە نەیدەگەیشتییێ، وا باشە لە جاش گەرێم و بەر لەوەی بەرەو کەرکووک وەڕێکەوم، هەندێ سەربردە و ورد سەردان هەن:

## سێبەری شەهید

### بە سەر بانەوە

پیرێـژنەکەی دراوسـێمان کە هەر هێنـدەی گلۆڵەمـووێکی لـێ مـاوەتەوە، لە سـەر دەرگـا هەلدەترووشـکێ و هەمیشـە چـاوە تیژەکانی لە سەر سیلەی خانووی سەرەکۆڵانێ دەبڕێ، دەبێ لە چاوەڕێی کێ بێ، هەر کـاتێ منـیش بە چەکەوە دەبینـێ، وردە فرمێســکان دەبــارێنێ، کــوڕە گەورەکەشــی زۆر بەرێــزەوە لێمدەڕوانێ، لە دایکم پرسی:

ئەو مـاڵە کێـنە؟ لە مێـژە دەیانناسـن؟ هەسـتدەکەم شـتێ هەیە...

دایکم:

نـا، لەوەتەی هـاتووینەتە ئێـرە، هەر هێنـدە دەزانـم مـاڵێکی باشن، با بزانم.

ڕۆژی دوایی پیرێژن گوتبوویە دایکم:

منیش کوڕێکم پێشـمەرگە بـوو، لە حیزبـی کـوڕەکەی ئێـوە، زوو شەهید بوو، ناوی حەیدەر بوو.

ئۆ! پـێکەوتم ئەوە مـاڵی مامۆسـتا حەیـدەر کەریـمە، ئەوەی کەم دیــتم و زۆری لــێ فێربــووم، ئەمــن دەمزانــی ماڵیــان لە سەیداوەیە، بەڵام نەمدەزانی لەو کۆڵانەیە، هێی! ئەوەتا دایکـی کە هەر هێندەی گلـۆڵە مـووێکی لێمـاوەتەوە، کلیلـی چـاوەکەی حەیدەری لە بەڕکی کەواکەیتی و ناهێلێ کەس بیکاتەوە، دەڵێ:

دێتەوە، کوڕەکەم دێتەوە.

چاوەکەی حەیدەر لە قـاتی سـەرێیە، وەک خـۆیەتی، دەڵـێن جێ و بالینگان و کتێبەکانی وەک خۆی مـاوە، جلکەکـانی دوای حەفت ساڵ و هێندە، هەر بە دارەوەن و و دەقیان نەشکاوە.

ئەوە بۆیە من دەبینێ دەگرییێ .

دیارە لە دڵی خۆی دەڵێ: کوڕەکەی منیش شەهید نەبووبـا، ئێستا وەک تۆ دەهاتەوە.

پلــکە ســوڵتانە نــاوە دەکەوێــتە خەیــاڵ و خەونــی خۆشەوە، ئەها دەڵێ:

حەیــدەری مــن لە ســەرێیە، لە چــاوەکەی خــۆی لەگــژ دەورکـردنەوەیە، کتێبـان دەخـوێنێتەوە، ئەهـا ئەوەتـا، لە سـەر بانێ، بەرێ خۆی داوەتە ئاسمانێ.

هێنــده له دڵەوه وای دەگــۆ، مــن هەســتمدەکرد ســێبەری حەیدەر دەبینم.

تۆ بزانه ئەو دوو مـاڵە، چەنـد سـاڵە دیـوار بە دیـوارەوەن، کەچی ماڵی حەیدەر نەیانزانیوه ماڵەکەی تەنیشـتیان کوڕێکیـان هەیه پێشمەرگەی کۆمۆنیستانه تا ئێسـتا به شـاخەوەیه، مـاڵی مەش چ بــزانن ئەوان کــوڕێکی کۆمۆنیســتیان هەبــووه و له سێکانیان شەهید بووه.

وای لێهات، بە دیتنی پلکه سوڵتانەی دایکی حەیـدەر کەریـم و محەمەد کەریم نانەوای کوڕە گەورەی گریـانم دەهـات، هەمـوو ئەو هاوڕێیـانەم بیـردەکەوتەوه کە بە دەردی حەیـدەر چـوون و ئێستا دایکیان، کەسوکاریان له چاوەڕێی گەڕانەوەیانن.

ئەهـا ئەوه کـانەبی گچـکه، ئەوه ئومێـدی گـۆڕ له دێـرەش، ئەبـوو رەشـای زەڵــێ، سـیامەند، ئەبـوو ئایـار... ئەدی فازیـل رێحانه!نـاوی چەنـدان ریـزبکەم، بـۆ چەنـدان هـورده فرمێسـکان هەڵوەرێنم؟! وا چاکه چیدی خۆ نیشانی دایکی حەیـدەر نەدەم، لێـرەوه تـا بـۆم بکـرێ خـۆمی لێدەشـارمەوه، راسـتیت دەوێ، حەزناکەم چ ژنی جەرگسووتاو و کۆسـتکەوتوو، ببیـنم، بەرگەی گریانی ژنان ناگرم، هەر لەبەر هەندێش نەچووم سەردانی دایکی فازیل رێحانەی هاوڕێشم، هەرچەنده حەفت ساڵێ بەسەر مەرگی

ویدا تێپەڕیوە، بەڵام لەگەڵ ئەو هاتنەوەیەی پێشمەرگە، کۆن کۆنیش تازە دەبێتەوە، جەرگ خوێنی لێدەچۆڕێتەوە، ئیدی خۆم لە دایکانی جەرگسووتاو دەشارمەوە، بەڵام ناچارم دوو سێ تنۆکە فرمێسکی ئەو دایکەش نیشانبدەمەوە:

لە پڕ وەژۆرێ کەوتن، ئەو هاتنە بۆ بەخێرهاتنەوەیە، یان بۆ شەڕ؟ بابی دەڵێ:

+کوڕە، بەراستیم پێبڵێ، کوڕەکەم لە کوێ کوژرا؟

-کوژرانی چی؟! ئەو لە هەندەرانە.

+بەو قسانە، دەستخەرۆم مەکە، کوڕەکەم نەماوە، لە تۆم دەوێتەوە، لەگەڵ تۆ چووە سەرێ، تۆ بردت.

-وەکو گوتم، کوڕەکەتان، ساڵێ پترە حیزب ناردیە رووسیا، هیچی بەسەرنەهاتووە ولە من زیندووترە.

بابم هاتە ناو قسان:

کوڕی من لە شتێ دڵنیا نەبێ، نایڵێ.

دایکی بەدەم هەڵوەراندنی هوردە فرمێسکانەوە:

+ئەدی تۆ چەند رۆژە هاتوویتەوە، بۆ سـەردانت نەکـردین و ئەو هەواڵەت نەداینێ؟

-راستدەکەیت، بەڵام نەپرژام بێم، سەرەڕای هەنـدێش گـوتم رەنگە زانیبێتتان، خـۆ ئەگەر بـاوەڕ بە منـیش نـاکەن، بـڕۆن لە بارەگا لێی بپرسن.

دایکم دەڵێ:

باوەڕی پێـبکەن، کوڕەکەتـان زینـدووە، چـونکە هەر هـاتەوە من پرسیاری ئەوم لێکرد و هەمان ئەو قسانەی گـۆت کە ئێسـتا دەیڵێتەوە.

دایکی بەو قسەیەی دایکم بزەی کەوتە سەر لێـوی و رەنگـی بۆ گەڕایەوە و چاوی گەشبوونەوە، بەڵام بابی هەر سەر بـادەدا، ئاگر لە چاوی دەبارێ و باوەڕی نایێ کـوڕەکەی مـابێ و ئێسـتا لە رووسیا بێ، لە هەسـتاندا، هـاتە نـاو چـاوم و بە قـوڕگی پـڕ گریانەوە گوتی:

کوڕەکەم نەمابێ، داو داو سمێڵت دەردێنم.

منیش بە شێنەیی گوتم:

ئەدی ئەگەر مابێ؟!

دایکی هاوڕێکەم هەڵیدایێ:

کفتەیەکی وەک ئەوەی پێشانت بۆ لێدەنێم.

گوتم:

دە بڕۆ، کەرەستەی چێکە.

دەستاوی ئەو ژنە زۆر خۆشە، بە تایبەتی کفتە، کفتەی وا لێدەنێ، هەشت نۆ دەیەک قووتدەدەی، هێشتا پێژی با بێ، نازانم کێ بوو دەیگۆ:

ئەو ژنە ناندێنەکەی بباتە دەروازەی دۆزەخێ و کفتە لێنێ، خەڵکی بەهەشتێ هەموو رووی تێدەکەن و خواردنی بەهەشتێ هەمووی لۆ سەر گوفەکێ.

ئەو ژن و پیاوە دایک و باوکی (دیار)ی هاوڕێم بوون، ئەو کوڕەی کاتی خۆی پێکەوە بە چیا کەوتین، ساڵێ دوو دوای ئەنفال ئەو بەرەو رووسیا رۆیشت و من لە ناوزەنگێ مامەوە.

تا لە ماڵێم، با ئەو مێوانەش ئەگەر بە درۆش بێ بە هەواڵی خۆشەوە بەڕێبکەم، بە دیتنی وی شلەژام، بەڵام بەسەر خۆم نەهێنا، یان بڵێم پرتە پرتی لالەکە نەیدەهێشت سیمام وەک خۆی ببینرێ، ئەو مێوانە برای ئەو کوڕەیە کە لە ناو کتێبەوە

هاتبووە ناوزەنگ، ئەو کوڕەی لە ناو (گوڵەستێرەکان...)ی من ناوی راسکۆیە، مێوان پرسی:

نەجاتی برام، بۆ نەهاتەوە؟ بیستمەوە لە بارەگای ئێوە بووە.

دوایوەی لە بارەگای کۆمۆنیستان جێیەنبۆوە و بەڕێیانکرد، من وای بۆچووبووم، خۆی رادەستی حوکمەت کردبێتەوە و گەیشتبێتەوە ناو کەسوکاری، تاهوواە! ئەو کوڕە شتێکی بەسەرنەهاتبێ؟ سەربردەی راسکۆم بە هەندێ پەڕین و لێ قرتانەوە بۆ براکەی گێڕایەوە، لەخۆوەش دڵنیاییم دایێ کە لە ژیاندایە و هەر دیتت پەیدابۆوە، گوتم:

بزانە لە چ شارێکی ئەو دیوە، چاوەڕێدەکات، بزانێ دۆخەکە چۆن دەکەوێتەوە، دێتەوە.

بابیشم گۆتی:

کوڕی من لە شتێ دڵنیا نەبێ، نایڵێ.

ئێ خۆ ناڵێم، بابە لەوەیان دڵنیانیم !

برای راسکۆ، باوەڕی هێنا و ڕۆیـی، نەبـادا ئەو دوو هـاوڕێیە لەو گێڕانەوەیەدا، نەهێنەوە نـاوگێڕانەوە، لێـرەوە دەڵـێم، دواتـر هەواڵیان هات و هاتنەوە و بە کەسوکار شادیوونەوە.

**راورووت لە رووناکی**

**دەودەوانێ لە تاریکی**

ئـا، لالە هـاتە نـاو قسـانەوە، بـۆوەی نەڵـێن تـۆ وا لە نـاو شاری، لالەی چی؟ ئەدی گلۆپ؟

لەو ماوەیە کارەبا کێشەی تێکەوت، شار بـن تـاریکی کەوت، چـرا و لالە هـاتنەوە گـۆڕێ، کـۆڵان بە فـانۆس بەر پێـی خـۆی رووناکدەکردەوە، هەر رووناکی نا، سووتەمەنیش چـوو، ئەوەتـا، لە بەنزینخـانەی کـۆن، لە چـاوەڕێی نەفـت بەرمیـل و تەنەکە و گـالۆن ریزکـراون و بە بەتـاڵیش دەگەڕێـنەوە، خەڵکـیش وەهـا مەسـتی ئـازادین، رووگـرژی و نـارەزایی، بە رووی کەسـەوە نابینیت، شار لە تاریکی و نەبوونیدا شایی ئازادی دەگێڕێ وەها مەستن، کەس گوێ بە نان و ئـاو و ئـاگر و روونـاهی نـادا، لـێم نەبێـتە درۆ، لە سـەرە کۆڵانێـک، سـەرە ژنێـک سـتڵێک بە دەستەوە، لە ئاوکێشان دەهاتەوە، لە بەر خۆوە بۆڵەبۆڵی بـوو، بە ناو کردن و نەژی تێگەیشتم، لەگەڵ بەرەیەتی:

بەرەیەکیترت بە ناوبکرێ، حەفتەیەک نەژی.

لە دڵێ خۆ گۆتم: قورڕت وە سەر بەرە، کەوتیە بەر تـووک و نزای ژنان.

نا، هەر ئەو ژنە نـا، دوو سـێ ناسـیاریش هەر زوو دابەزیـنە سەر بەرە، ئەوانە شـووراییـ بـوون، هەولّیـان دەدا دەسـەلّات لە دەسـتی بەرە نەبـێ ، خەلّـک لە گەڕەک و کۆلّانـان ئەنجـوومەن هەلّبژێرن و.... یەکیان پرسی:

+تۆ چۆن دەبێ، لەگەلّ بەرە بی؟

–  من پێشمەرگەم، دامناوە تا بابەگورگور لەگەلّ بم، دوایی نازانم.

+باشە، لەگەلّ ئێمە بە.

–زەحمەتە لە چ جێ جێمبێتەوە.

یەکێ لەو کوڕانە شاگردی پیاوێ بوو، مەنسووریان دەگۆتێ، زۆر تونـد بـوو، فشـەی بە مارکسـێتی فەهـد و شـاگردەکانی دەهـات، لە بـارەی مـارکس و کـوردەوە هەر یەکە و لە ئاشـێ لێمان دەکرد، تەنها لە رووخانی سەدام دەگەیشتینەوە یەک.

ئێ، دەمی دەودەوانێ نیە، چمان داوە لە فەهد و مەنسـوور، کەرکووکمـان لە پێشـە، کەرکـووک بە سـێ دەنگـا گازدەکـات.. ئەوە چەند رۆژە پێشمەرگە و چەکدار لە خڕ لاوە بەڕێکەوتوون،

لە رێـــی کەرکـــووک دنیـــا هەســـتاوە، چـــاوی کـــورد لە ســـەر کەرکووکە، منداڵ بە منداڵایەتی خۆی دەڵێ:

ئازادی بێ کەرکووک ناتەواوە.

لێتان ناشارمەوە، مـن لەو چەنـد رۆژە تەواو ساردببوومەوە، وەک بڵێی باوەڕم بە شـەڕ و هێـرش نەمـابێ، ئـاخر، دەزانـی چ راورووتێکم دی، بە چاوی خۆم دەمدی، شۆڕشگێڕ، تەلەفزیـۆنی دەدزی، شۆڕشگێڕ، ترومبێلی زبڵی دەدزی، بە زەبـری دەمـانچە ترومبێلی ئەمن و سەربازییان لە خەڵک وەردەگرتەوە، بۆ خۆیان دەیانفرۆشـتەوە، لەو رۆژانە پێشـمەرگەی پـاک و سـادە لە نـاو پێشمەرگەی دز و جاش، وەها بزربـوون، مەگەر تەنهـا لە دەمـی هێرش و تەنگانە لێکدی جودا بکـرێنەوە، ئەوەی مـن لەو چەنـد رۆژە دیم، بەس بوو بۆئەوەی تف لە چەک بکەم و خـۆم بـدەمە پەنـــایێ و لە چـــاو بـــزربم، بەڵام نـــاکرێ، بە خـــۆم ناوەســـتم و هەسـتدەکەم کەرکـووک گـازی مـن دەکـات، دەچـم، راورووت و نادادی دوو قاتیش بێتەوە، دەچم، بشمبەستنەوە دەچم.

بەڵام بەر لەوەی بکەومەڕێ، سەرێ لە هەڵەبجەی ناو هـۆڵی میدیا دەدەم.

## وێنە وێنە، ریزە رۆندک

بەر لە بابەگوڕگوڕ، هەڵەبجە، هەڵەبجەی ناو هۆڵی میدیام بیرکەوتەوە، ئەو هۆڵەی لێیەوە گوللەیەکم بۆ هات و هێندەی نەمابوو ساردم بکاتەوە و گڕی بابەگوڕگوڕ نەبینمەوە، بڕوانە، شار ورد و درشت، ژن و پیاو، لە خڕ لاوە، وێنەی مێروولە روویان لە میدیا کردووە، مێروولە لە گەڕانەوە دەستبەتاڵ نیە، کەرتکە گەنمێ، شتێکی هەڵگرتووە، بەڵام شار لە هاتنە دەرێ، لە گەڕانەوە، چاوی سوور سوور بۆتەوە، هێندە گریاوە، تنۆکە رۆندکێکی پێنەماوە.

هەڵەبجەی ناو میدیا، پێشانگایەکی وێنەکانی شازدەی سێی هەشتاوهەشت!چ فرمێسکێکی بەو شارە رشت، فرمێسکێ هەڵاتنیش پێینەڕشت.

من پێشترێ، زۆر لەو وێنانەم دیبوو، بەڵام بەو شێوەیەی ناو میدیا نەیانگریاندبووم، ئەو رۆژە لە زاری ژنانی شارەوە بە قەد بیست و سێ ساڵ، توووک و جوێن بۆ بەعس و سەدام چوو، ئەو رۆژە تۆڵەیێ کەوتە سەر زاری منالانی قەلات و منارە:

سەدام حوسێن بۆ کوێ دەچێ؟

هەڵەبجەمان لەبیرناچێ.

## لە دەو ڕێی کڕ

### تلیانە تلیانە نانی تیری

لە پردی پردێ پەڕیینەوە، بازۆ، زۆر ڕۆیشتین، ئێرە ئاقاری دارەمانە، لێرە بارامی برادەرم، ئەوەی هێند پارتی بوو، لە دوورەوە زەرددەچۆوە، سەربردەیەکی سێ ڕۆژەی لەگەڵ ئیزرائیل هەیە، دوایی ئەگەر بیرمکەوتەوە، دەیگێڕمەوە.

سەرکەوتین، لە کەلی کەرکووکێ دەرکەوتین، ئەو کەلەی بە دەستی ڕاست کانی دومەڵانە، دەستی چەپیش سێ کانیانە، جارێ لە کەل و کانی گەڕێ، سەرباسمان نانە، وەرە بڕوانە، بە دەستی ڕاست، تلیانە تلیانە، نانە، نانی مادەو تیری، نانی ژنە هەولێری، دەیناسمەوە، من بە بۆن، بە شێوە، نانی ژنانی هەولێری دەناسمەوە، لە دایکم مادە و لە نەنکم تیرۆگ دەناسمەوە، دەناسمەوە، تلیانەی ناو قەیسەری دەناسمەوە، ئەو نانانە، هەر ئەو نانانەن کە پێش دوو سێ ڕۆژێ، ماڵ ماڵ لە هەولێرێ خڕ دەکرانەوە و بۆ کەرکووکێ دەنێردران، دەیانناسمەوە، من نانی ژنە هەولێریان دەناسمەوە، ژنانی زمان بە ڕۆژی، ئەوەتا هەمووی لە بن کەلێ بۆ ئەو پێشمەرگانەی بۆ ئازادیی کەرکووکێ کەلیان گرتووە، لە دەو جادە تلیانە تلیانە ڕیز کراوان، هەموو لە دەستی ڕاستن، دەستی هەڵمەتن، تۆ

چاودێ، لە دەستی چەپ، دەستی گەڕانەوە کەرتە نانێ نیە، ئاخر ژنە هەولێری دەڵێ:

نانم بە سندانی ئەوە بێ، لە شەڕی ئازادیی کەرکووکێ دەگەڕێتەوە.

وەرن، چاودەنێ، لە چ دیرۆکێ، لە دیرۆکی چ میللەتێ، لە رێی ئازادیی شارێ، لە دەو رێ، تلیانە تلیانە نان وا ریزبکرێ! تەنێ نانی رووت نا، هێلکەی کوڵاو سپی دەچێتەوە، خورماشم دی، رەنگە ران و سینگە مریشکیش هەبێ، لەو رێوبانە بایی مانگێ شەڕ، خواردن هەیە.

## کەلی سێکانی

## خەناوکەی نەورۆز

دەڵـــێن بەرە، وای دانـــاوە، ئـــاگری نەورۆز لە کەرکـــووک بکاتەوە، رەشەمێ هەر ئەوڕۆی ماوە، سبەی یەکەم رۆژی خـاکە لێوەیە، نـا، خـاکە لێـوە شـەوێ زووتـر لە وادەی خـۆی دێ، لە دەمەو ئێـوارەی ئەوڕۆوە، لە هەڵکردنـی ئـاگرەوە، پـێ دەخـاتە ساڵەوە، من ئێسـتا لە سـەر ئەو بەرزاییەم کە هەسـت بە گـڕی بابەگوڕگوڕ دەکەم، ئەو بابە گوڕگوڕەی هێندەی شارێ شـیرن و سـەلما وعەنـبەر خـاتوون و حەبیـبە شـیعری بە سـەردا هەڵگوتراوە، چەند شۆڕشێ خوێنی بۆ رژاوە، بابە گوڕ گـوڕ بەو دەمەو عەسرە نەورۆزیە، هاتین، بە گوڕ هاتین، گڕمان گرتووە و بۆ ئازادیی گڕت هاتین.

مـن لێـرە، لەو دەوروبەرە، تەنهـا کـوڕە ناوزەنگیەکـان دەناسـمەوە، ئەوانە دەناسـمەوە کە پـێکەوە یـان پـێش ئـێمە هـاتبوونەوە، سەردەسـتەی گەورە لێـرەیە، شـەوەکەی هەیبەسوڵتان پەنجەی پەژیوانی پێگەستووم، دەریشـم بکـات، دەسـتەکەی بەجێنـاهێلم، ئەهـا ئەوێهـێ لە بەژنیـڕا دیـارە شـێرزادەیە، ئەولاتـر وا تێـبگەم موحسـین یاسـینە، سـەعدوون هێندە دوور نیە، رەنجۆ لەو سـەرە کە سـەنگەرێک لە سـەنگەرە

چاوڕەشەکە سەرترە، ئاشتیەکە لە پێشترە، کارۆخ لە شـانمە... زۆرین، ئەوانێهێ کێن؟ دختۆر هۆشەنگ و یووسـف و شـاخەوانم لێـوە دیـارن، ئەوەی ئەولاتـر لە جۆلاکـانی سـەیداوەیە، بەکـرە، یووسف  هەر زوو دەستەیەکی بەگەڵ خۆی دا و دواتر زانـیمەوە لە گۆڕستانەکەی رەحیماوەوە، چووبوونە ناو شاری گڕەوە.

زۆرین، لە ژمارە نایەین، دیـارە هێـزی پاتـاریش لە دواوەیە، ئەو هێزە خۆ پارێزە، دەزانێ چـۆن پـێ هەڵـدەهێنێ و لە کـوێ خۆی دادەنووسێنێ، لە جێیـێ نـایبنی تەقەی لە سـەر بـێ، ئەو هێـزەی چـاوەڕێی ئەو دەرفەتەیە کە پێشـمەرگە دەیڕەخسـێنێ، دەی، لە هێزی پاتار گەڕێ، قسەی ئێمە لە هێزی پێشمەرگەیە، ئەو پێشمەرگەیەی بۆ ئازادی هاتووە.

دوا ئێوارەی رەشەمێیە، هەر دیتت خاکەلێوە لێـوی بـۆ شـار کردەوە، هێشـتا خـۆر بە دیـوی حەمریـنـدا لێژنەبـۆتەوە، هێشـتا کوڕانی سەر کەل نشینی  تینووی گڕی، لە زەردەپەڕ نەگرتووە، کـوڕانی لە کەلـی کـانی دومەڵان و سـێ کانیـانەوە هـاتوو،  وا هـاتین، لە کەلەوە شـۆڕدەبینەوە بەرە و شـۆراو، بەرەوە گـورگە چاڵ، هاتین  بابەگوڕگوڕ هاتین، تەڕ و سەرمابردەلەین و هـاتین خۆ بـدەینە بەر گـڕت، هـاتین خەنـاوکەی نەورۆزت بە گەردنەوە

کەین، هاتم لە ناوزەنگی بەفرەوە بەڕێی قەلات و منارەوە بۆ گڕ هاتم، هاتین لێرە نەورۆز بکەین.

نەتبیست! شاری جاهید گۆتی :

شاری ئەسیری، ئەسیر بێ، ئەو نەورۆزە جەژنانە ناکەم.

شاری بێکەسیش هەر وای گۆ، هەموو وایان گۆ، زاخۆکی دەلالیش.

هاتین، سەرهەڵبڕە، بەری ڕۆژهەڵات ببینە، بەو دەمەو ئێوارە لە لوولەی تفەنگەوە هەڵاتنی خۆری ئازادیت ببینە، رابە، شاری هەمیشە گڕ رابە، وا هاتین.

هەواڵ دێ، شاری گڕ، گڕی گرتووە، کورد هەستاوە، زرم و هۆڕ و ئاگربارانێکە، هەر کەسێ چاوی لێبێ، دەڵێ بەرایی کاولبوونی دنیا لێرەوەیە، ئەو لەشکرەی لە هیچ جێ خۆی نەگرت و هەڵات، چەکی دانا و پەڕۆی سپی هەڵکرد، لێرە پێی چەقاندووە، دەجەنگێ، بۆ ئەنفال و سەدام دەجەنگێ، دەستدەکاتەوە و دەستنادا، لە زەوی و ئاسمانەوە ئاگر و ئاسن دێ، بەڵام پێشمەرگە هەرێی داوە، بگاتە هانای رابوونی شار، هەرێی داوە ئاگری نەورۆز لە شاری گڕ بکاتەوە، بە دەنگی بڵند، کەرکووک یان مردن دەڵێتەوە، هەرێی داوە، ئەگەر لافاوی

خـوێنیش هەسـتێ، هەر کەرکـووک نـا، تـا سـەری حەمـرین ڕانەوەستێ، بۆیە پـێ پـێ دەچێتە پێشـێ، پێشـی بپەڕێ، بە خەیاڵیا نایێ، پاشەکشێ .

ئەوە نـیە، ئەو پێشـمەرگەیەی خـوارێ، وا تێـبگەم لە سۆسیالیسـتەکانە، لە قەنـدیلێ دیتبـووم، لە زمـانیڕا دیـارە، کەرکووکیە، پیس پێیکەوت، پێی لە دوای نایێ، کەچی چەنـدی هەوڵی لەگەڵ دەدەن، بکشێتەوە، بچێـتەوە پشـتەوە و تـا بـۆی هەتوان بکەن، مل ناداو دەڵێ:

جوان بۆم ببەستن و لێمگەڕێن، بابگەمە ڕەحیمـاوە هەتـوانی من لەوێیە.

تـۆپێ دێ، نزیـک دەکەوێ، لە قـوڕ و خۆڵتـان وەردەدات، ئاگـات لە کـوڕی هەتـوان لە ڕەحیمـاوا بـڕا، پەرتـدەبن و خڕدەبنەوە، پێشمەرگە گەرم داهاتووە و نـاگەڕێتەوە، سـاچمە و گـولله سـاردی ناکـاتەوە، بەڵام گەیشـتن زەحـمەتە، لەشـکری سـەدام دەڵێـی بەرگـری لە بەغـدا دەکـات، بـۆ وی وا دیـارە کەرکووک هێلی سوورە، نائومێدی داتدەگرێ و دڵت دەڵێ :

عارەبی دنیای لە سەر دانێ، بۆ کوردی جێناهێلێ.

نائومێدی داتدەگرێ، لە دڵێ خۆ دەڵێی: ناگەینێ، هەموو کوردیش بێ، کەرکووک ناگیرێ، بەغداش برووخێ عارەب کەرکووک نادا بەدەستەوە، وڵاتێ خوێنیشی بۆ بڕێژی ئەو شارە بۆ کورد نابێ، ئەوی بشچێ لە خۆڕا دەچێ.

لە قووڵایی نائومێدیەوە، بووە هەراو هۆریا، دەڵێن:

حوکمەت هەڵات.

هەڵات؟!

## دەروازەی ڕووناهی

ئێستاش هەر وا تێدەگەیت، خەون بوو، خەیاڵ بوو، نابێت ڕاست بێت ئێرە ڕەحیماوە بێت، ئێوە بە چەکەوە لە ناو ڕەحیماوەن؟! ڕێی تێناچێ، هزرت بە سەریدا ناشکێ! هەر تۆ نا زۆریدی بە خەیاڵی تێگەیشتبوون، وایاندەزانی لە ناو خەونن و بە ئەی ڕەقیبەوە لە ناو کەرکووک بەربوونەتەوە، ناکرێ، کاری کردە نییە، کەرکووک بە ئێوارەیێ، بە شەوێ ئازادبکرێ، شارێکی حەفتا ساڵ داگیرگراو، حەفتا ساڵ بە عەرەبکراو، بە لەشکری ئەنفال دەوردراو، بە ترس و مەرگ تەنراو، شاری شۆرش لە سەر دانراو، بە شەوێک ئازاد بێت! چەندی دەکەیت ناچێتە مێشکەوە.

هەر لەبەر هەندێ، ئەو شەوەی کەرکووک، لە گێڕانەوەی تۆش شێوەی خەیاڵ دەگرێ و ڕەنگە کەسێکیش کە لەگەڵ تۆ نەبووبێت، باوەڕنەهێنی کەرکووک ئێوارە و شەوێکی وای لە ساڵێ لە ساڵەکانی خۆی تۆمارکردبێت، وا دەکەیت، وا دەکەم لە گرتەی خەیاڵاوی ئازادیی شاری گڕ دەگێڕینەوە:

شار هەموو گڕی گرتووە، لە ناو گڕان گڕی بابەگوڕگوڕ بزرە، ئێرە رەحیماوەیە، دەیناسیەوە، دیوار و بانی، رێوابانی، هەروەک دە ساڵ لەمەوبەرە.

ئەها، ژنان دەستە دەستە، لە سەر جادە، دەسماڵ هەڵدەتەکێنن و هەڵهەڵە لێدەدەن و ئێوارەی شار پڕدەکەن لە:

بژی پێشمەرگە.

ئەو ئێوارە ژنانیەی رەحیماوەی کەرکووک، سپێدە ژنانیەکەی شۆرشی هەولێری بیرهێنایتەوە، گەرەکتە هەستیەوە و چەند دێڕێ شیعر بخوێنیەوە، تیژ تێپەڕین و و پێڕانەگەیشتی.

ئەو ئێوارەیە، رەحیماوە دەروازەی رووناهیە، رووناهیی ئازادیە، دەروازەی گەیشتن بە گڕ، ئەو گڕەی لە قەندیلەوە، لە ناوزەنگەوە گڕیان بۆ گرتبوو.

## شاری گڕ

### ئەی رەقیب دەڵێتەوە

ئێرە رەنگە ئازادی بێت، ئەها، ئەو ژنە کە لەبەر تیشکی ئاگر، خاڵە کوتراوەکەی سەر چەنەگەی شین دەچێتەوە، ئاگری لە عەبا بەرداوە و بە دەوریا دەسووڕێتەوە و تلیلیلی لێدەدا و (بژی کورد و پێشمەرگە) دەڵێتەوە.

ئێوە تێدەسووڕێن، دەچنە پێش و دەکشێنەوە، وا تێبگەم، بەگەڵ دەستەیەک کەوتوون، هەر هێندەی تۆ شارەزای ناو شاری گڕن، ئێرە دوور نیە تەپە بێت، چاودێ:

ئەو منداڵە سەرقژنە، مەسینەی باغەی ئاگرگرتووی بە دارێکی درێژەوە کردووە، هێواش هێواش بایدەدات و خێرا خێرا:

ئەی رەقیب، ئەی رەقیب، ئەی رەقیب...

وا دیارە لە ئەی رەقیب هەر هێندەی لەبەرە، یان هێندە کۆڵدارە، لەو ساتە هەر هێندەی بۆ دێت، بە دەم ئاگربادان و گوتنەوەی ئەی رەقیبەوە، بە بەر چاوانەوە بە ناو جادەدا هەڵات و لە ناو گڕ و رووناهی بزربوو.

من نا، تۆ بڵێ، ئێرە ئیمام قاسمە، بە چاوی من چاو دێ:

پیرەمێـردێ، لە سـەر کۆسـپی دەرگـا، کە لە تەنیشـتیەوە پاشۆلێ شەبکە و چیلکە گرِیان گرتبـوو، دەم و چـاوی پیرەیـان لە شــێوەی ســێبەری پــڕ جــووڵە نیشــاندەدا، گۆچــانەگەی رادەشەقێنێ و بەدەنگێکی مەیلە و نووساو:

قوربانتان بم، قوربانی کورد بم، کەرکووک هـی کـوردە، هـی کوردستانە.

ئێستا لە نزیک پردێکن، نازانیـت کـام پـردی خاسـەیە، سـێ چوار چەکدار پێدەچێ، کەمێک سەریان گەرم کردبێ:

ئەو پەرچەم و ئەگریجە هەموو دوژمنی دینن

ئەو زولف و روخە ئافەتی سەر رووی زەمینن...

بە تفەنگەوە سەمادەکەن و دەنگیان بەرزدەکەنەوە:

**نازیلێ لێرە و لەوێ**

**باریکێ خاسە کەوێ**

**هەر تەنیا ماچم دەوێ**

**نایخەمە نیوە شەوێ**

**بە شێخەکەی کانی کەوێ**

هەر بە راستی لە ناو ئەو هەموو زرمۆهۆڕ و ئاگربارانە، لەو گـۆرانیەوە پیـاو حەزی دە چـووە مەی و مـاچ، هەمـووان لەو ئێوارەیە مەستی ئازادین و ماچی ئازادییان دەوێ و نابێت بگاتە نیوە شەوێ، هەر لەوێ نـا، لە نـاو زۆر تـرومبێلەوە لەپـال ئەی رەقیـب و ئەو رۆژی سـاڵی تـازەوە، دەنگـی نـازیلێ دەهـات، گـورانیی: پەرچەم و ئەگـریجەی عەلـی مەردان و نەورۆزەکەی حەسەن زیرەک و ئەی رەقیبەکەی هەمووان، هەموو کەرکووکی گرتەوە.

ئێ، ئێوە کۆلان کۆلان، جادە جادە دەچنە پێشێ، بە راست دەچنە پێشێ، یان تێدەسووڕێن و دێنەوە جێی پێشـی، چ لەوە ناخۆشترە؟ لە شارێ بـکەویە شـەڕێ، چ جـێ پێنەزانـی، یـار و نەیار پێنەزانی، نەزانی لە کوێوە گوللەت بۆ دێ.

لە هەندێ سەرە کۆڵانەوە، لە هەموو لایەکەوە گوللە دێ، بە بن پێ و بنا گوێدا گیزەی دێ، دیار نیە، کام لا دوژمنە، کام لا دۆست، چەند جارێ هاتە سەرت بڵێی:

بـا خـۆ لە شـەڕ لادەیـن، خـۆ بـدەینە پەنـایێ، لە ختوخـۆڕا تێدادەچین.

ترسایت بە ترسنۆکت دانێن، بۆیە قووتتـدەدایەوە و نەتگۆ، تەقوتۆق و هەرایە، بـۆ تـرس رەویـنـەوە، زۆر جـار ناچـار دەبـی گـوللە بە تـاریکیەوە بنێـی، تـۆش وات کـردووە، ئەو شـەوە لە کەرکووکێ بە قەد جەنگێگی جیهانی فیشەک تەقێنراوە، قورِ بە سەر ئەو کەسەی گوێی لەگەڵ تەقە رانەهاتووە، بەڵام لەو وڵاتە کـوا کەسـی وا! هەمـوو هەر لە سـەر لانـکەوە دەنگـی تفەنـگ تێکەڵی لایەلایەی بووە .

شەوی کەرکووک چراخـانە، لە زەوی و ئاسـمانەوە ئـاگر نـا، رووناهی بـارانە، ئەو شـەوە دەبـارێ رووناهیی پـیرۆز دەبـارێ، بەشێکی شار ئازادە، تەقەی وخۆشی و تەقەی شەڕ پیرۆز بـوو، بەڵام نازانم بۆ تۆ دەستت نەچووێ فیشەکێکی خۆشی هەڵـدەیە ئاسـمانێ، ئـاخر لە دنیـایێ رقـت لە تەقەی خۆشـی دەبێـتەوە، یەک جار هاویشتت و دووپاتت نەکردەوە، هاوڕێکانیشت، هێنـدە خۆشییان لە تەقەی خۆشی نەدەهات، ئەو شـەوە وا تێـبگەم لە نزیـک تـۆوە تەنـێ کارۆخێـک و سـەنگەرێکی چـاورەش هەنـدێ گڕداریان بە ئاسمانەوە نا.

پێشمەرگەکانی ئەو شەوە کێ بوون؟ جا کێ نەبـوون! نـاوی چەنـدیان بڵـێم، لەوە گەڕێ کە بەرە هەمـووی لەوێ بـوو، هـی هەردوو قۆڵ، هەولێر و سلێمانی، پێشـمەرگەی دۆڵـی نـاوزەنگێ

ئەوەتـا هەمـوو لێـرەن، گەرمیـانی و کوێسـتانی هەمـوو لێـرەن، شووراییش لێرەن، کێ لێرە نـیە؟ هەر کـوردێ دەسـتی تفەنگـی گرتـووە، رووی لە کەرکـووکێ کـردووە، شـەوە بـاش دیـار نـیە، بەڵام وا تێبگەم هێزی پاتار لە هەمـووان پتـرە، لە هێـزی پاتـار گەڕێ، لە ناو گۆڕستان و دیوی میحـراب و بـاخچەی منـداڵانیش بـۆی بــگەڕێ، دەیبینــیەوە و دەبینـــی کــون کــون دەگەڕێ و هەڵدەگرێ و باردەکات و دەڕوات.

## چەکوچ و داسی نەخشاو

درێژەی نەدەمێ، باشە، گەڕاینەوە، ئێستا لە رەحیماوە، وا لە ناو پۆلیسخانەین، لەو شەوەوە بووە بارەگای چەکوچ و داسان، لەوێ گرتەیێ هەیە، بۆ کەسم نەگێڕاوەتەوە و هەوکە بیرمکەوتەوە:

چەکدارێ پێدەچوو دەمێ بێ، تامەزرۆی ئەو چەکوچ و داسە بێ، دەستبەجێ لە سەر پارچە مقەبایێ، نەخشاندنی و تێکیپەڕاندن، چوو، نازانم کەتیرەی لە کوێ پەیدا کرد، بە دەرگاوەی نووساند، وەک بڵێی بڵێ:

پۆلیسخانەمان گرداوە، کەس نەیە بەو ناوە.

هەر لەوێ بەو درەنگانی شەوە، ئەفەندیەکی رەقەڵە بە زەمبیلەیەکی گەورەوە پەیدا بوو، چاکۆخۆشیەکی گەرمی لەگەڵ کردین، لە پێشی داناین و چوو، سەرمان کردەوە، وای، وای، ئەوە چی هێناوە! چەند نووردووە نانی تیری، چەند کیلۆیێ ران و سینگی مامر، سەلکە پیازیشی لەگەڵ بوو، پێشمەرگەیێ لە هیکەوە:

نەکەن، دەستی بۆ مەبەن، نەک شتێکی تێکردبێ.

ئەوەی دەستی بۆ بردبوو، کێشایەوە، لە جێی خۆ ساردبووینەوە، تەنها پێشمەرگەیێ نەبێ، بە دەم گۆشت لوولدانەوە، لە پێکەنینێ لە سەر پشت کەوت:

زراوتان چێ! بخۆن، ئەو پیاوە خۆییە، لە ئێوە کوردتر و پاکژترە.

ئیدی وەرگەڕاینە سەری، هێندەمان تێکرد مڕ بووین، خۆزگە بۆ بادەکەش وا دەبوو، کە سێ پەیدا دەبوو، بڵێ:

هەڵیدەن، لە سەر من.

بیرمنیە کێ بوو، بوتڵێکی هەڵگرتبووەوە، نایەتەوە یادم ویسکی بوو یان ڤۆدگا، ئەگەر هەینێ فڕێکم لێدابا، دوور نەبوو هەوکە لە بیرم مابا! شووشە هەر پێکێکی لێ خورابۆوە، سێ چوارێ خۆمان دا پەنایێ، بە زمانی سووتاوم گوتم:

باشە، ناترسن شتێکی تێکرابێ؟

هەموو لێی ڕەوینەوە، خۆشم لە قسەکەی خۆمەوە کەوتمە دڵەڕاوکێ، تەنها کارۆخێ نەبێ، گوتی:

بادە ئەگەر ژاریشی تێکرێ، کاری تێناکرێ.

یەک دووانــێ، بە بــنە مەتــارە پێکیــان چێکــرد، ئەزیــش چــۆرڕێکم تێکــرد، بەڵام چەنــدی کــردم و کۆشــام، نەمتــوانی هەڵیدەم، گوتم، باشە من لە ناوزەنگەوە بە بن تۆپ و نـاو تەق و تۆقا هاتم، تا گەیشتمە ئێرە گوێم پڕ بووە لە گیزەی گوللە و تەپەی ساچمە، بەڵام مەرگ نەگەیشـتێ و پەنجەیەکـم بە خـوێن نەهات، بۆچی لێرە بە دەستی خۆم، بادەی ژەهراویی مەرگ فـڕ بکەم !

ئەگەر لە پۆلیســخانەی بە چەکــوچ و داس نەخشــاو ئەو شەوەم کردباوە، دوور نەبوو، ئێستا سـەربردە لە سـەرم سـەری کردبـا، فریـای گێڕانەوەیـان نەکەوتبـام، نەخاسـمە سـەربردەی بادەکە و گیراوەکانی ئەو شەوە، من دەگەڕێمەوە، هاتە سەرم و گەڕامەوە.

لە سەر گەڕانەوەم، بابێ سۆسەن بە سەردا هات، ئەو کوڕە هەر دوای ئازاد بوونی هەولێـر، کـاری لێپرسـینەوەیان بە مـلەوە نـا، لێپرسـینەوە لە گیـراوان، ئـاخر لە زینـدانی ئێرانـی هێنـدە دەگەڵ بەنـدی و بەنـدیەوان و میرغەزەبـان سـەروکاری هەبـوو، فێرببوو، بە تەماشاکردنێ دەیزانی گیـراوەکە هیچـی لە هیچـدایە

یان نا، بە چاو سوورکردنەوەیەک و سێ چوار قسـە، قسـەی لە تاوانبار دەردەهێنا و سرپوتڕی بە گۆڕێ وەردەکرد.

+بۆ کوێ؟

-دەچمەوە، ماندووم

بە پێکەنینەوە

+باشە، ئەوەی ماوە، بۆ من.

-گیراو زۆرە، ئیشێکی باشت بۆ پەیدابوو.

ئەو شەوە لە خۆوە دڵـم گەڕانەوەی ویسـت، بە ویسـتی ویـم کـــرد و گەڕامەوە، کەرکـــووکم تەواونەکـــرد و بە نیـــوەچری بەجێمهێلا، لە دڵێ خۆ گۆتم:

شـاری گـڕ، دێـمەوە، سـبەی لەگەڵ گەردوگـوڵی بەیـانی دێمەوە.

بەڵام بڵـێمە خـوێنەری خـۆ، هەر ئەو هـاتنەوە بـوو، سـێزدە ساڵ بە سەر ئەو شەوەدا رابرد، ئەوجا بابەگوڕگوڕم دیتەوە.

## گەڕانەوە

### بە ڕێی دز و چەتان

ترومبیلــی هاوشــاریەک دەگەڕاوە، لە پشــتەوە جێــی خــۆم کــردەوە، کەوتــمە تەنیشــت لوقمــانی بەلاشــاوە، لە منــداڵیەوە دەیناســـم، ئەو کـــوڕە لە زۆر ســـەرە کـــۆڵانی (کـــۆڵان کـــۆڵان گێڕانەوە) دیارە، نەبادا لێرە چیـدی دیـارنەکەوێتەوە و نەیەتەوە ناو گێڕانەوە، لە ئێستاوە دەڵێم:

دوای هەڵاتن و هاتنەوە، شەهید بوو.

ڕێ، ڕێ بە ڕێبوار نـاکەوێ، بەو شـەوە لە هەردوو سـەرەوە، جرتوفرتی ترومبێلانە، وا دیارە لێرەش کە هێشتا تەواو ئازادیش نەبووە، فڕکانفڕکانە، جەنگاوەر سینگی خۆی داوەتە بەر گوللە، هێــــزی پاتـــــاریش، دێ و باردەکـــــات و دەبـــــات، جـــــگە لە ئاههەڵکێشان چیت لەدەستدێ؟!

هاتمەوە، لە دوور زرموهۆڕە، هـاتمەوە بەنـاو جەنگـاوەران و دزانـدا هـاتمەوە، لە سـەر پـردی پـردێ، هەشـت نـۆ دە چەکـدار تفەنگیان لێکدی راکێشابوو:

-هی منە، بە گۆڕی مامە ریشە، بە دەستی خۆم گرتم.

-خوێڕی کە من چوومە سەری، تۆ هەر لەوێ نەبوویت.

-درۆ دەکەن، مـن لە پـێش هەمووتـان گەیشـتمە سـەر سووکان.

-وا نیە، من نەمزانی بازۆم، بۆیە دامە تۆ.

شەڕیان لە سەر ترومبێل بوو، لوقمان بە دەنگی بڵند:

ئـاخر، مـامە ریشـە گـوێی لێبـێ، دز سـوێند بە گـۆڕەکەی دەخوات، قیتدەبێتەوە و حەفتاوپێنجیەکتان لێ بەتاڵ دەکات.

ئەو کوڕە، مامەریشەی بە گیڤارا نەدەگۆڕیەوە، لە کـۆمەڵەی خۆشـتر دەویسـت، ئەوەتـا ئەو وێـنەیەی کـاتی خـۆی لە چیـا لەگەڵی گرتبوو، لە سینگی خـۆی داوە، مـن بـۆ یەکەم جـار کە وێنەی مامە ریشە لە سـەر سـینگان ببیـنم، بەو شـەوە لە سـەر سینگی لوقمانم دی.

بە بن تەقە و گوللەی گڕداری خۆشـیدا، گەیشـتمەوە شـار، شار نەخەوتووە، کەسی نەخەوتـووە، هەمـوو دەسـتیان لە سـەر دڵیانە و دەڵێن:

کەرکووک، کەرکووک، یان کەرکووک یان هیچ.

مـن دەخەوم، هێنـد کفـت و مانـدووم، چ خۆشـیەک خەوم نـازڕێنیّ، دوو سیّ جغـارەم بە یەک ئـاگر کێشـا و کەوتـمە نـاو جیّ، درەنگ بە هەواڵی خۆشەوە بەئاگاهاتم، ئازادیی کەرکووک، دیارە هێشـتا لە چەنـد جێیەکـی شـەڕ گەرمە و داگیـرکەر وا بە سانایی دەستبەرداری نابیّ.

من نەچوومەوە، لێتـان ناشـارمەوە، خـۆم لە شـەڕ دزیەوە و گوتم:

تا ئێرەم هێنا، با بەس بیّ.

ئێـوارەی ئەو رۆژە هەواڵ هـات کە کەرکـووک لە لەشـکر و پیاوی ئەنفال پاککراوەتەوە، تەنهـا سـەربازخانەی خالیـد مـاوە، ئەو خالیدەی کاولیی بە دوای خۆیدا هێناوە.

هەر ئەورۆ قسـە کەوتە سـەر زاران، بەو زووانە کـورد خـۆی نەوتی کەرکووکی خۆی هەناردەی دەریّ دەکات .

هەر ئەو ئێوارەیە هەواڵی ناخۆشم بیست، شـەهید و بریـندار زۆرە، لەو شەهیدانەی لە نزیکەوە دەمناسین:

نەهـــرۆی تـــۆبزاوەی بەڕانەتـــی، ئـــازادی دووبـــزی، لە بریــــدارانیش: عەدنـــانی گەلـــۆزی، ئەو رەنجـــۆیەش کە لە

نـاوزەنگەوە شـان بە شـانی یەکتـر هـاتین و لە بەر رووناهیی بابەگوڕگوڕ لێکدی دابڕاین.

**نووسەران**

**حیزبێنە و...**

ئێستا بەشی زۆری کوردستانی بن دەستی عارەبی عێراقی ئازادە و کەوتەوە دەستی کوردان و بەرە دەسەڵاتدارە، بەڵام چۆن دەسەڵاتێ! لە دزی و راووڕووتی مەگەر جەندرمەی سەردەمی ئۆسمانی بیگاتێ، وا تێبگەم دنیادیتە بەر لە هەمووان ئەو بەرە راوڕووتکەرەی ناسی، ئەوپیاوە لە گەرمەی راپەڕینێ، لە سەر پردی سەیداوە، بە دەنگی بڵند دەیگۆ:

خەڵکینە، بەرە دزە، چەتەیە، ئەگەر ساڵێ سەرداری شاربێ، مشک لە ماڵتان کلکی بە ئارد نابێ.

لە سەر ئەو قسانە، دوو سێ چەکدار هەندەی نەمابوو زاری پڕ گوللە بکەن.

جارێ لە دزیی بەرە گەڕێ، دواترێ، دوای هەڵاتن و هاتنەوە روونتر دەردەکەوێ، هەوکە دەچمە بارەگای چەکوچ و داسان، نیازیانە راگەیاندن لە شار وەگەڕبخەنەوە، دیا بوهار و سێ چوارێ، ئاسۆ و فواد و ئەوانە خڕبووینەوە، لە سەر ئەوە بووین دەست بەکار بین، هەواڵە ناخۆشەکە هات، ئەو هەواڵەی خەون و خەیاڵی تاراند و کوردی دنیای تەزاند.

بەر لە هەواڵەکە و لەو مـــاوە کەمەی ئـــازادی، هەنـــدێ سەربردە هەن، تا نەیانگێڕمەوە هەڵنایەم:

ئەوڕۆ دەچمە کتێبخـانەی گشـتی، ئەو کتێبخـانەیە پـێش بە چیا کەوتن، بەشێکی باشی تەمەنی منی لە نێـو کتێبەکـانی، لە هۆلی خوێندنەوەی بۆ خۆی بـردووە، بە تـایبەتیش لەو بەشـەی قاتی سەرێ کە سەر بە زانکۆ بوو.

خۆم چەک کرد و بێ چەک چـووم، ئـاخر ئێـرە و چەکیـان نەگوتووە، کاتێ لە دەرگا گەورەکەیەوە وەژوور کەوتم، نازانم بۆ وام هەستکرد هەر ئێستا گەیشتوومەتەوە شار .

دڵم خۆشە، تالانچی دەستیان نەگەیشتۆتە ئێرە، ئـێ، ئەوڕۆ من بۆ کتێب خواستن و خوێندنەوە نەهاتووم، دەڵێن:

یەکێتـــی نووســـەران، لقـــی هەولێـــرێ، دەســـتەی تـــازە هەڵدەبژێرێ، هی کۆن، هی پێش ئازادی دەنێرێتەوە ماڵێ.

با بڵێم: ئەمن بەر بە چیاکەوتن، لە ریزی یەکێتی نووسەران نەبووم، لە چیا بەگەڵ کەوتم.

هــۆڵی خوێنــدنەوە جــمەی دێ، مــن لە نزیــک ئەو جێــیە دانیشــتم کە کـاتی خۆشـی گڕمـدابوو، تەماشـا دەکەم، هەیە،

پێشمەرگەش نیە، دەمانچەی لە نێکێیە، ئەوەم لە دڵ خۆش نەهات، لەوێ نووسەری بەعسیشی لێبوو، لێیان لە هەرا دا و دەرچوو.

ئەمن لەو هەڵبژاردنە حەزمدەکرد، ئەبوو بەکر خۆشناو دەربچێ، دەنگی خۆم بۆ وی دانابوو، بەڵام حەیف دەرنەچوو، خۆشناو هەینێ ئاڵای شۆڕش بوو، لەو دەنگدانەش، دەنگدانی نووسەران حیزبحیزبێنە و برادەرایەتی تێکەوت، پاشتریش حیزبێنە درێژەی دایە خۆی و لە نێو نووسەران تیرتر بۆوە.

لەو هەڵبژاردنە هەندێکیشیان هێنابوو، فڕیان بە سەر نووسین و نووسەرایەتیەوە نەبوو، هەر چۆنێ بێ، دوای ئازادی شار، دەستەی نووسەرانی شار هەڵبژێردرا.

## چەل، چەل

## کچێ لە مارکرێت دەچوو

بەر لە هەواڵــی جەرگبــڕ، چەنــد گرتەیــێ هەن، تــا لە لەبیرنەچوونەتەوە، نیشانیان دەدەمەوە:

لە پێش سەندیکای بە بارەگا بـوو، دوو سـێ چەکـی قـورس هەبوو، یەکیان نیوە دەبابەیێ بوو، وێنەگرێکی بیـانی لە دەوری دەسووڕێ و وێنە دەگرێ، بە ئاماژە هەندێ چەکداری تێگەیانـد کە بچنە سەری و بە شێوەیەک خۆ بنوێنن کە لە بەرەی شەڕن، قلێکیشـی پێتەقانـدن، بـانگی منیشـی کـرد کە لەو نوانـدنە خـۆ بنــوێنم، نەچــووم و نەکەوتــمە نــاو وێــنەی جــوولەدارەوە، مــن خۆشـیم بەو نوانـدنە نەهـات، وا تێگەیشـتم ئەو رۆژنامەنووسـە، دەیەوێ لە دەرێ وا خۆی نیشانبدا کە وێنەکانی لە ناو جەرگەی شــەڕەوەیە، ئەهــا، پیــاوە خــڕکەڵەکەش گــاڵتەی بەو وێنەگــرتنە هات و خۆی لێ لادان، ئەنگۆ ئەو پیاوە دەناسن؟

بەو تەمەنە (شەست و شتێ) لە من رێکتر خۆی بەسـتووە و گورجتر بە رێدا دەڕوا، گیڤارانە خـۆی بەسـتووە و کلاشـینکۆفی لە شــانە، لە رۆژی ئــازادکردنی شــار، لە بەرەبەیــانی یــازدەی ئــاداری، زۆر کەس دیبوویــان، لە هەڵمەتبــردن بــۆ ســەر

دامودەزگای بەعسیان لە پێشی پێشەوە بووە، من لە داخی بێ سەروبەریی بەرە، هێندەی نەمابوو، نەفرەت لە چەکی شانم بکەم، بەڵام بە دیتنی ئەو پیاوە، پەشیمانبوومەوە و بۆ چەک گەڕامەوە، ئەو پیاوە بە هەموو بەرگێکەوە لەجوانەکانە، لە سەرەتای هەشتاکان، لە دیدی منەوە جوانترین مامۆستابوو، ئێستاش جوانترین چەکدار، جوانترین پێشمەرگە، نەتانناسیەوە، ئەو پیاوە کێیە؟

ئەوە لە سەردەمەی مەهابادەوە پێشمەرگەیە، ئاوی ئاراسی بڕیوە، هەندرێن و زۆر شەڕی دیوە، هێشتا نەتانناسیەوە ئەو پیاوە بە تەمەنەی کلاشینکۆفێکی رووسیی لە شانە و شار دەپارێزێ کێ بوو؟

ئەوە مام زرارە، مام زرار، ئەویش منی ناسیەوە و بە زمانی شیرینی خۆی کە من هەرگیز نەشێم وەکو وی بیلێمەوە:

+پسمام، دەمێ بوو، نەمدیبووی، وا دیارە بە چیا کەوتبووی!

-بەڵێ، مامۆستا، لەوێ بووم.

+کوڕە، مامۆستای چی! نابینی ....

باوەشی پێمداکرد، چ باوەشێ! هەستمکرد گەرمایی قارەمانێ لە لەشم گەڕا، وای لەو باوەشە، هەندێ لە باوەشگرتن هەیە، دووپات نابنەوە، ناوە ناوەش ئاهێکی قووڵی هەڵدەکێشا مستێکی توندی لە رانی خۆی دەدا و دەیگۆ:

حەیف قارەمانان، بە چاوی خۆیان ئەو رۆژە خۆشەیان نەدی.

ناوی هەندێکیشانی دەگۆ، قارەمانێ لەوانە خدر کاکیل بوو، ئەو قارەمانەی گۆتبوویە حیزب:

کۆبوونەوانمان لە دڵ خۆش نایێ، لە جیاتی وە، گرتنی کیهە مۆلگەی دوژمن سەختە، بە منی بسپێرن.

هەر لەو سەروبەندە و لەوێ، چەکدارێکیدی جوانیی بە چەک بەخشیوە، دەترسم گێڕانەوەم نەگاتەوە شەقلاوێ، دەنا لەوێ نیشانی ئێوەم دابایەوە جوانتریش خۆی دەنواند، ئەو پیاوە لەو (قەساب)انەیە کە گا بە پێوە سەردەبڕن، بە قەد خوێنی گاڕانە گایەکیش خوێنی بەخشیوە، چ بریندارێ، کەم خوێنێ هەیە، خوێنی ئەو خوێنبەخشەی لە لەشی نەگەڕێ، بڕۆن لە خەستەخانەی کۆماری بپرسن، ئەو پیاوە لەو وەرزشدۆستانەشە

کەم یاری هەیە بە دیاریەوە دانەنیشتبێ، یاریگا گەواهی بۆ ئەوە دەدا.

ئەو پیاوە لەو بادەخۆرانەشە کە رووناهی بە بادە و مەیخانە دەبەخشێ، من دەمێکە لە دوورەوە ئەو پیاوە دەناسم، دەشمزانی کۆنە کۆمۆنیستە، لە دیدی من هەمیشە لە شێوەی خوێنبەخش و بادەخۆر خۆی نیشانداوە، هەرگیز وێنای ئەوەم نەکردووە ئەو پیاوە ورگنە خۆببەستێ و دەستەیێ پێکبهێنێ و بڵێ:

منیش دەچمە شەڕێ.

یەکێ لە دەستەکەشی تەعجیلیەک بوو، دەیویست جێی سابیر سارووخ بگرێتەوە، زۆر کەس لە ترسی وی رێی خۆی دەگۆڕی، بەڵام ئێستا سەری رێز بۆ هەمووان دادەنوێنێ و بە (هاوڕێ)یەکی هێند شیرن گازتدەکات، حەزدەکەیت لە ئامێزی بگریت.

ئێ، پێویست ناکات ناوی بڵێم، خوێن و بادەکە نیشانەیە، کێ هەیە شێمە قەساب نەناسێ؟

با ئەو ژنە چەکدارەش نیشابدەمەوە، هەینێ بابەت دەگۆڕم:

له سەرە کۆڵانی ڕێحانە، بە بەریماڵی شووشە، کچێ تازە هەڵدەچێ، بڕنۆی لە شانە و خۆشی دەڵێی بڕنۆی دەسک شووشەیە ڕاوەستاوە، لەو جوانانەیە مەگەر تەنها لە بازاڕی تەیراوە، یان ناو قەیسەری جاروبار دەرکەون.

چاودەنێ، چەپ و ڕاست دوو سێ ڕیز فیشەکدانی بەستووە و خۆی لە فیشەکان هەڵکێشاوە، سەر سینگی زەرد دەچێتەوە، ئەها، پرچی لە ڕەنگی ڕێحانە کردۆتەوە، چەند تیسکێ لە سەر فیشەکان، با سەمایان پێدەکات و لە چاوی من تیشک دەدەنەوە، لەبڕنۆی کچە بڕنۆیی کە هەر لە خۆی دێ، ئەز بڕنۆکەی خۆمم بیرکەوتەوە، ئەوەی لە چیا ماوەیەک لەگەڵ خۆمم دەخەواند.

وێنای ئەو کچە دەکەم، هەستدەکەم شێوەی پێشمەرگەیێ دەدا، کێیە، کێیە؟ لەوەوە هەموو ئەو کچە پێشمەرگانەم هاتنەوە بەر چاو کە لە چیا، لە بەری بادینان دیتبوومن، نا، بە هیچیان ناچێ، بە کێ دەچێ؟ دیتمەوە، مارگرێت جۆرج، ئەو کچەی بەر چاوم تۆزێ لە وێنەی وی دەچێ!

بە دیار کچەی بڕنۆ لە شانێ، بۆ چەند ساتێ لە هزران ڕۆچووبووم و دوور ڕۆیشتبووم، دەنگی وی هێنامیەوە جێی خۆم:

بەخێربێیەوە.

دەستی هێنا، هێند توند دەستمی گوشی، باوەڕم نەهات دەستم لە ناو دەستی کچ بێ .

هۆپێکم لە خۆم زانی: خۆش بی.

زانی نایناسمەوە: نامناسیەوە؟من کچی پلکە ......م

ئۆی! بیرمکەوتەوە:

کیژێ، کوو بتناسمەوە؟ کاتێ من رۆیشتم تۆ ساپساپانێت دەکرد، ئێستاش بوویتە مارگرێت.

پێکەنینێ پێکەنی، سینە و فیشەک کەوتنە لەرینەوە، ریزە ددانێ دەرکەوت، هی من بان، لێوم نەدەگەیاندنەوە یەک و هەمیشە پێشانی خەڵکم دەدان، پێکەنینی مندالّیی ویم بیرکەوتەوە، دەمدی ژن دەیانگرت و قدیلانەیان دەکردەوە، تا پێبکەنێ و ددانێ دەرکەوێ، لە پێکەنینی وی کچەکانیدیش کەوتنە سەر پشت.

گۆتمە کچە برنۆ:

دەزانی بتەقێنی، یان هەر لۆ جوانی لە شانتە؟

لێــوی هەڵقرچــان و کەمــێ ســینگی دەرپەڕان و لە چــاو ترووکانێ فیشـەکی خسـتە بەری و بە پێـوە گـوللەیەکێ هـاوێتە ئاسـمانێ، کچـان گـوێی خۆیـان گـرت، کـوڕە خـۆ دەستیشـی نەلەرزی .

داخی گرانم! دواتر ئەویش بە دەردی مارگرێت چوو، نەمزانی گۆڕەکەشی کەوتە کوێ.

## سەردانی گۆڕ

## سێبەری دارتێل

لە کۆڵانی ڕێحانە، زۆر بیری ڕێحانەم کرد، گریان هەوکمی گرت، ئەو ڕۆژە نەمدیتبا، بە زگم دەدا، هەر دەبوو سەردانی بکەم، باش ڕێککەوت، (حەکیم)ێکی بەلاشاوە سەردانەکەی بۆ ڕێکخستم، تاکسیەکی برادەری، بە شتێکی کەم بردمی، بڕۆ بڕۆ، ئێرە پوونگینەیە، دابەزیم لە هەورازەکە سەرکەوتم، لە دوورەوە ڕێحانەی هاوڕێم ناسیەوە، وەکو جاران کەسی بە دەورەوە نەبوو، لە لای سەری دانیشتم و ئەو هەموو فرمێسکە گەرمەی لە کۆڵانەکەیانەوە هەڵمگرتبوو، لێرە بە خوڕ بە سەر وردە گیای سەر سەری هەڵمڕشت و فێنک بوومەوە، سووک بووم، ماڵاواییم لێکرد:

ماڵاوا، فازیل ڕێحانەی هاوڕێم، چ دەبوو ئەو گوللەی لە بن بەردێکی سەفین، بە دەستی براکان ساردی کردیەوە، بە بەردەکە کەوتبا! ئیستا دەگەڵ من ئازادیت دەدی، چەندێ تینووی ئازادی بووی.

ئەورۆ وا دیارە، بە گۆڕستانم گرتـووە، لە گەڕانەوە، لام دایە سەید مارف و سەرم لە جەمیل رەنجبەر  و پیری سوارچاکان و زۆریدی دا، گۆتمە پیری سوارچاکان:

باپیرە، دەتگۆ: زەنگـار بەپـێ دێـن و دەسـت بە سـەر وڵاتـا دەگرن.

راسـتت فەرمـوو، ئەوە هـاتن، منـیش لەگەڵیـانم، وا چەنـد شارێکمان لە بن دەستە.

خەون نیە، تریواندنی دڵە، ئـازادی هەر تەمەنـی پەپـوولەی هەیە، ناپرژێمە  سەر هیچ، سەردانی زۆر کۆڵان و سەرە کـۆڵانم لەپێشە، ئێستا نەبێ، رەنگبێ ئیدی نەیـانبینمەوە، مـاڵاواییم لە پیری سوارچاکان کرد و بە تەنیشت چێورمەی گـۆرین لە سـەید مــارف هــاتمە دەرێ، بە بــن رادارەکەدا شــۆڕبوومەوە، گــوێم دەزرینگێـــتەوە، گەڕەک بانگمـــدەکەن، یەکە یەک دەنگەکـــان دەناسمەوە، لەو هاتوهەرایە، تەنها دەنگی کەویارم نایە.

چووم لە بن دارتێلی یاد تەواوێ راوەستام، لەوێ گۆماوێکی گچکە،چڵکاو نا، هی ماوەی باران، ئەو بـارانەی  دوێنـێ پێـرێ، یان زۆر زووتر، هەنـدێ گەڕەکـی شـاری گـرتەوە و ئـاو هەسـتا، گۆماوێکی روون، وێدەچوو بەر لە من تەشتێ ئاوروونکەرەوەیـان

تێکردبێ، ئەو گۆمەی بەلاشاوە، لە مـن بـووە گـۆمی بێکۆدیـان، ئاســمانیترین گــۆمی دنیــایێ، ئەو گــۆمەی ئەگەر پەیــامبەرێ دیتبای دەیخستە بەشی بەهەشتی کتێبەکەیەوە.

ئێ، دیتم، لە نـاوی گـۆمێ هـاتەدەرێ، جلکـی لەبەر نەبـوو، بەڵام بە شێوەیێ بە پرچ خۆی داپۆشیبوو، جگە لە دەموچـاو و جۆتە گوارە چ جێی دیار نەبوو، ئەمن تا هەینێ گـوارەی وام لە گـوێی چ ژنــێ، لە جامخــانەی چ زێــرنگەرێ نەدیتبــوو، مــانگی یەکشەوەی لە ئاسمانێ داگرتبوو، لە ناوەندێ کەرتی کردبوو، بە گوێی خۆیەوە کردبوون، رەنگە بە دەنگ:

بەو گوارەی بە گوێتەوە

وەختە سوێم بۆت بێتەوە...

گوتبێتەوە، ئاخر گوێم لێیە کەسێ دەڵێ:

ئەمن ئەو گوارە لە گوێیە دەناسمەوە.

دەنگەکە خزمێکی کەویار بوو، لە دڵێ خۆ گۆتم:

نە تۆ و نەکەس، گوارە لەگوێیەکەی من ناناسێتەوە.

ئەو چەند رۆژە گەلەک جاریش خۆم دەگەیاندە سەرە کۆلانی چاو ئەلیزاییەکە، ئەوەی لە بەرایی (گولەستێرەکان کوژانەوە) چەند تیشکە بژانگێ لە چاوی وی دەدرەوشێنەوە، ئەو کچەی رستەیەکی تاڵ، لە مەرگ تاڵتری تێگرتم.

نەمدیتەوە، ئەلیزای شیرنی تاڵرستەم نەدیتەوە.

## دەروازەی عەشتار

### نامەردترین هۆز

روو لە کیـژی گـۆزە لە شـانێ، تفەنگـم لە شـانە و پشـتم داوەتە دیوارێ قەڵاتێ، لەوێوە خەیاڵم بە لای کۆتری ئاشـتی و باکوور و قەراداران هەڵفڕیـوە، شـەقامی بـاتە، شـەقاو شـەقاو، جـێ جـێ، یـادەوەری لـێ رژاوە و بەو دەمەو نیـوەڕۆیە، بەو بەهـاری ئـازادیە، بە هەڵگرتنەوەیـان رانـاگەم، دەنگـی تـای ترۆمبێلەکە نەبا، تەمەنێکم خڕدەکردەوە.

نەمدی لە دوورەوە چۆن هات، دیتم لە خـولگەی کـچ وگـۆزە لە سـەر دوو تـایە سـوڕایەوە و چەکـدارێکی جەمەدانـی قیـت بە چـاوی دوژمـن چـاوی تێبـڕیم، ترومبێـل لە خـوارێ، لە راسـتی دەروازەی عەشتارێ، راوەستا، ئەنگۆ کونەکەتان بیرماوە؟ ئەهـا ئەو ساڵەی قەڵات کـونێکی تێبـوو، زۆر کەس سـەری پێـداگرت، کەم کەس تا نیوەی چوو، کەس نەگەیشتە بنی، دەیانگۆ:

ئەو کونە دەروازەی ماڵی عەشتارە.

لە دەروازەی عەشتار گەڕێ، قەوما، لە کەس نەقەومـێ، دوو چەکـدار لەگەڵ خـۆ هەڵـدانە خـوارێ، رایانکێشـایە تفەنگـێ، هەستمکرد ئەوەی بە دوایدا دەگەڕێن، منم، ناچار منیش تفەنگم

راكێشا، ئێ، چ بکەم! تفەنگ لە ساتێکی وا راینەکێشی، بۆ لە شانتە !

ئەز هێندە بوێر نیم، بەڵام ئەو جارە نەترسام، دوورنیە لە دڵێ خۆ گوتبێتم:

پیاو چەک بەدەست بێ و پشتیشی قەڵات بێ، ترس چیە!

لە جەمەدانی بەستنێ، وێدەچێ سەر بەو هۆزەی دەوزێ بن کە پیری سوارچاکان-دروودی نەوەکانی لە سەر بێ- بە نامەردترین هۆزی دنیا ناوی دەهێنا، دەیگۆ:

منداڵیان بەر لەوەی فێرە مەلەوانی بێت، فێری نیشانەدانانەوە بووە.

دەیگۆ:

ئەو هۆزە نامەردترین هۆزی دنیایە، کەسێکی لێبکوژرێ، ئەگەر دەمودەست، بکوژی بەردەستنەکەوێ، لە تۆڵەدا دەچێ کەسێ دەکوژێتەوە کە بە سێ چار پشت یالا دەگاتەوە بکوژ.

ئەو دوو چەکدارەی وا بۆ من دێن، دڵنیام لەو هۆزە ترسناکەوە هاتوون، من دوژمنایەتیم بێجگە لە حوکمەت لەگەڵ

هیچ کەس نیە، هەبێ نەبێ، خزمێکم کەتنێکی کـردووە، ئەوەتـا تۆڵەکەی لە من دەکەنەوە.

ئـــای! ئەوە بـــۆ گەڕانەوە؟ ئەهـــا، یەکیـــان بـــێ چەک و بە شـــــێنەیی بەرەو رووم دێ، دەبـــــێ چییـــــان لە بـــــن ســـــەر بێ!چـاکوچۆنیەکی گەرمـی کـرد و جغـارەیەکی بـۆم راگـرت و گوتی:

برا، لە مە ببوورە، لێمان تێکچوو، تۆ ئەو نی.

ئۆخەیش!چا نەبوو ئەو نەبووم، دەنا لە ترێ هـۆز دەچـووم، بە شاریشدا بڵاودەبۆوە:

پێشمەرگەیەکی تازە لە ناوزەنگەوە گەڕاوە، بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتی، لە بن قەڵاتێ کوژرا.

مـــاخرا، تەماشـــا، لەو زەماوەنـــدی ئـــازادییە، لەو راپەڕیـــنە خۆرســـکە، رەمەکـــیە سەرتاســـەریە کە لە دیرۆکـــی کـــورد بـــێ وێنەیە، دوو سێ چەکداری هـۆزداری ناشـاری، بە دوای تـۆڵەدا دەگەڕێن، کوڕە هەر وازیان لێبێـنە، ئەوانە کەی هـی هـاتنە نـاو گێـڕانەوەن! بەڵام چ دەکەی، تـــووش بـــووم! ئەوڕۆش لە ســـەر لێـواری مـردن گەڕامەوە، وا چـاکە تـا نەگیەشـتوومەتە ســەر

لێـوارێکیتر، خـۆم بگەیەنـمە دیـوی تـاریکی مینـایەک و سـەری شووشەیێ بادەم، بچمە کوێ؟

**هاشوهووش**

**رادیۆی سەرێ**

دڵم سەمەرقەندی ویست، چووم داخرابوو، گەڕامەوە بەری دەروازەی عەشتار و پەڕیمەوە بەری نزار، ئەویش داخراوە، بگەڕێ، بگەڕێ، لە لای بەنزینخانەی کۆن خۆم دیتەوە، لەو ریزە بەلای پەردەکە، بادەفرۆشێ هەیە، خولەکێ، دوو دواکەوتبام، دایخستبوو، ڕۆیشتبوو، پێڕاگەیشتم و هەر لە سەر دەرکێ چارەگێ ویسکیم خستە بەرکێ، بادەفرۆش بە دەم داخستنی فرۆشگاوە قسەیەکی کرد، بیرناچێتەوە:

وا تێبگەم، ئێرەش بە دەردی باشوور دەچێ.

تۆ بڵێی قسەی بادەفرۆش راست دەرچێ؟ ئەگەر وا بێ، خوێن لە کۆلان هەڵدەستێ و سەران دەبات، ئێمە بیستمان کە بۆش دەستی سەدامی شلکردۆتەوە، ئیدی هەستاوەتەوە و رابوونی باشووری عێراقی لە خوێن گەوزاندووە، بە گۆتەی گۆتیاری، لە باشووری، ئیمامی خومەینی لە سەر سەران راگیراوە، ئاڵاکەی شەکاوەتەوە، بۆشیش لەو هەژموونەی ئێران و شیعەگەرایی ترساوە، کێ دەڵێ وایە! بۆیە رێی بە سەدام داوە، بە ناوبکەوێت و دەست نەپارێزێ، باشە، ئێرە بۆ؟ نە

وێنەیەکــی خــومەینی هەیە، نە درووشــمێکی شــیعە، مەگەر لە چەکوچ و داس بترسێ!

لە رێــی گڵکەنــدێ قســەی بــادەفرۆِشــم شــەنوکەو کــرد، نەگەیشــتم بە هــیچ، لێــیگەرێ، بــا بەو دەمەو عەســرە بــاڵێ لێکبـدەم و هەڵفـڕم، لە بـن درەختێکی هەمیشـە کەسـک و تەڕ دانیشتم، لەو درەختانەی بە لق و پەلک و کۆتر و کوکـوختی و بلبـل و چـۆلەکەوە دەیانناسـمەوە، دار دار، بـنە موورتـک بـنە موورتک، گوڵ گوڵ باخی گڵکەند دەناسمەوە.

ئێستا خۆم پاشای گڵکەندم، نە لە شـەقاوە دەترسـم، نە لە جـاش و ئەمـن، بەرکـێکم شووشــە و بەرکێـک دوو ســێ پیــاڵە گـوڵەبەرۆژە، دەمەوێ رێـز لە تفەنـگ بگـرم، بـۆیە بە دزیـیەوە فڕێ لە شووشە و گۆلمێ گوڵەبەرۆژە بکرۆژە، تفەنگم خستە بن چـــۆکم و بە قەدی درەختـــا هەڵـــگەڕام، لە ســـەر لقـــێکەوە هەڵدەفڕیمە سـەر لقێکدی، لە نـاو پەلکـان لە چاوی دنیـا بـزر بووم، لەگەڵ باڵداران باڵم لێکدا و فـڕیم، بـاخەوانەکە نەبـا، لە ئاسمان دەمامەوە و نەدەبوومەوە خەڵکی زەوی:

لۆ وا لە خۆت دەکەیت؟ دوای دوو سێ فڕیدی، ئاسـمان بەر دەسڕێژان دەدیت و دەڵێیت:

بەغدامان گرت، بەغدا.

ئەو پیاوە لە کوێ خۆی لە من دانووساندبوو؟ چۆن شووشەی منی دی؟ من هێندە بە دەمولفت نیم، لە جێ قسەم بۆ نایێ، پاش کەمێ رامان گوتم:

خارە، بە خەیاڵیش بەغدا بگری، خۆشە، وانیە؟

خارەی باخەوان، شەکرۆکەیەکی بۆ راگرتم و گوتی:

بیگرە، کوڕم بیگرە.

تێنەگەیشتم مەبەستی شەکرۆکەکەیە، یان بەغدا! لە رۆیشتنێ:

بەغدا، وا دەگاتەوە کەرکووکێ!

بە راست؟ ئەدی رادیۆی سەرێ، ئەو هەموو نەڕە نەڕە و هاشوهووشەی لە چی! بە قسەی وی بێ، تا بن بەغدا، دنیا شامی شەریفە، ئەدی سەرانی سەر زلی بەرە، بە تەمانەبوون نەفت رەوانەی دەرێ بکەن!

تۆ بەرێ خۆ دێ، پێشمەرگەیەکی مەست، لە باخەوانێکەوە هەواڵی لەدەستچوونی کەرکووک بزانێ!

مــن لەوان رۆژێ، جاروبــار گــوێم دەدایە رادیــۆی ســەرێ، رادیۆی (گەلە گەلە) و (وا هاتن پێشمەرگێت مە) مـن هەینـێش کەم بـاوەڕم بەو بێـژەرانە دەکـرد، ئـاخر ئەو دە دوازدە سـاڵەی دوایی، هێندە درۆم لێیان دیتبوو، بیانگۆتبا:

بابەگوڕگوڕ لە کەرکووکە.

مــن بە گومــانەوە لــێم وەردەگرتن.،ئــاخر بێــژەر درۆ و هاشوهووشی سەران و نۆسەران دەڵێتەوە.

بە درۆی رادیۆ، سەربردەی بارام و دەستەکەیم بیرکەوتەوە:

ئەو کـوڕە، سـێ شـەو پـێش نەورۆز بە قسـەی رادیـۆ گەرم دادێ، شەش حەفت کـوڕی سـەیداوە بەگەڵ خـۆی دەدات و روو لە کەرکووکێ دەکەن، لەو بەری زێ لە چەند کەسێ دەپرسێ:

کەرکووک چ باسە؟

یەک دوانــێ، پێــدەچێ ئەوانــیش بە رادیــۆی ســەرێ گەرم داهاتبن، دەڵێن:

تا رەحیماوە ئازادە.

پێ لێدەنێ، لە ئاقاری دارەمانێ، دەکەونە بۆسەی ئەنفال، بارام و بایز، بە بریندارى بە جێدەمێنن، بە خشکە خشک، خۆ دەگەیەننە چۆمێ، بارام دەیگۆ :

ئەو سێ شەو و ڕۆژەی ئەوێ، لە سەر گیا ژیام، گیا کە خوناوەی دەکرد، بۆ من نان و ئاو بوو، بەڵام بایز نە تینوێتی دی نە برسێتی، ئەو هەر شەوی یەکەم هەڵکشا و گەیشتە بارەگای خودا .

**شارێ کوڕ**

**روو لە بابەگوڕگوڕ**

ئـــێ، لەو ســـەروبەندە هەواڵە جەرگبـــڕەکە بە هەولێـــردا بڵاوبۆوە:

کەرکووک کەوتەوە دەست حوکمەت و عارەب.

شـار تاسـا، خەڵـک لێـرەوە پسـا، جـگە لە تفەنـگ، خەڵـک دەستی هیچی نەدەگرت، هەر زارێ دەبێتەوە، دەڵێ:

کەرکووک بچێ، هەموو دەچێ.

دوای نیوەڕۆیە، لە بەردەم بارەگا، لە سەر پـێ و دەسـت لە سـەر چەک راوەسـتاوم، لە خەمـی کەرکـووکی لە دەسـتچوو، جغارە بە جغارە پێدەکەم، ئەو بارەگایەی ئاڵایەکی جەرگیـی بە چەکـوچ و داسـەوە لە سـەر دەشـەکایەوە، ئەو ئـاڵایەی چەنـد نەوەیـێ خۆیـان بـۆی بە کوشـت دا، ئەو ئـاڵایەی زۆر کەس پێیـوایە لە سـێبەری وی نەبـێ، ناحەسـێتەوە، ئەو بارەگـایەی کوڕی هێند بە جەرگی تێدابوو، ئامـادەبوون، بە کڵاشـینکۆفێکی کەچەی رووسـیەوە، هەر شـەڕی دەبـابە نـا، شـەڕی فـڕۆکەی

رووسـیش بـکەن، بەڵام چ لەگەڵ نەبـوونی سـەرکردەی شـیاو ناکرێ!

کەرکووک، کەرکووک...

دوو سـێ پێشـمەرگە، بە سـێ دەنگـا، گـازدکەن، گـازی بەهاناوەچوونی کەرکووک، گازی ئـازادکردنەوەی کەرکـووک، تـۆ بڵێی ئازادبێتەوە؟ ئەز رەشبینم، سەرم دەڵێ:

ژیان بۆ هاورێکانم بگەڕێتەوە، هاورێیـانی نـاو گـۆڕ، ئەوانەی کفنیـان زەردبـووە، ژیـان بـۆ ئەوان بگەڕێـتەوە، پێشـمەرگە بـۆ کەرکووک ناگەڕێتەوە.

بەڵام چ دەکەیت لەگەڵ دڵ، دڵ بەرایی نادا، وا بە سـانایی پشت لە شاری گڕ و خەون بکەیت و ئاوڕی لێنەدەیـتەوە، بـۆیە بە نیـازی ئـازادکردنەوە بەگەڵ کەوتـم، ئەوجـارە کەوتـمە نـاو کـوڕانی گەرمیـان، ئەو کـوڕانەی لە نـاوزەنگێش نـاو ئەوانـم هەڵبژاردبوو.

کـاروانی ئـازادکردنەوەی بـابەگوڕگوڕ سـەری لە قوشـتەپەیە، بنی بڵێم لە کوێیە!رەنگە هێشتا لە (کۆتری ئاشتی) نەبزووتبێ.

زۆرین، هێند زۆرین، ئەگەر هەر کەسەو سێ خولەک پـێ لە خاک بچەقێنێ و سی فیشەک بتەقێنێ، رەنگە لەشـکری ئەنفـال لەو دیوی حەمرینێ، دیوی عارەبستانێ خۆ نەگرێتەوە و تـا بـن بەغدایێ تێبقووچێنێ.

درەنگ کەوت، خۆر بە کەلێنـی پەلە هەوران، تەواو بە سـەر زێی گچکە، ئەوجا بە دیوی قەرەچـووغ و دیجـلەدا شـۆڕبۆتەوە، ئێرە کوێیە؟ دڵەڕاوکێ رێبوانی لێم تێکەڵوپێکەڵ نەکردبـێ، زۆر نەماوە تخووبی ئاقاری شێراوەی بن پردێ ببەزێنین، زۆری بەرە لێرەن، فەرماندەی قۆڵی ئێمە، کۆسرەتی یەکێتـی و سـەعدوونی کۆمۆنیســتە، لە بەری پــردێ، زرموهــۆڕە، وا دیــارە کــاروانی ترومبێل، تا ئێرەیە، لێرەوە پـێ، دابەزیـین و دەو جـادە و جـاد پێ هەڵێنە، لە دوامانەوە، پەیامنێری بیانی هەیە، پێ پێ، وێنە دەگرێ.

مەخشوومە

## جێ راوگەی سوپای ئەنفال

برۆ برۆ، چەندی دەچینە پێشێ، کاروان لە کورتی و کەمی دەدا، بەڵام هێشتا زۆرە، بەو بڕە چەکدارە، شەڕی گەورە دەکرێ، رۆیشتین، رۆیشتین، لێرە دەستەی ئێمە بە فەرماندەی سەعدوون، تەواوێ لە جادە دووردەکەوینەوە، دەدەینەوە دەستی راست و راست دەڕۆین، برۆ، خۆش خۆش، بە پێی با، بەو ناو کەندولەندا هاوشان لە گەڵ جادەدا بڕۆ، مەڵێن ئەوانە خوا لێی گۆڕیون، بۆ کوێ دەچن؟

ئێمە دەستەی بۆسەین، ئاخر ، تاهوواە! ئێمە بۆ ئازادکردنەوەی کەرکووک هاتین، کەچی ببینە چ دەقەومێ، وا دیارە، لەشکری ئەنفال، کەرکوو هیچ، گەیشتۆتە ناو پردێ ، لە سەر پێیە و دەیەوێ بپەڕێتەوە، لە بەری گەرمیانەوە بپەڕێتەوە بەری سۆران، بەری هەولێرێ.

برۆ، دەست لە سەر چەک برۆ، خاک حەفتە و شتێکە زاری کەسکی بۆ خاکە لێوە کردۆتەوە، گیا جوان رسکاوە، دەگاتە سەر گوزینگان، تاریک داهات و کەسکایی زەوی رەش داگەڕا،

شەوێکی پڕ ترس و لەرزە، شـەوی بەگژداچـوونەوەیە، دوور نـیە شەوی نەدیتنەوە بێت، لە دڵی خۆم دەڵێم:

مەرگ، بە پێی خۆم بۆت هاتم.

ئێ، بڕۆ بڕۆ، لەگینە گەیشتبینە بن پردێ، ئێرە کوێیە؟ جا بەو شەوە کوێ دەناسرێتەوە! شێراوە نەبێت؟ نـا، ئـێمە ئێـوارە بە دەستی راستدا لاماندا، گوێم لێیە دەڵێن:

ئێرە مەخشوومەیە.

دەڵــێن: لێرێهــێ، لە ســەر ئەو بســتییێهێ، دادەمەزرێــین و سوپای ئەنفاڵ بە دەردێ دەبەین، لەشکری هۆلاکۆش بەو دەردە نەچووبێ، نەخشەی شەڕ بەو شێوەیە:

لەشـکر دێ، بە بەر دەممانـدا دێ، تەواوێ رەتـدەبێ، ئـێمە جارێ تەماشادەکەین، چاوەڕێین، لە پێشـەوە، لە سـەر دەسـتی ئەو دەســـتەیەی پێشـــەوە ئاگربـــاران بکـــرێن، لەگەڵ یەکەم ئـــارپێجی، ئـــێمە لێـــرەوە، لە نـــاو قەدەوە زرمەیـــان لێـــوە هەڵدەســتێنین، ئیــدی ئــێمە لە دەو جــادە دەســت لە ســەر پەلاپیــتکەی تفەنگــێ بە دیــار کــاروانی ســوپای عــرووبەوە دانیشتین، چاوەڕێین دەنگی تەقەی بەرەنگاری لە پێشـەوە بـێ، بەپێی ئەو نەخشەیە لەشکر دەشکێ و راویان دەنێین...

نەختێکی ماوە بگەینە جێی مەبەست و دامەزرێین و جێی خۆ قایمکەین بۆ خولەکی دەستوەشاندن، بزانە کوو هات! لە هیکەوە، پێشمەرگەیێ، پاشتر زانیم نێویکی وەک پۆلای هەبوو، لە قسان سەر بە دەستەی کۆسرەتە، بە دەم ( ها ..ها .. هاها، دەبابە، دەبایە)وە، ئاربێجیەکی تەقاند، هەر ئەو تەقاندنە بوو، هەر ئەو ئاربێجیە هەڵەیە بوو، کەوتینە بن رێژنەی گوللەی لەشکری ئەنفال.

ئەو جێیە، جێی شەڕ نیە، جێی دەستوەکەری نیە، دەنگێک، لە ناو تەقوتۆق، نایناسمەوە، دەڵێ:

کەس تەقە نەکات، تەقەکردن تیاچوونە.

کەس تەقەی نەکرد، کەس نەبووە برای کەس، هەر کەسە و بە کەلێنی گوللەدا بە لایەکدا هەڵات و لە تاریکایی بزربوو، ئێمە چەند کەسێ هەڵنەهاتین، سەنگەرمان گرت و پێمان چەقاند و ماینەوە، خۆمان لەگەڵ خاکدا بە شێوەیەک کردە یەک، تۆپەڵە ئاگری دیتنەوە، ئەوەی لەشکر بۆ دیتنەوە هەڵیدەدایە ئاسمانێ، ئێمەی نەدەدیتەوە، دەستم گێرا، چوار پێنج کوچکە بەردم وەچنگ کەوت، لە راستی سەرم لە سەر یەک هەڵمچنین، رەنگە گوللە بگێڕنەوە، گوتم سەرم پارێزراو بێ، سندان لە قوون ولەش.

ئەو پێشمەرگانەی لە بن ئاگر ماینەوە، ناوی هەندێکیانم لە یادگە ماوە:

یووسف حەساری، عەلی رووسی، دکتۆر هۆشەنگ، وشیار، ئاشتی حەساری، قاسم، حیکمەت، بەکر...

خۆمان لەگەڵ خاکی تەڕ و کەسکی خاکەلێوەدا کرد یەک و ئاسن و ئاگری لەشکری ئەنفال بە سەرمانەوە، یەکێ لە حەساریەکان بوو، گوتی:

خۆ بگرن، ئاشکرابین، تیادەچین، تەقە نەکەن.

رەنگە، رەنگەی ناوێ، دڵنیام ئەوشۆ شەوی مەرگە، ئەوشۆ خوێنی ئێمە بە سەر گژوگیای مەخشوومەی بن پردێی سەر زێدا دەڕژێ، تۆ بینە، بای گوللە لچکی جەمەدانی دەلەرێنێتەوە، تۆ لێی دووری، بەڵام من هەست بە گەرمایی گوللە دەکەم، بە خێرا خۆی، پەنجەیێ بە دووری مندا دەڕوا، گیزەی گوللە! تا نەکەویە ناوی، نازانی چ دەنگێکی ترسناکە.

ئەوشۆ مردن مسۆگەرە، رۆیشتنی لەو مردنە ناچێ، لەودیوی کێوەرەش لێم نزیککەوتەوە، رەنگی لە مردنەکەی شەوی هەیبەسوڵتانیش ناچێ، دەنگی نە مردنی نزیک بازگەیە،

نە ئەوەی ناو سەربازگە، مردنـی ئەوشـۆ مردنـی خۆنیشـاندان و دەنگدان نیە، مردنی تەواوە و وا گەیشت.

نازانم چەنـدێ لە سـەرەمەرگدا مـاینەوە، خـۆ بەخـاککردن و بێدەنگیمان، لەشکری سەرچیخ برد و رووی چەکەکانیان نەختێ لە ئـێمە دوورخسـتەوە، پشـیەکمان هـاتەوەبەر، پێشـمەرگەیێ گۆتی:

هەلێکی باشە، با هەڵێین و لە دەستی نەدەین

لە سـەر قسـەی وی، هەڵاتـین، بە رێـی چوونـدا گەڕایـنەوە، تەقەمان لە سەرە، ناچار لە هەڵاتنێ چووینە سەر رێبـازی مـار، شـــەقاوێ بە لای چەپ، شـــەقاوێ لای راســـت، جاروبـــاریش لە ترسی ئەو پەلە ساچمانەی لە تەقینەوەدا بڵاودەبوونەوە، سەراو سەر خۆ بە زەوی دادە، ئەو هەڵاتنەش نازانم چەندی برد.

گەیشتینەوە دەو جادە و ترومبێل، ئۆخەیش، ئەوجارەش تیا نەچووین، لە دڵێ خۆ گۆتم:

ئەگەر بە قەد مریشـکێ مێشـکم لە سـەر بـێ، جارێکیـدی ناچمە گۆترەکاری شەڕەوە.

**بە خۆی ناوێرێ**

**ئێمە دەمنێرێ**

ئێرە دەبوو پڕ بێ لە پێشمەرگە، جگە لەو دەستەیەی ئێمە چەکدارێ نابینیەوە، نازانم کێ بوو گوتی:

ئێمە لە ختوخۆڕا خۆ بە کوشت دەدەین، لە منی وەرگرن، سەرانی بەرە ئێستا گەیشتوونەتەوە ناوزەنگێ.

سواربووین و گەڕاینەوە، لە دوامانەوە، لوورەی تۆپی سوپای ئەنفال دێ، هاتین هاتین، بەرەبەیانە، چاودەگێڕین، هەست رادەگرین، پێشمەرگەیێ، چەکدارێ، کەسمان نەدی، باشە ئەو هێزە چەکدارە لە بن نەهاتووەی دوێنێ عەسرێ، بە فووێکی لەشکری ئەنفال، بە هەوادا چوون؟!

لە بن قوشتپە، گەیشتینە هێزێکی پێشمەرگە، کۆسرەت لە دەو جادە راوەستابوو، پرسی:

+ئێوەش هاتنەوە، ئەدی هێزەکە؟

- هەڵاتن و پەرتەوازە بووین.

+ئەدی هاوڕێ سەعدوون؟

-ئەویش نازانین کەوتە کوێ.

+ئێمە نابێت هەڵێین، دەبێت بەرگری بکەین.

یووسف تووڕەبوو، روو لەو:

پێشمەرگەیێ لە دەستەکەی تۆ بەزمەکەی بۆ ئێمە نایەوە و خۆشی هەڵات، فەرموو خۆت بڕۆ شەڕی دەبابە.

کۆسرەتیش وا باگۆی دایەوە:

دە بڕۆن، هەمووتان بڕۆن، با عەسکەری عارەب بێت و قل قل ژنی کورد...

پێشمەرگەیێ گۆتیە یووسف:

چۆن قسەی وا رەق دەکەیت، نازانی ئەوە کاک کۆسرەتە؟

یووسف: خوای دەکرد مام جەلال دەبوو .

یەکێ لە بن لێوانەوە دەڵێ:

بە خۆیان ناوێرن، ئێمە دەنێرن.

زۆری نەبرد، سەعدوون و دەستەکەی و دەستەکەی یەکێتی و ئەوانیدی پەیدابوونەوە، دوو سێ پێشمەرگەی بزووتنەوەی ئیسلامیشم ناسیەوە.

ئێستا نێوان ئێمە و لەشکری ئەنفال هێندە نابێ، بەردەقانی شتێ لە خۆی برپتر بکات، دەیگاتێ، کۆسرەت و سەعدوون، فەرمانی سەنگەرگرتن و بەرگریان دا، لە دەو جادە سەنگەرمان گرت، دەبابە نزیکبۆتەوە، ژمارەمان هێندە نیە، بە سەد هێندەش شەڕی لەشکر ناکرێ، بەڵام کۆسرەت گوتی:

هەندێ خۆ بگرین، هێزێکی گەورەی پشتیوانی لە رێیە و دێ.

ئەگەر وابێ باشە، لەبیرمنەچێ، یووسف حەساری هەر لە ناو ترومبێلە و دانەبەزیوە، دەڵێتە عەلی رووسی:

هاورێ، بەو ژمارە کەمە شەڕی لەشکر ناکرێ، ئەو کوڕانە بە کوشت مەدەن.

دەبابە وا دەگاتە سەرمان، هێزی پشتیوانی سۆراخی نیە، وا بڕوات، زۆر نابات، لەشکری ئەنفال بە شار وەردەبێت و ئاڵای (ئەلاهو ئەکبەر)ی لە سەر قەڵاتێ هەڵدەکات، ناچار سواربووین و گەڕاینەوە.

گەیشـتینەوە شـار، هەسـتدەکەم شـار ورەی بەرنەداوە، خەڵکێکـی زۆر چەک لە دەسـتە و لە سـەر پێـیە بـۆ بەرگـری، ئـاهێکم هـاتەوە بەر، گـوتم، هـیچ نەبێـت چەنـد رۆژێ بەرگـری دەکرێ و لەشکر وا بەسانایی شار ناگرێ.

کـۆچی کەرکـووک بنـی هـاتووە و لە هەولێـرێ بارگەیـان خستووە و هەر ماڵێ دوو ماڵ مێوانیەتی، لە دڵێ خۆ دەڵێم:

ئەدی ئەگەر هەولێـر بـارگە تێکنـێ، روو لە کـوێ دەکـات و کێ داڵدەی دەدات!

ئێوارە درەنگ چوومەوە ماڵێ:

+کوڕم، هاتیەوە؟ دەستم لە سەر دڵم بوو، دنیا چ باسە؟

-دایە، وا تێبگەم هەڵاتنە.

+وا مەڵێ.

من چەند رۆژێ پێشتریش بە ماڵێم گوتبوو، هەڵاتنێکمـان لە پێشە، بەڵام ئەوان قسەکەیان لێ وەرنەدەگرتم.

ماڵێ و کۆڵانیش هەڵاتنیان بە خەیاڵدا نایە، رادیۆی سەرێش هەر مەپرسە، بە قسەی وی بێت، تا ئێستاش پێشمەرگە لە پێشڕەویە و لەشکر لە شکان .

ئەمن پرزەم لێبڕواوە، گەلەک ماندووم، خۆتان دەزانن، لە شەڕی دۆڕاوی بن پردێوە هاتووم، چووین بۆ ئازادکردنەوەی بابەگوڕگوڕ، پردێشمان لە دەستدا، رەنگە ئێستا سوپا گەیشتبێتە قوشتەپە، وا دیارە پێشمەرگە و چەکداری پارتی کوردی هەر هێندە شکا، لە دەشت و شار خۆ ناگرێ، یەکپێ تا بن چیا راناوەستێ، ماندووم و بۆ نەختێ خەو سەر بەسەر پشتی ژووژکیشا دەکەم، دوو شەو بوو، چاوم نەچووبووە خەو، بە دەم خەوبردنەوەوە چەند پارووە نانێکم قووتدا، کپ کەوتم، من دەخەوم ئەوشۆ، بە رۆژمێری چیا شەوی دە لە سەر یازدەی خاکەلێوەیە، ساڵیش ئەو ساڵەیە کە نەتەوەیەک باردەکات و نازانێ بەرە و کوێ بەڕێوەیە، بە رۆژژمێری باویش، دیارە، سبەی سیویەکی ئادارە.

ئەو شەوە من چاوم لە دارتاشەکە کرد، ئەوەی پێیوابوو، هەزار دەرگا هەیە و بێ خەم و خەیاڵ خەوت، خەوتم.

## سپێدەی کۆچ

## کۆچی نەتەوە

سپێدە زوو، هێشتا قەلآت چ تـۆپی وێنەکەوتبـوو، لە دەنـگە دەنگـی مـالێ و کـۆڵان وەئاگاهـاتم، داکـم و بـابم پارشـێویان کردبوو، تاهو واە، کۆڵان دەلێ:

خـودا یەک دەرگـای لە سـەر پشـت هێشـتۆتەوە، ئەویـش دەرگای کۆچە.

بە هەڵەداوان خـۆم گەیانـدە بارەگـای چەکـوچ و داسـەکە، بارەگـا لە سـەر بـارکردنە، لە پێشـمەرگە رووتبـۆتەوە، دە پـازدەیەکی بە دەورەوە مـاوە، لەوێ پـێکەوتم کە لە دوێنێـوە زۆری بەرپرس و تـرە بەرپرسـی پـارت و بەرە، بە کەسـوکارەوە باریان کردووە.

روو لە بارەگا تفێک و سێ چـوار جـوێنی مـزرم هاویشـت و یەکپێ گەڕامەوە مالێ، لە رێیێ کەوتمە سەر کۆنەکردنی خۆم:

مـالێ مە، بە پێیـان دەگەنە کـوێ؟ باشـە، بـۆچی منـیش ترومبێلێکی حوکمەتم داگیرنەکرد، خۆ ئاسان بوو، چ بکەم؟!

لە سەر دەرگا، چیرۆكنـووس مـحەمەد كەریـم نـانەوای بـرای شەهید حەیدەر كەریم، پرسی:

+چ باسە؟

-هەڵاتنە

+خەمـت نەبـێ، ترومبێلـی مە گەورەیە، مـاڵی ئێـوە مـاڵی ئێمەیە.

بیانگۆتبا، لەشكری ئەنفـال پاشەكشـێی كـردووە هەر هێنـدە دڵخۆش دەبووم، نانەوا گوتی:

تا لای بەستۆڕە دەچین، ئەگەر هیچ نەبوو، دەگەڕێینەوە.

گوتم:

نا، تا لە پیرمام ئاودیونەبن، ئاوڕنەدەنەوە.

گوتی:

تۆ بڵێی پێشمەرگە بەرگری نەكەن؟

گوتم: پێناچێ.

ماڵێم بە نانەوا سپارد و ماڵاواییم لێکردن و گەڕامەوە لای بارەگا، لە لای هۆلی میدیا دیتم دەستەیێ گەنج خۆیان بەستووە و بەرەو رێی کەرکووکێ دەچن و دەڵێن:

دەبابە بە سەر لاشەمان بڕوات، شار چۆل ناکەین.

ئەو کوڕانە نە پێشمەرگە بوون، نەجاش، دڵم بەوانە خۆش بوو، یەک دوانێکیانم ناسیەوە، سەر بە شووراکان بوون، لە بەری بارەگا، تووشی راوێژ و براکانی بووم، زۆر پەشۆکابوو، گوتی:

کەس بە کەس نیە، هەموو خۆیان بزرکردووە.

گوتم: تۆ نیازت چیە؟

گوتی: کەمێ بەرگری بکرێ، لەشکر دەشکێ.

گرموهۆڕی تۆپانە، تا دێ نزیکدەبێتەوە، هەر لەو سپێدەیە و لە راوێژەوە هەواڵێکی جەگبڕم بیست، بە هەواڵی داگیرکردنەوەی کەرکووکیش هەر هێندە تێکچووم:

+زانیوتە ملازم شێرزاد شەهید بووە.

-وا مەڵێ، لە کوێ؟

+له کەرکووک.

تاسام، شێرزادە خۆی بەلاگێڕی کەرکووک کرد، پێش دوو سێ ڕۆژێ، لە بەرگریدا، لە بن کەرکووکێ لەگەڵ دوو سێ هاوڕێی تۆپێکی لەشکری ئەنفال دەگرنەوە.

ئەو ڕۆژە لە سەر پردی سەیداوە، لە راوێژ دابڕام، هەر ئەو ڕۆژە ئەو راوێژە و سێ چوار برای، خۆ دەکەنە بەلاگێری هەولێرێ، شار نازناوی (دایکی پێنج شەهید) بە دایکیان دەبڕێ، زۆر درەنگ هەواڵەکەم پێگەیشت، هەواڵی مەرگی ئازیزان درەنگ دەگات.

شار لە بن بۆردوومانە، شار شەڕدەکات، شار باردەکات، شار دەگریێ، شار بێکەسە، شار بەرە ناپاکی لەگەڵی کرد کە دەیگوت:

خۆم بۆت دەدەم بە کوشت.

بەرە درۆی کرد، بە ترومبێلی دزراو هەلات و بەجێیهێشت، وا دیارە شار دوا بڕیاری خۆی دا:

کۆچ، کۆڕەو..

لەشکر بۆ ڕێگرتن لە کۆچی شار وا خەریکە دەوری شار دەگرێ، لە بەری ڕۆژهەڵاتەوە گەیشتە بنەسراوە و ڕێی کەسنەزان بە تۆپان دادەبێژێ، من ئێستا لەگەڵ دوو پێشمەرگە عادل عارەب و قاسم نۆکانی لە جادەی سێتاقانین، لە زەوی و ئاسمانەوە ئاگربارانە، شار گەڕەک گەڕەک ، پیادە و سوار، بە پانایی کۆڵان و جادە لە کۆچە، گوێم لێیە منداڵ دەڵێن:

هەڵێ هات، مجاهید هات.

بیرمکەوتەوە ئەوانە تاقمەکەی ڕەجەوین، کرێگرتەی سەدامن.

لە نزیک خەستەخانەی ( (سەدام)) سێ چوار چەکدار بازگەیان داناوە، هەر کەسێ چەکی پێبێ، گوێملێیە پێیدەڵێن:

فەرمانی بەرەیە، یان بگەڕێوە و شەڕی حوکمەت بکە، یان چەکەکەت دانێ و بڕۆ .

پیکابێ چەکیان هەڵداوەتەوە، لێیان چوومە پێش، یەکیانم ناسیەوە و ناسیمیەوە، بیستبووشم لەو ساڵانەی دوایی بووەتە جاش، گۆتم:

ئەو چەکانە لۆ چ سەرۆک جاشێ خڕدەکەیتەوە؟

زمانی تێکئالاّ و بازگەبەتالّی لێکرد، ئەو کوڕە دواتر بووە یەکێک لە بازرگانە گەورەکانی داودەرمان.

درەنگ داهات، لەشکری ئەنفال وا گەیشت، ترومبێلی چەکداران وەگ گولله بە رێی هەڵاتندا بۆی دەرچوون، پیادە زەحمەت دەربچێ، پێدەچێ ئەو خەڵکە هەموو بە دەست بگیرێن!

پێهەڵنەهێنین، لەشکر دەوری شار دەگرێ و هەینێ دەکەوینە شەڕی مان و نەمانەوە، دامانە گورگە لۆقە، رێی کەسنەزان ئاگر و ئاسنی بە سەردا دەبارێ، دامانەوە دەو رێ، دەستی چەپمان گرت و هەڵێ، بە کەلێنی تۆپاندا گەیشتینە دڵۆپە و بانیەکانی پشت کەسنەزانێ، لە مەترسی دەرچووین، ئاوڕدەدەمەوە شار لە ناو چڕەدووکەڵا کەوتۆتە گیانەڵا.

لە کانیەکەی دڵۆپە مەتارە پڕدەکەمەوە، کەمێ بە دیار کۆچەوە، کۆچی شارەوە، بە دیار رەوکردنی منداڵ و پەککەوتەوە دادەنیشم، وای چەند شەرمەزار و چاوبەرەژێرم، نازانم چۆن نابمە دڵۆپە ئاوێ و نارژێمە بن پێی کۆچەوە، بن پێی ئەو ژنێهێوە کە رووی لە چۆمە، بەرۆکی خۆی دادەدڕێ و نەفرەت بۆ سەدام و بەرە و زەوی و ئاسمان دەنێرێ، ئاخر منیش لە بن نەفرەتی ویم، لەوێ نەفرەتم لە خۆم و بەرە کرد،

هاتە سەرم گوللەیێ بە سەری خۆمەوە بنێم، بەڵام زاخی ئەوەم تێدا نەبوو .

ئێرە، هەورازە نەفتەیە، دوا هەناسەی ئەو بیست و حەفت رۆژەیە، بیست و حەفت رۆژی بەر بای ئازادی، دوا دێری کتێبی لە بەفرەوە بۆ گڕە، بەڵام چەند لاپەڕەیێ لەو کتێبە بزرە و لە کتێبی حەفت رۆژەی هەڵاتن دەیبینینەوە.

ئێرە هەورازە نەفتەی پشت کەسنەزانە، یەکەم هەنگاو و یەکەم دێری حەفت رۆژەی رێی هەڵاتن لێرەوەیە، هەڵاتنێ، کەس وێنەی نەگرت و بە کەس ناهێتە ڤەگێڕان.

دوادێر، عادل عارەب، بە عارەبی گۆ:

وا دیارە شار لە ئێمە نایە، دەبێ هۆرکەینەوە بۆ ناوزەنگێ.